دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکی فیدراڵ دا

کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ئۆرگانی حیزبی
دێموکراتی کوردستان

ژمارە ٦٠٦

شەممە
٣١ی خاکەلێوەی ١٣٩٢
٢٠ی ئاپریلی ٢٠١٣

نرخ: ١٥٠ تمەن

kurdistanukurd.com

### گەڵاڵەی سەنای ئەمریکا بۆ یارمەتیدانی ئیسرائیل لەبەرامبەر مەترسیی ئێراندا



٧٩ نوێنەری دێموکراتو کۆماریخوازی سەنای ئەمریکا گەڵاڵەیەکیان ئامادە کردوە کە دەوڵەتی ئەمریکا ئەرکدار دەکا لە ئەگەری هێرشی نیزامیی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، لە بواری نیزامی، سیاسیو ئابووریدا هاوکاریی ئەو وڵاتە بکا.

کومیتەی پێوەندییەکانی دەرەوەی سەنای ئەمریکا لە شەستو پێنجەمین ساڵی دامەزرانی ئیسرائیلدا گەڵاڵەیەکی ئامادە کردوە کە بەپێی ئەو گەڵاڵەیە بێتو ئیسرائیل ناچار بێ بۆ بەرگری لە تەواوەتیی خاکی وڵاتەکەی، خەڵکەکەیو مانی خۆی هێرشی نیزامی بکاتە سەر ئێران، ئەمریکا لە سەر شانیەتی لە بواری نیزامی، سیاسیو ئابووریدا هاوکاریی ئیسرائیل بکا.

بەپێی راپۆرتی «ئورشەلیم پۆست» رابێرت مێندز، سەرۆکی کومیتەی دەرەوەی سەنای ئەمریکا و سەناتۆر لیندزی دوو پشتیوانی سەرەکیی ئەو گەڵاڵەیەن کە لەلایەن ٧٩ نوێنەری دێموکراتو کۆماریخوازی سەنای ئەمریکاوە ئامادە کراوە.

# ژنان و پیاوانی پێشەنگی کوردستان سووکایەتی بە ژن قبووڵ ناکەن

### سووکایەتیی ئەمجارەی کۆماری ئیسلامی بە ژنان لە کوردستان، نارەزایەتیی لێکەوتەوە



سەعات ٦ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ١٣٩٢/١/٢٦ لە لایەن دادستانی شاری مەریوانەوە حوکمێک لە ژێر ناوی سزا بۆ تاوانبارێک لە شاری مەریوان بەڕێوە چوو. گۆیا ئەو کەسە تاوانبارە بە چەقۆکێشیو یاغیگەریو هێرشی کردۆتە سەر بنەماڵەیەک. دادستانی شاری مەریوان حوکمی ئەو کەسەی بەم جۆرە داوە: بە مەبەستی تەمبێکردنی ناوبراو، دەبێ ئەو کەسە لەبەر چاوی خەڵکو لە مەیدانێکی قەرەباڵغی شاردا بە رووسەریو جلوبەرگی کوردیی ژنانەوە (سوور) بە ماشێنی هێزە ئینتیزامییەکان بسوورێننەوە.

ئەو کردەوە شەرماوییە کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئێران لە شاری مەریوان بەڕێوەیان بردوە، ئەوپەڕی سووکایەتیی بە کەسایەتیی ژن بوو.

ئەوە یەکەم جار نیە دەبیسین کە لە کوردستان کەسێک بەم شێوەیە سزا دەدرێ. بەداخەوە ئەم کردەوە ناپەسەندە لە کوردستاندا لە رابردووشدا لە نێو خێڵە دواکەوتوو و نەریتپارێزەکاندا زۆر جار بۆ سزادانی پیاوێک کە هەڵەیەکی بەرانبەر بە بنەماڵەیەک یان خێڵێک کردوە ئەنجام دراوە. هەرچەند بەخۆشییەوە ئەم کردەوەیە لەمێژە لە مێژووی دابونەریتی کوردەواری سڕاوەتەوە، بەڵام دەسەڵاتو حاکمییەتی کۆنەپەرستو دژە ژنی کۆماری ئیسلامی دەیەوێ ئەم جۆرە کارە شەرماوییانە، نەک لە دژی بەقەولی خۆیان «اراذل و اوباش» بەڵکوو لە دژی ژنانی کوردستان بژیێنێتەوە. دیارە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەدرێژایی تەمەنی پڕلە شوورەیی خۆی بە پێی قانوونو ڕێوشوێنە کۆنەپەرستانەکانی، لە هیچ سووکایەتییەک بە ژنانی ئێران درێغی نەکردوە، بەڵام ئەوەی ئەمجارە ئەوپەڕی سووکایەتیو بێڕێزییە نەک هەر بە ژنی کورد، بەڵکوو بە کەسایەتیی مرۆڤی کورد بەگشتی.

بە هۆی ئەم سووکایەتیو بێڕێزییە بە ژنانەوە، پاشنیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ٢٧ی خاکەلێوە، خەڵکی ئازاو بەتایبەتی ژنانی وشیاری شاری مەریوان بە لەبەرکردنی جلوبەرگی سووری کوردیو دروشمدان لە مەیدانی شەبرەنگ کۆبوونەوە و بەرەو مەیدانی سەرباز وەڕێ کەوتن. هێزە ئەمنییەتییەکانو گاردی تایبەتی سەرکوت، هێرشیان کردە سەر خۆپیشاندەرانو بە لێدانو گرتنیان بڵاوەیان پێکردن. هەر لەم پێوەندییەدا سێ ڕێکخراوی ئەنجومەنی ژنانی مەریوان، خوێندکارانی پەیامی نووری مەریوانو ئەنجومەنی ئەدەبیی « نێ» بەبڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشو ناردنی نامە بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، ڕایانگەیاندوە کە بێدەنگ بوون بەرامبەر بەو سوکایەتییەی بە ژنان کراوە، خەیانەت بە کۆمەڵگای ئینسانییە.

## سووککردنی ژن، ئەتککردنی مرۆڤایەتی

قادر وریا

بڕیاری ئەم دوایانەی بە ناو دادگای مەریوان، کە سزای دەبەرکردنی جلوبەرگی ژنانەو گێڕان بەو جلانەوەی بە بەرچاوی خەڵکدا بە سەر پیاوێکی تاوانباردا سەپاند، دژکردەوەی توندی چەند بەشێک لە کۆمەڵگەی مەدەنیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەدواوە بوو. لەلایەکەوە خەڵکێک بە پیشەنگیی ژنان لە مەریوان بۆ نارەزایەتی دەربڕین لەم کردەوەیە هاتنە سەر شەقام کە لە گەڵ پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو بوون. لە لایەکی دیکەوە ژمارەیەکی بەرچاو لە چالاکانی فەرهەنگیو سیاسی، بە نووسین لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانداو بە پۆشینی جلوبەرگی ژنانە، بەرەوڕووی ئەم سووکایەتییە هەمبەر بە شەئنو حورمەتی ژن، وێستانەوە.

دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی کابرای سزادراو بە پۆشینی جلوبەرگی ژنانەیان بە یەکێک لە «اراذلو اوباش» ناو بردوە. بە پێی پێناسەکانی خەڵکو دەزگا حکوومەتییەکانیش،»اراذل و اوباش» ئەو تاوانبارانەن کە تاوانی کۆمەڵایەتیی وەک دزیو ڕاورووت بە سوودوەرگرتن لە چەکو دەستدرێژی بۆ سەرماڵو ئابڕووی خەڵک ئەنجام دەدەن.

لێرەدا لەوە دەگەڕێم کە مەترسیدارترین «اراذلو اوباش»ی کۆمەڵگەی ئێران، ئەوانەن کە ئەو ڕێژیمە لە نیو دامودەزگاکانی وەک بەسیجو دامەزراوە سەرکوتکەرەکانی سەر بە سوپای پاسدارانو وەزارەتی ئیتلاعات، دایمەزراندوونو کاتی بەرەوڕووبوونەوەی خۆپێشاندانەکان، بە گژ خەڵکیاندا دەکا. زۆر لە سەر ئەوەش ناڕۆم کە بەدناوترین جاشو سیخوڕەکانی ئەو ڕێژیمە لە کوردستان، کە بێپەروایانە هەڵدەکوتنە سەر ماڵ گیانو ئابڕوو و کەرامەتی دانیشتووانی کوردستان، ئەرازلو ئەوباشێکن کە سەر بە سوپاو بەسیجو ئیتلاعاتن، پلەو پایەو مووچەیان هەیەو هیچکەسو دامەزراوەیەکیش لەسەر تاوانەکانیان دەستیان وەبەر نایەنێ!


سەپاندنی سزای دەبەرکردنی جلوبەرگی ژنانە بە سەر پیاوێکی تاوانبارداو گێڕانی بە بەرچاوی خەڵکەوە، بە رواڵەت بۆ ئەتککردنی تاوانبارەکەو عیبرەتگرتووکردنی ئەو کەسانە بووە کە تاوانی هاوشێوەی ئەو کەسە لە نێو کۆمەڵدا ئەنجام دەدەن. خۆ ئەو بە ناو دادگایەو دامودەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی، سزای دیکەیان هەبوو بە سەر کابرایدا بسەپێنن، بەڵام ئەوان بە خەیاڵی خۆیان سزایەکیان هەڵبژاردوە کە بۆ تاوانبار لە مردن ناخۆشترو بۆ»اراذلو اوباش»ی دیکەی نیو کۆمەڵیش پڕدەرسوعیبرەتترە. سزایەک کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئەو پەڕی سووکایەتیی تیدایە، چونکە «پیاو»ی تاوانبار تا ئاستی «ژن» نزم دەکرێتەوە!

دژکردەوەی ژنانی پێشەنگی مەریوانو خەڵکێک کە بۆ پشتیوانی لە نارەزایەتیی ئەوان لەم سزا پڕشوورەییەی دادگاو دامودەزگاکانی ریژیم لەو شارە هاتنە سەر شەقام، یان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هاوهەڵوێستییان لە گەڵ ئەوان نواند، ڕاگەیاندنی شەڕی کەلتوورێک لە دژی کەلتوورێکی دیکە بوو. شەڕی کەلتوورێکی ئینسانی، پێشکەوتنخوازانەو مرۆڤتەوەرانە بوو لە دژی کەلتوورێکی دواکەوتووانەو دژەمرۆیییانە.

ل ؟؟؟؟؟


ستراتێژی ئێران و وتووێژەکان
٥


دەستەبەندییەکانی نێوخۆیی کۆماری ئیسلامیو دووره دیمەنی هەڵبژاردن
٥


جینۆساید: دەرفەت و بەربەستەکانی سەر ڕێگای دادخوازیی کورد
٦


ئاورێک لە ڕووداوەکانی دە ساڵی ڕابردووی عێراقو کوردستان لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعس،
لە دیمانەیەک لەگەڵ دوکتور مەحموود عوسماندا
٧


نیزامی کۆماری ئیسلامیو سیستمی کۆماری
٨

### سێ ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ:

## با ١ی مای ئەمساڵ، بکرێتە ڕۆژی هاوپیوەندی لەگەڵ کۆڵبەرانی کوردستان

«کۆمەلەی مافی مرۆڤی کورد»، «ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان» و کۆمیتەی ڕۆژهەلاتی کوردستانی «کوردۆسایدواچ»، لە بەیاننامەیەکدا کە لە پێشوازی ١ی مانگی مای دا بڵاویان کردۆتەوە، داوایان کردوە ڕۆژی ١ی مای ئەمساڵ بکرێتە ڕۆژی هاوپیوەندی لە گەڵ کۆڵبەرانی کوردستان.

ئەو سێ ڕێکخراوە ویڕای پیرۆزبایی ڕۆژی جیهانیی کریکاران، ئاماژەیان بە کوشتنی ڕۆژانەو یەک بە دوای یەکی کۆڵبەرانی کورد لە لایەن هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامیی لە ناوچە سنوورییەکان کردوە. ئەوان داوا لە ویژدانە بەخەبەرەکان، حیزب و ریکخراوە سیاسییەکان، کۆمەڵە کرێکارییەکانو ڕێکخراوەکانی داکۆکی لە مافە مەدەنیو مرۆییەکان دەکەن ڕۆژی یەکی مای بکەنە ڕۆژی هاوپیوەندی لە گەل کۆڵبەرانی کوردستان.




لە بەیاننامەکەدا هاتوە، کۆڵبەرانی زەحمەتکێشی کورد لە هەر چەشنە یارمەتییەکی کۆمەڵایەتی وەک حەقی بیمە، مافی خانەنشینی، مافی بێکاری و پێراگەیشتنی دەرمانی بێبەشن و لە ڕاستیدا دەسکورتترتن توێژی کۆمەڵی ئێرانن کە سەرەڕای ئەو بێمافییە ئاشکرایە، نابێ بە گوڵلەی هیزەنیزامییەکانو سەبارەت بە پەیداکردنی بژیوی ژیانو بەرێچوونی بنەماڵەکانیان، هەر ڕۆژەی گیانی ژمارەیەکیان بستێندرێ.



کۆیە / منداڵانی قوتابخانەی بنەڕەتی «ڕۆژهەڵات» بەشدارییان لە ڕێژەی ساڵانەی قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان دا کرد.

### نیگەرانیی قووڵی شووڕای هاوکاریی کەنداوی فارس

## سەبارەت بە شوێنەواری بوومەلەرزە لەسەر نیرووگای ئەتۆمی بووشێهر



بە دوای بوومەلەرزەکەی ئەم دواییانەی بووشەهر، وڵاتانی عەرەبیی ئەندامی شووڕای هاوکاریی کەنداوی فارس، داوایان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کردوە کار بۆ پشکنینی نیرووگای ئەتومیی ئێران بکا بۆ ئەوەی لە ئەگەری زیانەکانی ئەم بوومەلەرزەیە لەسەر ئەم نیرووگایە دڵنیا بن.

کۆبوونەوەی نائاسایی وڵاتانی شووڕای هاوکاریی کەنداوی فارس، بۆ تاوتوێکردنی دەرئەنجامەکانی بوومەلەرزەی ئەم دواییانەی بووشەهر لەسەر ژینگەو جوغرافیای دەوروبەری، بەئامادە بوونی بەرپرسانی شەش وڵاتی ئەندامی ئەم شووڕایە، لە ریاز، پێتەختی عەرەبستان بەڕێوەچوو.

جێی باسە پێشتریش شووڕای هاوکاریی کەنداوی فارس، رەخنەی لە جێگیرکردنی نیرووگای ئەتۆمی لە بووشەهر گرتبووو لە بابەت چالاکیە جێیگومانە ئەتۆمییەکانی ئێرانەوەو کاربەدەستانی ئەو وڵاتەی وریا کردبۆوە، بەڵام بەوتەی بەڕێوەبەری گشتیی ئەم شووڕایە، ئێران تا ئێستاش هیچ وەڵامێکی بە نیگەرانیی دراوسێ عەرەبەکانی خۆیو هەروەها کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سەبارەت بە پەروەندە ئەتۆمییەکەی نەداوەتەوە.

کوردستان
٢
ژمارە: ٦٠٦
٣١ی خاکەلێوەی ١٣٩٢
٢٠ی ئاوریلی ٢٠١٣
هەواڵ و راپۆرت

## بەڕێوەچوونی ریوڕەسمی ڕۆژی شەهیدان لە شاری ئۆرێبرۆی سۆئێد

کۆمەڵەی کەلتوریی کوردی لە شاری ئۆرێبرۆی سۆئێد بە هاوکاریو پشتیوانیی نوێنەرایەتیی زۆربەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لەو شارە ریورەسمێکی بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی کوردستانو لە سەرووی هەموویانەوە پێشەوا قازی محەممەد پێکهێنا.

لەو رێوڕەسمەدا تاهیر عەلیار، چاوەدێری سیاسیی کورد لە وتارێکی پوختدا بوارەکانی پێکهاتنی کۆماری کوردستانو حکوومەتی ئازەربایجان لە ساڵی ١٣٢٤داو هەروەها هۆیەکانی شکستی ئەو دوو حکوومەتەی خستە بەرباس.

ناوبراو لە باسی هۆکارە دەرەکییەکاندا ئاماژەی ڕاستەوخۆو تایبەتیی بە ڕۆڵی نەرێنیی یەکیەتیی سۆڤیەتی ئەو کات کردو گتی کە بە پێی بەڵگە مێژووییەکان یەکیەتیی سۆڤیەت هەر دوو حکوومەتی کوردستانو ئازەربایجانی فیدای بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی کردو لە بەردەوامیی باسەکەیدا بە رێزەوە باسی لە فیداکاریی شەهیدانی کۆمارو سەرقافڵەی ئەو کاروانە، واتە پێشەوا قازی محمدو هاوڕێیانی کرد.

شایانی باسە لەو رێورەسمەدا کە بەبەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە بنەماڵەی شەهیدان لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەڕێوە چوو، کومیتەی سۆئێدی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بەشدار بوو.

سلێمانی

# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی دامەزرێنەری کومیتەی پرسی کورد لە ئەنتێرناسیۆناڵ سۆسیالیت



ڕۆژی١٢ی ئاوریلی ٢٠١٣، ڕێکخراوی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست بە میوانداریی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یەکەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ئەو ڕێکخراوە بۆ پرسی کوردی لە شاری سلێمانی بەڕێوە برد.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە بە بەشداریی ٢٢ حیزبی کوردستانی لە هەر چوار پارچەی کوردستانو یەک لەوان هەیئەتێک لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزب بەڕێوە چوو، سەرەتا لویس ئەیالا سکرتێری گشتیی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست لە وتەی کرانەوەی کۆبوونەوەکەدا وێڕای بەخێرهێنانی بەشداران، ئامانجو چوارچێوەی کاری کۆبوونەوەکەی روون کردەوە. بەڕێز ئەیالا پاش وەبیرهێنانەوەی مێژووی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیستو ئەو ئامانجو ئیدئالانەی لەبواری عەدالەت و ئازادیدا ئەو ڕێکخراوە لە جیهاندا بۆیان تێدەکۆشێ، ئیشارەی بە رابردووی هاوپێوەندیی نێوان ئەو ڕێکخراوهو گەلی کورد کردو لەو پێوەندییەدا ڕێبەرانی شەهیدی حیزبی دێموکرات دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندیی وەک بەشێک لەو سەرمایانەی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست ناوبرد کە لەڕاستیدا لەپێناوی ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوەدا گیانیان لەدەست داوە. ئینجا ناوبراو ئاماژەی بە بارودۆخی کورد لە هەر کام لە پارچەکانی کوردستان کردو لەپێوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پشتیوانیی ڕێکخراوەکەی لە خەباتی کورد لە ئێران دووبارە کردەوهو جەختی لەسەر زەروورەتو رەوایی وەدیهاتنی ویستی ئازادیو دێموکراسی لە ئێراندا کرد. لە کۆتایی قسەکانیدا لویس ئەیالا مەبەست لە کۆبوونەوەکەو چوارچێوەی کارەکانی شی کردەوهو باسی ئەوەی کرد کە ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست بۆ گرنگیزیاتربەخشین بە پرسی کورد لە کۆنگرەی دوایی خۆیدا کە لە کەیپ تاونی ئەفریقای جنووبی گیرا بڕیاری داوە گرووپی کاری کوردان بگۆڕێ بە کۆمیتەی پرسی کورد لە ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست هەتا وەک ئۆرگانێکی ڕەسمیی ئەو ڕێکخراوهو بەشێوەی نەهادینەیی کار لەسەر پرسی کورد بکا.

پاشان مەلا بەختیار کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەناوی لایەنی میوانداری کۆبوونەوەکەوە بەخێرهێنانی بەشدارانی کردو وتەیەکی پێشکەش کرد کە لەودا وێڕای ئاماژە بە بارودۆخی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستانو هەلومەرجی نوێی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو پێویستیی یەکگرتنو هەماهەنگیی هەموو کورد، ئیشارەی بەوە کرد کە ئەگەر سەردەمی پێشوو سەردەمی حکوومەتەکان بوو، سەردەمی ئێستا سەردەمی گەلانە، هەربۆیە پێویستە ئەو حیزبە کوردییانەش کە لە ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیستدا بەشدارن، وەک نوێنەرانی کوردو کوردستان لەوێدا تۆمار بکرێن نەک وەک حیزبی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش بووە.

پاش پەسندکرانی بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکە، تەوەری یەکەمی کارەکانی کۆبوونەوەکە کە تایبەت بوو بە باسو گفتگۆ لەسەر وەزعییەتی کورد لە هەر کام لە پارچەکانی کوردستان، بەڕێوە چوو کە لەو بەشەدا نوێنەرانی حیزبە کوردییەکانو هەروەها خانمی پۆلینا لامسا نوێنەری جۆرج پاپاندریۆ سەرۆکی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست وتاریان پێشکەش کردو لە باسەکانیاندا وێڕای خستنەڕووی تازەترین فاکتەکانی پێوەندیدار بە دۆخی کورد لە هەر بەشێکی کوردستان، پێشوازییان لەو بڕیارەی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست بۆ بایەخدانی زیاتر بە پرسی کورد کردو ئەوەیان وەک پلاتفۆرمێکی بەنرخ بۆ دیالۆگی نێوخۆیی کوردەکانو پەرەپێدانی تۆڕی پێوەندیو لۆبیگەریی کورد لە جیهانی دەرەوەدا چاو لێکرد.

لەو بەشەدا بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتاری خۆیدا وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیو پشتیوانیی حیزبی دێموکرات لەوە کە ڕێکخراوی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست فۆرۆمێکی ئاوا بەرفراوانی بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە حیزبە کوردییەکان پێکهێناوهو بڕیاریشی داوە سەنگی زیاتر بە دەنگی کورد لەو ڕێکخراوەدا ببەخشێ، رابردووی پێوەندیو هاوکاریی نێوان حیزبو ئەنترناسیۆنال سۆسیالیستی بیر خستەوە. بەڕێز عەزیزی وێڕای ئاماژە بە ئامانجەکانی خەباتی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، ڕایگەیاند کە ئەو ئامانجانە لەگەڵ بنەماکانی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست تەباو گونجاون‌و هەربۆیە بە لەبەرچاوگرتنی گرنگییەک کە پرسی کورد لە سەردەمی ئێستادا پەیدای کردوە، جێی خۆیەتی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست چالاکبوونی زیاتر لەسەر مەسەلەی کورد بکاتە ئامرازێک بۆ گێڕانی نەخشێکی ئەکتیڤتر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستداو بەمچەشنە کورد ببێتە پردو ئەڵقەی پێوەندیی نێوان ئەنترناسیۆنال‌و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش بووە.

تەوەرێکی دیکەی کاری کۆبوونەوەکە پێکهێنانی هەیئەتی کارگێڕیی کۆمیتەی پرسی کورد لە ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست بوو. لەو بەشەدا سەرەتا بەڕێز ئەیالا ئەو پرەنسیپانەی ئەنترناسیۆنالی شی کردنەوە کە پێویستە لەکاتی دیاریکردنی بەڕێوەبەریی کۆمیتەکانی لەم چەشنەدا لەبەرچاو بگیرێن‌و ئەلترناتیڤە جۆربەجۆرەکانی پێکهاتەی ئەو هەیئەتەی خستەڕوو.

پاشان لە پەراوێزی کۆبوونەوەکەداو بەمەبەستی گەیشتن بە تەوافوقێک لەو بارەیەوە بۆ قۆناغی دەسپێکی کۆمیتەکە، کۆبوونەوەیەکی راوێژکاری بەبەشداریی بەڕێزان لویس ئەیالاو مەلابەختیارو خالید عەزیزیو حەسەن شەرەفیو نەزمی گوور (نوێنەری بەدەپە) بەڕێوە چوو. دواتر لە کۆبوونەوەی گشتیدا بەرهەمی ئەو تەوافوقە بە پەسندی کۆبوونەکە گەیشت کە بریتی بوو لە دیاریکردنی نوێنەری یەکیەتیی نیشتمانی وەک بەرپرسی کۆمیتەکەو نوێنەرانی هەریەک لە بەدەپەو حدکا وەک جێگری بەرپرسی کۆمیتەکە.

تەوەری دواتری کاری کۆبوونەوەکە تەرخان کرابوو بۆ باسو گفتگۆ لەسەر پەسندکردنی نێوەڕۆکی بڕیارنامەی کۆتایی. لەو بەشەدا بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمەڵێک بابەتی لەپێوەندی لەگەڵ پشتیوانیی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست لە چارەسەری کێشە هەڵپەسێراوەکانی نێوان هەرێمی باشووری کوردستانو حکوومەتی عیراق، پێشوازی لە فازی تازەی وتووێژو دیالۆگ لەنێوان بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستانو دەوڵەتی تورکیە، بەڕەسمی ناسینی جێگهو پێگەی کورد لە ئەلترناتیڤسازی بۆ ڕێژیمی بەشار ئەسەدو پێویستیی چارەسەری دێموکراتیکو ئاشتیخوازانەی پرسی کورد لە ئێران‌و سەنگ بەخشین بە نەخش‌و جێگەی کوردو نەتەوەکانی دیکەی ئەو وڵاتە لە پرۆسەی هەنگاونان بەرەو ئازادیو دێموکڕاسی لەو وڵاتەدا خستەڕوو بۆ ئەوەی لە بڕیارنامەی کۆتاییدا بگونجێندرێن.

لە کۆتاییدا بەرنامەی کارو چالاکیی داهاتووی کۆمیتەی پرسی کورد لە ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست باس‌و گفتگۆی لەسەر کراو لەو پێوەندییەدا کۆمەڵێک پێشنیاری بەکەڵک لەلایەن بەشدارانەوە خرانە ڕوو.

شایانی باسە پاش تەواوبوونی کۆبوونەوەکە، ئێوارەخوان‌و رێورەسمێکی هونەری بە بەشداریی سەرجەم میوانەکان بەڕێوە چوو.

# کۆبوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانو پارتی کرێکارانی کوردستان(p.k.k)



حیزبی دێموکراتی کوردستانو پارتی کرێکارانی کوردستان (پ ک ک) بە مەبەستی بیروڕاگۆڕینەوە لە سەر چەند پرسێکی پێوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتو باکووری کوردستان لە دەوری یەک کۆ بوونەوە.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ٢٦ی خاکەلێوەی ١٣٩٢، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە لایەن هەیئەتێکی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ ک ک) ەوە بە سەرپەرستیی موراد قەرەیلان، سەرۆکی کۆما جڤاکێن کوردستان، لە هەرێمی قەندیل بە گەرمیی پێشوازیی لێکرا.

لە سەرەتای ئەم دیدارو چاوپێکەوتنەدا وێڕای بەخێرهێنانی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن هەیئەتی خانەخوێوە، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە پێوەندی لە گەڵ پرۆسەی ئاشتی لە تورکیەو دانوستانی نێوان دەوڵەتو عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستانو دۆزی کورد لە باکووری کوردستان، خوێندنەوەو ڕاو بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی هێنانە بەرباس‌و، هەر لەم پێوەندییەدا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان تیشکی خستە سەر هەوڵەکانی ڕێبەریی حیزبەکەی بۆ تێگەیاندنی لایەنە پێوەندیدارەکان لە چۆنیەتیی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە تورکیە.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەی لەگەڵ موراد قەرەیلاندا، سەرۆکی کۆماجڤاکێن کوردستان، بە ئاماژەدان بە ڕکەبەرایەتیی نێوان هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان، راشکاوانە باسی لە پیلانی دەوڵەتانی ناوچەکەو یەک لەوان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کرد کە هەوڵ دەدەن‌و پیلان دادەڕێژن کە کەلێنی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان گەورەتر بکەنەوەو بە گشتی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردی پێ لاواز بکەن.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆتایی قسەکانی دا وێڕای پێداگریی لە سەر پێوەندیی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانو پارتی کرێکارانی کوردستان (پ ک ک) و درێژەدان بە پێوەندیی دۆستانەو نەتەوەیییانەی هەردوو لا لە گەڵ یەکتری، بە ئاماژەدان بە خەباتی نزیک بە حەوت دەیەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو رۆڵی ڕێبەرانی شەهیدی لەم بزووتنەوەیەدا، راشکاوانە پێی لە سەر پرەنسیپێکی دیاری بزووتنەوەی سیاسیی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بریتییە لە دەستێوەرنەدانی هێزی پارچەکانی کوردستان لە کاروباری یەکتریدا، داگرتەوە.

لە درێژەی دیدارەکەی نێوان هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانو پارتی کرێکارانی کوردستان (پ ک ک) دا موراد قەرەیلان، سەرۆکی کۆما جڤاکێن کوردستان، وێڕای تەئییدی زۆربەی نیزیک بە تەواوی بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر باسەکان، بە وردی راپۆرتێکی لە پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی پرۆسەی دانوستانی (پ ک ک) لە گەڵ دەوڵەتی تورکیەو دواتر وتوێژەکانی دەوڵەتی ئەردۆغان لە گەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان‌و پەیامە نەورۆزییەکەی ناوبراو پێشکەش کرد.

سەرۆکی کۆماجڤاکێن کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا هاتە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستانو داهاتووی مەسەلەی کورد لەم بەشە لە خاکی نیشتمان‌و بە سەرنجدان بە بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی کورد لە باکوورو مەترەحبوونی قەزیەی کورد لە ڕۆژاوای کوردستان، پێیان وابوو ئاڵوگۆڕەکان لە بەرژەوەندی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندان.

قەرەیلان لە درێژەی قسەکانیدا باسی لە رۆڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانو رۆڵی ڕێبەرانی شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەت ڕێبەران؛ پێشەوا قازی محەممەدو شەهید قاسملوو لە خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کردو پێداگریی لە سەر یەکگرتوویی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان کردەوە.

لە کۆتاییدا هەردوو هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانو پارتی کرێکارانی کوردستا (پ ک ک) پێیان لە سەر پێوەندیی دۆستانەو نەتەوەیییانەی نێوان هەردوو لا داگرتەوەو یەکگرتوویی هێزەکانی هەرچوار پارچەی کوردستانیان لە ئاستی سیاسەتی گەورەدا بە ئەرکی نەتەوەیی دانا.

# سەردانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە حیزبی دێموکراتی کوردستان



دوو هەیئەتی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانو کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لە گەڵ چەند پرسێکی تایبەت بە باکوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و ئێران بیروڕایان گۆڕیەوە.


پیشنیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە، ڕێکەوتی ٢٧ی خاکەلێوە، هەیئەتێکی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی عەبدوڵڵا موهتەدی، سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی ناوبراو سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کردو لەلایەن هەیئەتێکی حیزبەوە بە سەرپەرستیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشوازیی لێکرا.

لەو دیدارەدا هەردوو هەیئەت بە هێنانەبەرباسی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیەو دانوستاندنی دەوڵەت لە گەڵ ئۆجەلان‌و پارتی کرێکارانی کوردستان، پێیان وابوو کورد لە باکووری کوردستان پێویستە بە ئاگایی زیاترەوە لە بارۆدۆخەکە بە قازانجی پرسە رەواکەی کەڵک وەربگرێ‌و پشتیوانیی خۆیان بۆ پرسی کورد لەم بەشە لە خاکی نیشتمان دووپات کردەوە.

لە درێژەی باسەکانی ئەو دیدارەدا هەردوو هەیئەتی حیزبی دێموکراتو کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە ئاماژەدان بە کاریگەریی گۆڕانەکانی تورکیەو سووریە لە سەر ئێران‌و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هاوهەڵوێستیی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بە ئەرکێکی نەتەوەیی زانی‌و بە رەخنە گرتن لە قەیرانی لێکترازانەکان جەختیان لە سەر بە پراکتیککردنی هەست کردن بە پێویستیی یەکیەتی‌و یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکان کردەوە.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەیاندا هەردوو هەیئەتی کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران‌و حیزبی دێموکراتی کوردستان پرسی هەڵبژاردنەکانی خولی یازدەهەمی سەرکۆماریو هەروەها هەڵبژاردنەکانی شووراکانیان هێنایە بەر باس‌و دوای لێکدانەوەیەکی وردی بارودۆخی سیاسیو ئابووریی ئەمڕۆی ئێران‌و قسەکردن لە سەر تەیفبەندییە سیاسییەکانی نێوخۆی ئێران، پێیان وا بوو دەبێ هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گرتنە پێشی هاوهەڵوێستی لەم پێوەندییەدا هەوڵ بدەن لە مەسەلەکە بە قازانجی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان کەڵک وەربگرن‌و هەر لەم پێوەندییەدا بە نزیکبوونەوە لە وادەی هەڵبژاردنەکان بڕیار درا ڕێبەریی هەردوو لا زووبەزوو لە بیروبۆچوونی یەکتری ئاگادار بکرێنەوە.

# سەردانی کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان



ڕۆژی شەممە ١٣٩٢/١/٢٤ کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسیی ڕۆژهەڵاتو باشووری کوردستان لە سەر بانگهێشتی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان کردو لەلایەن هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبەوە بە سەرپەرستیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشوازیيان لێکرا.

لەو دیدارە دۆستانەیەدا کۆمەڵێک پرس‌و بابەتی سیاسی لەلایەن هەیئەتی حیزبو عەلی قازی، کوڕی پێشەوا قازی محەممەدو ئەندامانی دیکەی هەیئەتی میوانەوە خرانە بەرباس‌و تاوتوێ کران.

کوردستان
ژماره: ٦٠٦
٣١ی خاکەلێوەی ١٣٩٢
٢٠ی ئاوریلی ٢٠١٣



## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی کوردستان لە وڵاتی فینلاند

کومیتەی فینلاندی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەرێورەسمێکدا یادی شەهیدانی کوردستانی بەرز ڕاگرت.

ئەو ڕێوڕەسمە کە ئێوارەی ڕۆژی شەممە، ١٧ ی خاکەلێوە بەبەشداریی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانو نوێنەرانی حیزبو رێکخراوە کوردستانییەکان بەڕێوە چوو، بە سروودی ئەی شەهیدان لە لایەن کیژانو کوڕانی یەکیەتیی لاوانو راگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی حیزب دەستی پێکردو دواتر مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسی بەو بۆنەیەوە وتارێکی پێشکەش کرد.

لە بەردەوامیی ڕێوڕەسمەکەدا پەیامی هاوبەشی کومیتەی حیزبو رێکخراوە کوردستانییەکان لەلایەن مامۆستا حەکیمەوە خوێندرایەوەو لە برگەیەکی دیکەی ڕێورەسمەکەدا پەیامی بنەماڵەی شەهیدان بەو بۆنەیە لەلایەن ئاوات حەسەنپوورەوە پێشکێش کرا.

شایانی باشە ساڵۆنی بەرێوەچوونی رێورەسمەکە بە وێنەی بەشێکی بەرچاو لە شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچە جیاجیاکان ڕازابۆوە کە سەرنجی بەشدارانی ئەم یادەی بۆ لای خۆی راکێشا.

# کۆبوونەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان



لە دیداری نێوان شاندێکی رێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستانو رێبەریی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستاندا دوایین ئاڵوگۆڕەکانی کوردستان، ئێرانو ناوچە تاوتوێ کران.

لە دیدارێکدا کە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٩ی خاکەلێوە لە نێوان شاندێکی رێبەریی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی خالید عەزیزیو رێبەریی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرۆکایەتیی عومەر ئیلخانیزادە پێک هات، دوایین ئاڵوگۆڕەکانی کوردستان، ئێرانو ناوچە کەوتنە بەر باسو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

لەم دیدارەدا دوایین ئاڵوگۆڕەکانی پێوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئێران لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریو شوراکانی شارودێدا تاوتوێ کرانو دەورو قورسایی کورد وەک فاکتۆرێک لە سەرجەم ئاڵوگۆڕەکاندا هەڵسەنگێندرا.

لەم پێوەندییەدا هەر دوو لایەن بەتایبەت پێداگرییان لەسەر پێویستیی بەهێزکردنی فاکتۆری کورد کردەوەو لەم بارەیەوە هاوهەڵوێستیی هێزە سیاسییەکانیان بە مەرجی سەرەکی لە قەڵەم دا.

لە بەر ڕووناکایی ئەم لێکدانەوە هەمەلایەنەیەدا دوو لایەن وێڕای پێداگرتنەوە لەسەر پێویستیی پتەوکردنی پێوەندیی نێوانیانو پێوەندیی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، هەروەها پێویستیی هاوهەڵوێستیو دروستکردنی میکانیزمی گوتاری هاوبەشو کاری هاوبەشیان لەم پێوەندییەدا بە مەرجی سەرەکی دانا.

لەمبارەیەوە ساخبوونەوە لە پێناوی دروستکردنی کۆدەنگی لە نێوان هێزە سیاسییەکاندا هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ.

# بەڕێوەچوونی سمیناری «ڕووناکبیر کێیەو ئەرکی هێزە سیاسییەکان چیە»؟



کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو فێرکردنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕۆژی سێشەممە، ٢٠ ی خاکەلێوە سمینارێکی لە ژێر ناوی ڕووناکبیر کێیەو ئەرکی هێزە سیاسییەکان چیە؟دا بۆ ئارەش لوڕستانی، پێشمەرگەو راگەیەندکاری حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوە برد.

لەو سمینارەدا کە بە بەشداریی دەیان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بەڕێوەچوو، ئارەش لوڕستانی لە دوو پانێلدا باسەکەی پێشکێش کرد.

لە پانێلی یەکەمی سمینارەکەدا ئارەش لوڕستانی وێڕای پێناسەی چەمکی ڕووناکبیر لە بەستێنی زەمەنیدا، گرینگیی ڕۆڵی ڕووناکبیری لە سەر ڕەوتە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا شی کردەوەو وێڕای تیشکخستنەسەر هێزی سیاسی وەک فاکتۆرێکی شوێندانەر لەسەر ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا؛ تایبەتمەندیو خاڵی هاوبەشی نێوان ئەو دوو لایەنەی شی کردەوە.

لەو سمینارەدا ڕووناکبیرو هێزی سیاسی بە دوو فاکتەری گرینگی کۆمەڵایەتی بۆ گەیشتن بە دێموکراسیو خۆشبژیوی دانرانو هۆکارەکانی بە ئاکام نەگەیشتنی شۆرشی ساڵی ٥٧ و سەرهەڵدانی قەیرانەکانی ئێستای کۆمەڵگای ئێران بۆ ناهاوسەنگیو بەدوادانەچوونی دوو ڕەوتی ڕووناکبیریو هێزە سیاسییەکان گەڕێندرایەوە.

ئارەش لۆڕستانی لە پانێلی دووهەمدا ئەرکی ڕووناکبیر لە نێو حیزبە سیاسییەکانو یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی خستە بەرباسو بەشی کۆتایی سمینارەکەش بۆ پرسیارو سەرنجی بەشداران تەرخان کرا.

**درێژەی لاپەڕی ١:**

## ئەتککردنی ژن، ئەتککردنی مرۆڤایەتی

«بە ژن شوبهاندن»و لە «بەرگی ژنانە»دا پێشاندانی تاوانباران لە کەلتووری بەسووکسەیرکردنی «ژنان» ەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەمەش ئەو کەلتوورەیە کە سەرخانی کۆماری ئیسلامیی پێک هێناوەو بووە بە پشتیوانو هاندەری درێوترین جۆری هەڵاواردن لە دژی ژنان، بووە بە رێخۆشکەرو بوارڕەخسێنی کوشتن بە ناوی «شەڕەف»و بێبەشکردنی ژنان لە سەرەتاییترین مافە ئینسانییەکانیان، بووە بە پشتیوانی فرەژنیو سەیرکردنی ژنان وەک کاڵایەکی جینسی.

کوردستان، لە مێژ ساڵە هەڵگری ئاڵای دیموکراسیخوازیو داواکاری ئازادژیانەو بە شانازییەوە لە سەنگەری شەڕو ململانێ لە گەڵ کۆنەپەرستیو دیکتاتۆریو زۆرداریدایە. مرۆڤدۆستیو مرۆڤتەوەربوون بەشێکی جیانەبۆو لە دێمۆکراسیخوازیو ئازادژیانن. بەسووکسەیرکردنی ژنان، بەسووکسەیرکردنی مرۆڤایەتییەو کۆمەڵگەو نەتەوەیەک کە دەیانەوێ ئازاد بن، دەبێ شانبەشانی شەڕی ستەمی سیاسیو ئابووریو نەتەوەیی، شەڕی کەلتووری دواکەوتووانەو دژە مرۆییانەش بکەن. لە کەلتوورێکی مرۆیانەو مودێڕندا، نەک سووکایەتی بە ژن، جیگایەکی نیە بەڵکوو، تاوانبارانیش خاوەنی کۆمەڵێک مافی تایبەت بە خۆیانن کە هەر قازیو دادوەرو کاربەدەستێک بۆی نیە بە پێی ئیشتیاو ئارەزووی خۆی، سزایان بۆ ببڕێتەوەو هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکا.

**کوردستان، لە مێژ ساڵە هەڵگری ئاڵای دیموکراسیخوازیو داواکاری ئازادژیانەو بە شانازییەوە لە سەنگەری شەڕو ململانێ لە گەڵ کۆنەپەرستیو دیکتاتۆریو زۆرداریدایە. مرۆڤدۆستیو مرۆڤتەوەربوون بەشێکی جیانەبۆو لە دێمۆکراسیخوازیو ئازادژیانن.**

# دیدارو چاوپێکەوتنەکانی نوێنەرایەتی حیزب لە هەولێرو سلێمانی











**هەیئەتێکی پارتی کرێکارانو رەنجدەرانی کوردستان لە لایەن دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری هەولێری پایەختی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لێ کرا.**

رۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ١٨ی خاکەلێوەی ١٣٩٢ هەیئەتێکی پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان بە سەرپەرستی رزگار ڕەسول، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی پەیوەندی یەکانی ئەو پارتە، سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی لە شاری هەولێر کردو لە لایەن برایم زێوەیی، بەرپرسی نوێنەرایەتیی حیزب لە هەولێرو حەسن کاکیلی، کادری پێوەندییەکانەوە، پێشوازیی لێ کرا.

لە دانیشتنی هەردوو هەیئەتدا، سەرەتا لە سەر دۆستایەتیو پەرەپێدانی پێوەندیی دوو لایەنە پێداگری کراو نێزیکایەتی هێزە کوردی یەکان بە پێویستی یەکی هەنووکەیی لە قەڵەم درا. دواتر هەردوو هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانو پارتی کریکارانو رەنجدەرانی کوردستان کۆمەڵێک پرسی تایبەت بە کوردو کێشە رەواکانیان تاوتوێ کرد.

***

**هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە هەولێر سەردانی بەشی پێوەندییەکانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانی کرد.**

رۆژی دووشەممە ٢٦ی خاکەلێوەی ١٣٩٢ ، هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر پێکهاتوو لە برایم زێوەییو حسن کاکیلی، سەردانی پێوەندییەکانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە هەولێری کردو لە لایەن هەیئەتێکی پێوەندییەکانی ئەو حیزبەوە پێکهاتوو لە نیشتمان کەماڵو هاوکار حەسەن، پێشوازیی لێ کرا.

لەو دانیشتنەدا، سەرەتا باسێک لە پێوەندیی دۆستانەی دوو لایەن هاتە گۆرێو لە سەر بەهێزکردنو پەرەپێدانی ئەو پێوەندییانە ، پێداگری کرایەوە.

لە درێژەی دانیشتنەکەی هەردوو لادا کۆمەڵێک بابەتو تەوەری پێوەندیدار بە پرسی کورد لە پارچەکانی کوردستان ، هاتنە بەر باسو دواتر چۆنیەتیی پیوەندیی نێوان هیزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتو پارچەکانی دیکەی کوردستان هەڵوێستەی لە سەر کراو یەکریزیو تەبایی هێزو لایەنە سیاسییەکان بە ئەرکێکی نەتەوەیی درایە قەڵەم.

***

**هەیئەتێکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێری کرد.**

ڕۆژی دووشەممە ٢٦ی خاکەلێوەی ١٣٩٢، هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سوریە پێهکاتوو لە ئەبو سابیرو جەدعان عەلی، سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە شاری هەولێری کردو لە لایەن هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حیزبەوە پێکهاتوو لە برایم زێوەیی، نوێنەری حیزب لە هەولێرو حسن کاکیلی، کادری پێوەندییەکانی حیزبەوە، پێشوازیی لێکرا.

لەم دیدارەدا هەردوو هەیئەت لە پێوەندی لە گەڵ بارودۆخی رۆژاوای کوردستانو پێوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکانی ئەم بەشە لە کوردستانو هەروەها بۆچوونی لایەنە غەیرە کوردییەکانی سووریە ئاڵۆگۆڕی بیروڕایان کرد.

***

ڕۆژی پێنجشەممە ، ڕێکەوتی ٢٩ی خاکەلێوەی ٩٢ ، هەیئەتێکی بزووتنەوی چاکسازیی کوردی سووریە، پێکهاتوو لە بەڕێزان عەبدوڵڵا تەڕۆ و حەواس عەگید، ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەو جەدعان عەلی، نوێنەری بزووتنەوە لە هەرێمی کوردستان، سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە هەولێر، کردو لە لایەن هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزبەوە پێکهاتوو لە بەڕێزان؛ برایم زێوەیی، بەرپرسی دەفتەری نوێنەرایەتیو حەسەن کاکیلی کادری نوێنەرایەتیی حیزبەوە پێشوازی لێ کرا.

لە سەرەتای دیدارەکەدا شاندی میوان خۆشحالی خۆیان لە سەردانەکەیان بۆ نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەروەها بوونی ئەو پەیوەندی یە دۆستانەیە لە گەڵ حیزبی ناوبراو دەربری و هیوایان خواست پێوەندیی نێوان هێزەکانی رۆژهەڵات و رۆژاوای کوردستان لە پەرەسەندن دا بێ.

لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا هەردو هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی چاکسازیی کوردی سووریە لە پێوەندی لە گەڵ تەوەرەکانی بارودۆخی سیاسیو ئەمنییەتی سووریەو رۆژاوای کوردستان و چۆنیەتیی پێوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکانی کورد لە رۆژاوای نیشتمان و هەروەها پێویستیی یەکریزی و یەک هەڵوێستیی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان ئاڵۆگۆڕی بیروڕایان لە سەر کرا.

هەر لەم دیدرارەدا هەردوو هەیئەت باسیان لە پرسی یەک گوتاری و لە دەوری یەک کۆبوونەوەی هیزە سیاسییەکانی کوردستان لە کۆنفرانسێکی نەتەوەیی دا هاتە گۆڕی و نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پشتبەستن بە سیاسەتی نەتەوەیی حیزبەکەی پێداگریی لە سەر جۆرێک لە کۆنتراکتی نەتەوەیی لە ئاست هەرچوار پارچەی کوردستان کردەوە.

***

**پێوەندییەکانی هەردوو حیزبی دێموکراتی کوردستانو حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە شاری سلێمانی کۆبوونەوە.**

ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ١٨ی خاکەلێوە هەیئەتێکی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرپەرستیی مامۆستا ئەحمەد خزر، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی ناوبراو سەردانی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری سلێمانیی کردو لە لایەن کەریم مەهدەوی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو نوێنەری حیزب لە شاری سلێمانییەوە پێشوازیی لێکرا.

لە دانیشتنی هەردوو هەیئەتدا کۆمەڵە باسێکی پێوەندیدار بە ئێران، کوردستان، بارودۆخی باکووری کوردستانو پرۆسەی ئاشتی لە تورکیەو هەروەها پێوەندیی نێوان هەردوو حیزب باسو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لە سەر کرا.

### بەشداریی هەیئەتێکی کومیتەی یۆتۆبۆریی حیزب لە کۆبوونەوەی هێمن هەورامی، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی پدک

هەیئەتێکی کومیتەی یۆتۆبۆریی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی شەممە، ١٧ی خاکەلێوە بەشداریی لە کۆبوونەویەکدا کرد کە لەلایەن لێژنەی ناوچەی سۆئێدو ڕێکخراوی یۆتۆبۆریی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بۆ هێمن هەورامی، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیو بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان پێکهاتبوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا هێمن هەورامی باسی لە ڕەوشی ئارامو ئابووریی باشی هەرێمی کوردستان کردو هاوکات باسی لەو گرفتانە کرد کە لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستانو حکوومەتی ناوەندیی عێراق لە ئارادانو بەلەبەرچاو گرتنی فاکتەرە نێوخۆییو ناوچەییەکان بە ئۆمێدو گەشبینییەوە باسی لە داهاتووی کوردستان کرد.

شایانی باسە هەیئەتی کومیتەی یۆتۆبۆریی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لە نەبەز عەلیدووستو مستەفا ئیبراهیمی پێکهاتبوو، لە پەراوێزی کۆبوونەوەکەدا چاویان بەهێمن هەورامی کەوت.

# کارو چالاکییەکانی کومیتەکانی دەرەوەی وڵات

## کۆبوونەوەی ژمارەیەک لە حیزبو ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە هێلسینکی



ڕۆژی یەکشەممە، ١٨ ی خاکەلێوە بەرامبەر لەگەڵ ٧ ی ئاوریلی ٢٠١٣، لە شاری هێلسینکی، پێتەختی فینلەندو لەسەر داوای مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیو بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەک لەگەڵ ژمارەیەک لە حیزبو ڕێکخراوە کوردستانییەکان پێکهات.

مستەفا شەڵماشی لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، بە تیشکخستنەسەر پرسی کورد لە ئێستای هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەدا جەختی کردەوە کە ئێمە لەهەر شوێنێک بین، هەموو یەک نەتەوەینو، سەرەڕای ئەرکێکی نەتەویی کە هەمانە، ئەرکێکی سیاسییشیمان هەیە،لەو ڕێکخراونەی تێیدا ئەندامین.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە دواتر بەشێوەی پرسیارو وڵام درێژەی پێدرا، مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکرێزیی بنەماڵەی دێموکراتەکانو کۆمەڵەکانو ڕێکخستەوەی ماڵەکانیان، پێکهێنانی شێوە بەرە یان کۆدەنگییەکی هەموو حیزبو ڕێکخراوەکانی ئەو بەشەی کوردستان، جێگەو پێگەی نوێی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوڕاست، پێشکەوتنە مەزنەکانی باشووری کوردستان، سەرمایە گوزاریی وڵاتانی بەهێزی ئورووپاییو ئەمریکا لەو بەروبوومی کانزاکانی نەوتو ئاو، هەڵکەوتی ژێئۆپۆلیتیکیی کوردستان، پرسی نەورۆزی میلیونیی باکوورو پەیامە گرنگەکەی ئۆجەلانو قۆناخی نوێ، هەڵسەنگێندران.

لەو کۆبوونەوەیەدا باس لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریو شووراکان لە جۆزەردانی ئەمساڵدا کراو هەوڵدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ هاوهەڵویستی حیزبو ڕێکخراوە کوردییەکان، بە لێکۆڵینەوەی هەمەلایەن بە گرینگ زانرا.

شایانی باسە لەو کۆبوونەوەیەدا هەیئەتێک لە کۆمیتەی دەورەوەو کۆمیتەی فینلەندی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەسەرپەرستیی مستەفا شەڵماشی، هەیئەتی پارتی دێموکڕاتی کوردستان بەسەرپەرستی حەکیم تاهیر، بەرپرسی ڕێکخستنی یەکیەتیی نیشتیمانی لە فینلەند، فایق مەسعوودی، بەرپرسی کۆمیتەی فینلەندی کۆمەڵەی شوڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانو جەبار جومعە بەشدار بوون.

## بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە کۆنگرەی پارتی سوسیال دێموکراتی سۆئێددا



پارتی سوسیال دێموکراتی سۆئێد ڕۆژی چوارشەممە، ١٤ ی خاکەلێوە بە بەشداریی نوێنەرایەتیی زیاتر لە ١٠٠ حیزبو لایەنی سۆسیال دیموکرات لە وڵاتانی جیاوازەوە سیوحەوتەمین کۆنگرەی خۆی لە شاری یۆتێبۆری پێکهێنا.

لەسەر داوای ڕەسمیی حیزبی سۆسیال دێموکراتی سۆئێد لە حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەیئەتێکی بەشی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی کومیتەی سۆئێدی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێکهاتوو لە خاتوو نەوژین ڕۆستەمیو ئارێز ڕەمەزانی لە کۆبوونەکانی ڕۆژانی یەکەمو دووهەمەی ئەو کۆنگرەیەدا بەشدار بوون.

لە یەکەم ڕۆژی کاری کۆنگرەداو دوای هەڵبژاردنی «ستێفان لۆڤێن» وەک سەرۆکی نوێی ئەو پارتە، هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش پیرۆزبایی حیزبیان ئاراستەی ناوبراو کردو هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواست.

هەرئەوڕۆژە لە ئێوارە خوانێکدا کە بۆ میوانان پێکهێنرا بوو، سەرۆکی گشتیی سوسیال دیموکراتەکانی سۆئێد پێی لەسەر پتەوترکردنی پێوەندییەکانی ئەو حیزبە لەگەڵ حیزبو ڕێکخراوە هاوپەیمانەکانیان داگرتەوەو ئاماژەی بەوە دا کە حیزبەکەی گرنگییەکی زۆر بە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە تایبەت لەگەڵ وڵاتانو حیزبو ڕێکخراوە سوسیال دیموکراتەکان لە هەموو جیهاندا دەدا.

شایانی باسە کە لەو دوو ڕۆژەدا هەیئەتی حیزب لە پەرواێزی کاری کۆنگرەو ئەو کۆبوونەوانەی لە پەراوێزی کاری کۆنگرەدا دەگیران، توانیان لەگەڵ چەندین کەسایەتیو سیاسەتوانی گەورەی سۆئێدیو جیهان چاوپێکەوتن پێک بێننو دەربارەی ڕەوشی گەلی کوردو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵوگۆری بیروڕایان هەبێ.

## بەڕێوەچوونی مەراسیمی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە ناوچەی ئۆستفۆڵدی نۆڕویژ



کومیتە ناوچەکانی ئۆستفۆڵدو ئۆسلۆ، ئاکیشهووسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ساڵڕۆژی لە سێدارەدرانی پێشەوا قازی محەممەد، سەرکۆماری کوردستانو ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ڕێورەسمێکی تایبەتییان بەڕێوە برد.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە ڕۆژی یەکشەممە، ١٨ ی خاکەلێوە بەڕێوە چوو، سەرەتا مۆمی ڕێزگرتن لە یادی بەرزی شەهیدان لەلایەن چەند ئەندامێکی بنەماڵەی شەهیدانەوە داگیرساو پەیامی کومیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەیە لەلایەن غەفوور ساڵحزادەوە خوێندرایەوە.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان، کۆمەڵەی کەلتووریی کوردی لە ناوچەی ئۆستفۆڵد، پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نورویژ، پەیامی کەمئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ئۆستفۆڵد، پەیامی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان کەرتی ئۆستفۆڵد، پەیامی پارتی دێموکڕاتی کوردستان ناوچەی ئۆستفۆڵد، پەیامی بزووتنەوەی گۆڕان کەرتی ئۆستفۆڵد، پەیامی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی ئۆستفۆڵد، پەیامی کومیتەی ئورووپای پارتی ئازادی کورد لە سووریە، پەیامی ڕێکخراوی دیموکڕاتیکی یارسان، پەیامی ڕێکخراوی سەوزی ئورووپی- کوردستانی لە ئۆستفۆڵدو پەیامی کۆمەڵەی کەلتووریی کوردستانی لە ئۆستفۆڵد خوێندرانەوەو تور ئێریک، پەرلمانتاری نورویژی سەر بە حیزبی کاری ئەو وڵاتە بەو بۆنەیەوە وتەیەکی پێشکیش کرد.

تور ئێریک لە بەشێک لە قسەکانیدا گوتی ئەمن ئەمرۆ بە دیتنی وێنەی سەدان شەهید کە بە خۆینی خۆیان خەباتیان بۆ وەرگرتنی مافی ڕەوای کورد کردوە سەرسام بووم. کوردەکان ڕێکخستنیان زۆر بەهێزەو زۆر باش بۆ مافی خۆیان هەنگاو دەنێنو بە ژینۆساید ناسرانی کوشتاری کورد لە پارلمانی نۆڕویژ لەمساڵدا ئاکامی کارو تێکۆشانو ماندوبوونی زۆر بووە.

ئەو پارڵمانتارەی نۆڕویژ لە درێژەی قسەکانیدا گوتی هاوڕێیان، ئازادیی ئێوە، ئازادی منە، یان ئازادیی من، ئازادی ئێوەیە، دێمۆکراسی شتێک نیە کە بدرێ، بەڵکوو دەبێ بستێندرێ، بەڕێزان ئێمە ڕێگایەکی زۆر دوورمان لەبەرە تا بە خۆمان بڵێین کە ئێستا ئازادینو بۆخۆشتان دەزانن کە لە مێژ نیە ڕوداوێکی ناخۆش لە نۆڕویژ ڕووی داو ٦٩ کەس گیانیان لەدەست دا، ئەو ٦٩ کەسە بۆ مافی یەکسانیخوازی هەوڵیان دەدا.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا چەپکە گوڵی ڕێزلێنان پێشکەش بە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی ئامادەبوو لەو مەراسیمەدا کرا.

لە درێژەی بەرنامەکانی ئەو ڕێوڕەسمەدا هاشم ڕۆستەمی وتارێکی بەبۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان پێشکەش کردو لە وتارەکەیدا باسی لە چۆنیەتیی دامەزرانی کۆماری کوردستانو نەخشی پێشەوا قازی محەمەد لە دامەزرانو دەسکەوتەکانی کۆماری کردستاندا کردو لە نێوئاخنی ڕێورەسمەکە چەند کۆپلە شێعرو پەخشان لەلایەن خاوەنهەستانی بەشدار لە ڕێورەسمەدا خوێندرانەوەو چەند مەقامو بیرەوەرییەک پێشکێش کران.

شایانی باسە ئەو ڕێوڕسمە بە خوێندنەوەی پەیامی کومیتە ناوچەکانی ئۆستفۆڵدو ئۆسلۆ، ئاکیشهووس لەلایەن سەردار مەرەسەنەوە کۆتایی پێهات.

## بەڕێوەچوونی سمیناری ١٠ی خاکەلیوە لە وڵاتی دانمارک



کومیتەی دانمارکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستانەوە سمیناریکی بۆ نەبەز عەلیدووستو کەریم حوسێنی دوو ئەندامی حیزبی دیموکرات پێک هێنا.

لە سەرەتای ئەو سمینارەدا کە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبو ڕاگرتنی ساتێک وەستان بەبێدەنگی بۆ ریزگرتن لە یادی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد، پەیامی کومیتەی دانمارکی حیزب لەلایەن حوسێن حەسەنزادە، بەرپرسی کومیتەی حیزب لەو وڵاتەوە پێشکەش کرا.

لە درێژەی کاری سمینارەکەدا پەیامەکانی کومیتەی دانمارکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، کۆمەڵەی کوردی، ڕێکخراوی چاوەدێریی کوردۆساید، پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگیرو برووسکەی هاوخەمیی ماڵی کوردی بەو بۆنەیەوە خوێندرانەوەو پاشان باسەکانی کۆنفرانسەکە پێشکێش کران.

نەبەز عەلیدووست لە باسەکەیدا بە ئاماژە بە پێگەی هەرماوی شەهید، کوردو خەبات بۆ ڕزگاری، ڕۆژی شەهیدانو ئەرکی هەموو لایەنەکان لەو پێوەندییەدا ڕایگەیاند کە خەباتگێڕانی کوردستان زۆر باش دەزانن هیچ ڕۆژێکی ساڵ نیە کە خوێنی دەیان شەهید، خاکی پیرۆزی کوردستانی ڕەنگین نەکردبێو گیانی پاکیان لە ڕێگای کوردستاندا بەخت نەکردبێ، نەتەوەی زوڵملێکراوی کورد بە درێژایی مێژوو، تووشی زۆر کارەسات بووە، لە دیارترینەکانیان لە مێژووی هاوچەرخداو لە دووسەدەی دواییدا، تێکشکانی قەڵای دمدمو خانی لەپ زیرین، شۆڕشی ئاگری، شۆڕشی شێخ عوبیدوڵلای نەهری، کۆمەڵکوژیی دەرسیمو لەداردرانی سەیدرەزا ، تێکشکانی شۆڕشەکانی شێخ سەعید پیران، سمایلئاغای سمکۆ، شێخ محمودی حەفید بوو.

لە بەشی دووهەمی سمینارەکەدا کە بۆ باس لەسەر جوانەمەرگبوونی کۆماری کوردستانو تاوانی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی تەرخان کرابوو، کەریم حوسێنی لەو پێوندییەدا باسێکی پێشکێش کردو بە تیشکخستنەسەر هەلومەرجی دامەزرانی کۆماری کوردستان، باسی لە تایبەتمەندییەکانی پێشەوا قازی محەممەد بۆ قۆستنەوەی هەلو دەرفەتەکان لەو سەردەمەدا کرد.

کۆڕگێر لە بەشێکی باسەکەیدا گوتی ئەو کات کە زلهێزەکانی ناوچە خەریکی دابەشکردنو دروستکردنی وڵاتان بوون، قازی محەممەد مەبەستی دامەزراندنی حکوومەتی کوردیو هەڵدانی ئاڵای کوردستان بوو و هێندێک کەس پێیان وابوو کە قازیو کۆماری کوردستان بە ناوچەیەکی خودموختار ڕازی بوون، بەڵام ڕاست بە پێچەوانەی بیروبۆچوونی ئەو کەسانە بڕیار لە سەر دامەزراندنی حکوومەتی کوردستان درا.

شایانی باسە کە دوابەشی سمینارەکە بۆ وەڵامدانەوە بۆ پرسیارو سەرنجی بەشدارانی ڕێوڕەسمە تەرخان کرابوو.

## بەرز ڕاگرتنی یادی شەهیدانی کوردستان لە وڵاتانی دانمارکو سویس





ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوو وڵاتی سوئیسو دانمارک بە مەبەستی بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدانو ڕێز گرتن لە خەباتو تێکۆشانی شەهیدانی کوردستانو لە سەرووی هەموویانەوە پێشەوا قازی محەممەد سەردانی گڵکۆی تێکۆشەرانی کۆچکردووی دێموکراتیان کردو لەگەڵ شەهیدانی کوردستان پەیمانیان نوێ کردوە.


بەپێێ ڕاپۆرتی ناوەندی هەواڵی دەرەوەی حیزبی دێموکڕات ڕۆژی شەممە، ١٠ ی خاکەلێوە بەشێک لە ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک سەردانی گڵکۆی تێکۆشەرانی حیزب لە شاری «کۆپێنهاگ»یان کردو بە دانانی چەپکە گوڵی ڕێزو وەفا لە سەر گڵکۆی نەمران پەیمانی وەفا لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کرایەوە.

ناسر پیرانی، تێکۆشەری دێرینی حیزب بە نوێنەرایەتیی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دانمارک لە سەر مەزاری نەمر نەبی قادری چەند وتەیەکی بە بۆنەی ڕۆژی شەهیدان لەسەر کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەدو هاوڕێیانی پێشکەش کرد.

لەلایەکی دیکەو لە وڵاتی سوئیسیش بەشێک لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لەو وڵاتە سە ردانی گڵکۆی کاک تەها عەتیقیو کاک ئە میر پاشاخانییان کردو بە دانانی چەپکەگوڵی ڕێزلێنان لەگەڵ ئامانجی شەهیدانی حیزبو گەل بەڵێنو پەیمانی وەفایان نوێ کردەوە.

شایانی باسە کە مامۆستا عە زیز ئەحمەی، تێکۆشەرو ئەندامی دێرینی حیزب لە سەر مەزاری ئەو نەمرانە باسێکی کورتی لەسەر ڕۆژی شەهیدانی کوردستانو کەسایەتیی پێشەوا قازی محەمەد پێشکیش کردو پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سویس بەو بۆنەیەوە لەلایەن چیمەن بارام میزراوە خوێندرایەوە.

## دیداری نێوان کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانو نوێنەری پارتی سوسیال دیموکراتی دانمارک



لەکۆبوونەوەی نێوان هەیئەتێکی کومیتەی دانمارکی حیزبی دێموکراتی کوردستانو نوێنەری پارتی سۆسیال دێموکرتی ئەو وڵاتە پرسی پەنابەرانی کورد لە دانمارک تاوتوێ کرا.

ڕۆژی چوارشەممە، ٢١ ی خاکەلێوەو لە سەر بانگهێشتی «لاسە فریمن یەنسن»، جیگری حیزبی سوسیال دیموکراتەکانی دانمارک، لقی نۆردسند بووی، هەیئەتێکی کومیتەی دانمارکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی حوسێن حەسەنزادە لە بارەگای سەرەکیی ئەم حیزبە چاویان بە ناوبراو کەوت.

لەو کۆبوونەوەیەدا وێڕای باسو وتوویژ لە سەر بارودۆخی پەنابەران لە وڵاتی دانمارکو ئەو بەربەستو کێشانەی کە بۆ تێکەڵاوییان لەگەڵ کۆمەڵگای دانمارکدا هەیانە، « لاسە فریمن یەنسن» کە پاڵێوراوی پارتی سۆسیال دیموکراتەکان بۆ شارەوانیی ئالبۆرگە، باسی لە بەرنامەو پلانی خۆیو پارتەکەی کرد.

یەنسن لەو پێوەندییەدا پێی وابوو کە دەبێ هەموو دانیشتوانی ئەو وڵاتە بە یەک چاو سەیر بکرێنو لە ئیمکاناتو تواناکانی ئەو وڵاتە کەڵکی پێویست وەرگرن.

ناوبراو داوای لە هەیئەتی حیزب کرد بە دانی سەرنجو پێشنیار یارمەتیدەری ناوبراو بنو هەیئەتی حیزبیش چەندین خاڵیان لەو پێوەندی یەدا دەستنیشان کردو خستیانە بەردەم لاسە فریمن یەنسن کە سەرنجی ئەوی بۆلای خۆی ڕاکێشا.

کوردستان

ژمارە: ٦٠٦

٣١ی خاکەلێوەی ١٣٩٢

٢٠ی ئاوریلی ٢٠١٣

سیاسی


**کەماڵ کەریمی: گومان لەوەدا نیە کە بۆ سیاسەتوانانی ئەمریکایی بە دیمۆکراتو کۆماریخوازیانەوە، بابەتی ستراتژیکیی پاراستنی بەرژەوەندییە درێژماوەکانی وڵاتەکەیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا گرنگترین مەسەلەی هاوبەشیانە.**

**مستەفا مەعروفی: ڕەوتی کۆنەپارێز کە لە ڕێبەر نزیکە، لە چەندین ڕێکخراوو دامەزراوو کەسایەتیی مەزهەبیو نیزامیو کەسانی توندڕۆ پێک هاتوە کە لە ڕاستیدا تەوای دەسەڵاتی ئابووریو نیزامیی وڵاتیان بەدەستە. ئەوانە دەسەڵاتدارانی سەرەکینو هەڵنابژێردرێن بەڵام کاندیدایان بۆ پۆستی سەرکۆماری هەیە.**

# ستراتیژی ئێرانو وتووێژەکان



**کەماڵ کەریمی**

باسی وتووێژەکانی نێوان ئەمریکاو کۆماری ئیسلامی کە جارێ خۆی لە وتووێژەکانی ٥+١دا دەبینێتەوە، لە مێژە گەرمترین باسە کە زۆرترین هەواڵی لەسەر بڵاو دەبێتەوە. کەم ڕۆژ هەیە کە ئەم باسە لەسەر تیتری هەواڵی ئاژانسە جیهانیو ناوچەییەکان نەبینرێ، یان نەبێتە سەردێڕی وتارێک لە یەکێک لە ڕۆژنامەکاندا. زۆرترین هەواڵو کەمترین ئاکام، یان باشتر بڵێین زۆرترین بێ ئاکامی لە ئاست چاوەڕوانییەکانی خەڵکی لێقەوماوی ئێراندا.

جارناجار هەست دەکرێ کە بازاڕی ئەم باسە ڕوو لە کزی دەداو هەواڵەکان لەسەر ئەم بابەتە کەم دەبنەوە. هەتا کتوپڕ پەیامێکی نوێ بڵاودەبێتەوە، بۆ وێنە پێشنیاری وتووێژی ڕاستەوخۆی ئەمریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. بەدوای ئەویشدا لە ئێران یەک دەڵێ باشە یەک دەڵێ خراپە. ئەوجار دوای هەمووان جەنابی ڕێبەر دێتە سەر مینبەرو دەڵێ نا ئەمریکا درۆمان لەگەڵ دەکاو بۆ باوەڕ بە ڕاستگۆیی ئێمە ناکا؟ دواتر بگرەو بەردەی ڕۆژنامەنووسانو بازارگەرمییەکی دیکە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵو وتارو وتووێژی تەلەویزیۆنی، دەڵێی لەسەر ئەم کارە ڕێککەوتنێک هەیە. هەتا دواجار گرووپی ٥+١ یش پەیدا دەبنو دەورێکی نوێ لە وتووێژەکان، کە تەنیا ئاکامی ئەو هەموو زەحمەتبەخۆدانەو چاوەڕوانیکردنی خەڵکی ئێرانو جیهان بڵاوبوونەوەی ئەم ڕستانەیە ، «هەردوولا هەڵسەنگاندنیان لە کۆبوونەوەی ئەمجارە ئەرێنی بوو و ڕەزایەتییان بۆ درێژەی کۆبوونەوەکان دەربڕی». ئەمە داستانێکی چەند ساڵەیە کە بە زۆر هۆکاری بەستراوە بە قازانجی هەردوولا درێژەی هەبووە .

بەڵام چی وادەکا ئەم کایەیە کۆتایی نەیەت؟ بەڕوانینێکی ڕووکەشییانە واهەست دەکرێ هەردوولا لە هەڵوێستی هێزەوە قسە دەکەن. ئەمریکا لەگەڵ باس لە دانوستان جاروبار هەڕەشە دەکا کە گۆیا هەموو بژێرە (گوزینە) یەک لەبەر دەستدایە . چونکە ئێران خاوەنهێزە لە ناوچەداو نابێ چاوەڕوانی بکەن ئەم هێزە زیاتر پەرەبستێنێ ، بە جۆرێک کە بتوانێ بەرژەوەندییەکانی ئەوان لە مەترسی باوێ. کۆماری ئیسلامییش وا نیشان دەدا مادام خاوەنی هێزێکی وەهایە نابێ هەروا ئاسان تەسلیمی ئەمریکا بێو ئەمەی بۆ بەرزراگرتنی ورەی هێزەکانی بەکار هێناوە.

ئەوەی ڕاستی بێ ڕەنگە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی توانای ئەوەیان هەبێ بە هێرشی کتوپڕو بە چەکە سوپێر مۆدێرنەکانیان لە کورت ماوەدا زەربەی کاریگەری وەها لە ئێران بوەشێنن کە توانا سەربازییەکانی ئێران تا ڕادەی هێزێکی خۆپارێز لە نێوخۆی وڵاتدا بەرتەسک بکەنەوە. بەڵام لەوانەیە بە ئەزموونوەرگرتن لە دوو شەڕی ئەفغانستانو عێراق، نە یانەوێ مل بە پەلکێشکردنیان بۆشەڕێکی ڕاستەوخۆی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بدەن.




گومان لەوەدا نیە کە بۆ سیاسەتوانانی ئەمریکایی بە دیمۆکراتو کۆماریخوازیانەوە، بابەتی ستراتژیکیی پاراستنی بەرژەوەندییە درێژماوەکانی وڵاتەکەیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا گرنگترین مەسەلەی هاوبەشیانە. ئەم بابەتە ئەگەر زۆر لایەنی گرنگی هەبێ، سێ خاڵی سەرەکیی تێدا بەرجەستەیە. یەکەم، چۆنیەتیی پاراستنی سەرچاوەکانی وزە وەک نەوت کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا دەوری کاریگەری لە هەڵسووڕاندنی چەرخەی ئابووریی وڵاتە پیشەسازییە گەورە کاندا هەبووە. دووهەم، کێشەی پاراستنی ئەمنییەتی درێژماوەی ئیسرائیل کە لە سیاسەتی ئەمریکادا بایەخی تایبەتیی هەیەو لە هیچ هەلومەرجێکدا پشتگوێی ناخەن. سێهەم، پاراستنی پێگەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدایە کە لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانییەوە زۆرترین سەرمایەگوزاریی ماڵی وئینسانیی لەسەرکراوەو جگە لە دوو شەڕی ڕاستەوخۆ لە عێراق و ئەفغانستان، سازکردنی زۆر شەڕی نێوخۆییو کودیتاو پیلانی دیکەی لە هەر کام لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە مەترسی بۆ سەر ئەم ستراتژییە دروست کردبێ ، تێدا جێبەجێ کراوە. لەم خوێندنەوەڕا زەحمەتە کەس باوەڕ بکا کە ئەمریکا لەبەر ئێران دادەنەوێنێو ملکەچی زێدەخوازییەکانی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی دەبێ. کەوابوو ئێران چ دەسکەوتێکی لەم کایەدا هەبووە؟

ئەمریکا بە گەورەکردنەوەی مەترسییەکانی ئێران لە ناوچەدا، توانیویەتی هەم شەریکە ستراتژییەکانی خۆی وەک ئورووپا و هاوپەیمانە جیهانییەکانیو هەم وڵاتە عەرەبییەکانی ناوچە لە بەرەیەکدا کۆ بکاتەوە، پێگەی نیزامیی خۆی لە کەنداودا بە هێز بکا، لەم ڕێگەیەشەوە بە دەیان میلیارد دۆلار چەکی فرۆشتوە . هەروەها کۆماری ئیسلامی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بە تاوانبار ناساندووە بە تەحریمکردنی بانکیو بازرگانی، ئابووریی ئێرانی تووشی داڕمان کردوە. لەولایشەوە کۆماری ئیسلامی بۆ داپۆشینی قەیرانە نێوخۆییەکانیو هێشتنەوەی هەلی سەرکوتی زیاتری دژبەرەکانی، بە زەقکردنەوەی کێشەی ئەتۆمیو شەڕفرۆشیی ئەمریکا توانیویەتی فەزای نێوخۆی ئێران بە قازانجی خۆی ڕابگرێ.

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی باش دەزانن ئەگەر مل بە چارەسەری کێشە دەرەکییەکان بدەن کە قبووڵکردنی داخوازییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر مەسەلەی دامەزراوە ئەتۆمییەکانی شەرتی سەرەکییەتی، ئەوجار دەبێ بۆ ئەو هەموو کێشە نێوخۆییانەی کە بۆخۆیان خوڵقێنەریان بوون، وڵامدەر بن. هەربۆیە بەئاسانی مل بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمریکا نادەنو هەرجارەی بە بیانوویەکی نوێ وتووێژە بێ ئاکامەکان وەدوا دەخەن.

لەڕاستیداو لە بێدەسەڵاتییاندا، ستراتژیی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی چەند ساڵێکە لەم چوارچێوەیەدا قەتیس ماوە کە، بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی ڕێژیمەکەیانو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانوکێشە نێوخۆییەکانو ئاواڵەهێشتنەوەی دەستیان بۆ سەرکوتی زیاتری نەیارەکانیان، قەیرانە دەرەکییەکانو بە تایبەت کێشەی ئەمریکا لەوەی کە هەیە گەورەتر نیشان بدەنو لایەنگرانی خۆیانی پێهەڵخەڵەتێنن.

# دەستەبەندییەکانی نێوخۆیی کۆماری ئیسلامیو دووره دیمەنی هەڵبژاردن



**مستەفا مەعرووفی**

لە زۆربەی دەورەکانی پێشووی هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا دەستبەندییەکانی نێوخۆی کۆماری ئیسلامی بە جۆرێک خۆیان نواندوە. ئەو دەستبەندییانە زۆر جار ڕقەبەرایەتییەکی هەڵبژاردنی لە نێو ڕەقیبەکانو دەنگدەراندا پەرە پێداوەو بازاڕی هەڵبژاردنی گەرم داهێناوە. هەتا سەروبەندی یازدەیەمین دەورەی هەڵبژارنی سەرکۆماری کە لە ٢٤ی جۆزەردانی داهاتوودا بەڕێوە دەچێ، سێجۆر دەستەبەندی لە کۆماری ئیسلامیدا بە تایبەتی لە مردنی خومەینی بەم لاوە بەدی کراون: «میانەڕۆو توندڕۆ» کە هاشمیی ڕەفسەنجانی بە میانەڕۆو ڕەقیبەکانیشی بە توندڕۆ دەناسران. بە هاتنە سەرکاری سەید محەممەدی خاتەمی لە جۆزەردانی ١٣٧٦دا دەستەبەندییەکە لە شێوەی « ڕیفۆرمخوازو کۆنەپارێز»دا خۆی دەنواند. هێنانە سەرکاری مەحموودی ئەحمەدینیژاد لە ساڵی ١٣٨٤دا لە یەک کاتدا هەم شکستی ڕیفۆرمخوازەکان لە نێو دەسەڵاتدا بوو، هەم شکستی دیارترین ڕوومای ناسراو بە « میانەڕۆ» واتە هاشمیی ڕەفسەنجانی. چونکە لەو ساڵەدا هاشمیی ڕەفسەنجانی لەگەڵ مەحموودی ئەحمەدینیژاد کەوتنە دەوری دەووەم بەڵام خامنەیی قامکی لەسەر ئەحمەدینیژاد داناو لە ڕاستیدا شکستی بە ڕەفسەنجانی هێنا.

جیاوازیی ئەم دەورەیە لەگەڵ دەورەکانی پێشوو لەوە دایە کە ئێستا دوو دەستە یان دوو قۆڵ لە بەرامبەری یەکتردا نینو هاوکێشەکان گەلێک لە جاران ئاڵۆزترن. ڕەوتی ڕیفۆرمخواز کە لە کۆمەلێک ڕەوتو کەسایەتیی سیاسی پێک هاتوە هەڵوێستیان لەبەرامبەر هەڵبژاردندا وەک یەک نیە. ڕەوتی ڕیفۆرمخواز کە لە خۆپێشاندانەکانی جۆزەردانی ١٣٨٨ەوە لە ڕەوتی ناسراو بە « بزووتنەوەی سەوز» دا خۆی دەبینێتەوە دوو ڕوومای هەرە بەرچاوی واتە میرحوسێنی مووسەویو مەهدیی کەڕووبی دەسبەسەرن. هێندێک لە ڕیفۆرمخوازەکان پێیان وایە ئەو کاتە دەبێ لە هەڵبژاردندا بەشدار بن کە ئەم دوو کەسایەتییە ئازاد بکرێنو کەشو هەوایەکە کراوەتر بێ. بەڵام هێندێکیان پێیان وایە دەبێ سەنگی خۆیان لە مەحەک بدەن، تەنانەت هەتا ئێستا دوو کەسیان کاندیداتۆریی خۆیان ڕاگەیاندوە ئەگەر تەئیید بکرێن.

ڕەوتی کۆنەپارێز کە لە ڕێبەر نزیکە، لە چەندین ڕێکخراوو دامەزراوو کەسایەتیی مەزهەبیو نیزامیو کەسانی توندڕۆ پێک هاتوە کە لە ڕاستیدا تەوای دەسەڵاتی ئابووریو نیزامیی وڵاتیان بەدەستە. ئەوانە دەسەڵاتدارانی سەرەکینو هەڵنابژێردرێن بەڵام کاندیدایان بۆ پۆستی سەرکۆماری هەیە. هەتا ئێستا چەند کەسی سەر بەو ڕەوتە ئامادەیی خۆیان ڕاگەیاندوە تاکوو لە کۆتاییدا هەموویان بە قازانجی ئەو کەسە بکشێنەوە کە ڕێبەر قامکی لەسەر دادەنێو مەبەستێتی.

ڕەوتێکی دیکە ئەحمەدینیژاد ڕێبەرایەتیی دەکا کە لە دەورەی پێشوودا ڕێبەر کردی بەسەرکۆمارو حیسابی بۆ ئەو دەنگانەی خەڵک نەکرد کە بە مووسەویو کەڕووبییان دابوونو ناڕەزایەتیو خۆپێشاندانی خەلکی بێبەزەییانە بۆ سەرکوت کرد، ئێستا کەوتۆتە سەنگەری بەرامبەر بەرێبەرو نیهادەکانی بەستراوە بە ڕێبەرو لە کۆماری ئیسلامیدا بە ڕەوتی « بەلاڕێدا چوو» ( انحرافی) ناسراوە. ئەم ڕەوتە کە دروشمەکانی زیاتر پۆپۆلیستین، زۆر پێ لەسەر ئێرانیبوونیان دادەگرن بۆ ئەوەی خۆیان وەک نیشتمانپەروەرو نەتەوەخواز بە خەڵکی نیشان بدەنو سەرنجی ئەو کەسانە بۆلای خۆیان ڕابکێشن کە لە دروشمە توندو مەزهەبییەکانی کەسانی سەر بە قۆڵی کۆنەپارێز وەڕەز بوون.

دووره دیمەنی ئەو دەستەبەندییە ئاڵۆزانە لە هەڵبژاردندا چیە؟ ڕەوتی کۆنەپارێز کە هەیبەتو جەبەڕووتی ڕێبەری لە پشتە جگە لەوەی دەسەڵاتی نیزامیو ئابووریی بەدەستە تەئییدو ڕەتکردنەوەی سەڵاحیەتی کاندیداکانو دەزگاکانی ڕاگەیاندنیشی بەدەستە. کەوابوو ئەو ڕەوتە لەلایەک دەتوانێ کەسانێک تەئید بکا کە ئەگەر هەرکامیان سەرکەوت کێشەی لەگەڵ نەبێو لەلایەکی دیکەوە ئەزموونو توانای دەستێوەردان لە ئاکامی هەڵبژاردنیدا گەلێک زۆرە،و ئەو ئەزموونە بەکار دێنێ. بۆیە ئەگەری ئەوە زۆرە کە ئەو کەسەی دەبێتە سەرکۆمار لە هەڵبژاردنی داهاتوودا سەر بەم ڕەوتە بێ.

ڕەوتی ئەحمەدینیژاد لە دوولاوە شانسی سەرکەوتنی زۆر کەمە: یەکەم، ئەحمەدینیژاد لە ماوەی ئەو یەک دوو ساڵەی دواییدا سەرئێشەیەکی زۆری بۆ ڕێبەرو کەسانی نزیک لە ڕێبەر دروست کرد. تەنانەت خامنەیی ئەگەر بە قیمەتی دەسبەسەرکردنی مووسەویو کەڕووبیو سەرکوتی خوێناویی ناڕەزایەتیو خۆپێشاندانی خەڵک لە ساڵی ١٣٨٨داو ڕقو کینە لە بزووتنەوەی « سەوز» نەبووایە ڕەنگ بوو لەسەر کاری لابەرێ، هەر بەو شێوەیەی کە لە ساڵی ١٣٦٠دا خومەینی بەنیسەدری لەسەر کار لابرد. دووهەم، ڕەوتی ئەحمەدینیژاد ناتوانێ دەنگەکان بۆلای خۆی ڕابکیشێ، هەم لەبەر



لاوازیی کەسایەتیی خۆیو هەم لەبەر ئەو گرانیو بێکارییە زۆرە کە لە کۆمەڵگای ئێراندا هەیە، ئەگەر دەنگی ناڕازی هەبێو کاندیدایەکی وا هەبێ کە سەر بە ڕیفۆڕمخوازەکان بێ، دەنگە ناڕازییەکان دەدرێن بەو.

لە هەلومەرجی ئێستادا کە گەمارۆیەکی خەستی ئابووری لەسەر ئێرانە، کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە چالاکییە ئەتۆمییەکانی لە ژێر فشارێکی توندی نێونەتەوەییدایەو ئەو بارودۆخەی نزیکترین هاوپەیمانی لە ناوچەدا، واتە سووریە تێی کەوتوە، هاوکات لەگەڵ گرانیو باردۆخی دژواری نێوخۆ، وێناچێ لەم هەڵبژاردنەدا ئێزن بدا ڕووداوی ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦ دووبارە بێتەوەو ڕیفۆرمخوازێک بێتەوە سەرکار.

ئەزموونی دەورەکانی پێشووی هەڵبژاردنی سەرکۆماری ( جگە لە ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦) دەری خستوە هەر کەس ڕێبەر، چڕێبەری پێشوو ( خومەینی) چڕێبەری ئێستا مەبەستی بووە، ئەو کەسە بۆتە سەرکۆمار. لە هەلومەرجی ئێستا دا دەسەڵاتدارانی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی ڕێگە بە کەسێک دەدەن ببێتە سەرکۆمار کە بە تەواوی لە خۆیان بێو بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ مەترسییەکانی سەر ڕێگایان دەرفەت بە هیچ چەشنە بۆچوونێکی جیاواز نادەن. ئەگەر لە دەورەکانی پێشوودا خەڵک دەیانتوانی لانی کەم لە نێو قۆڵەکانی ڕێژیمدا یەکێک بە ناچاری هەڵببژێرن، ئێستا ناچارن لە تەنیا قۆڵێک یەکێک هەڵبژێرن، بۆیە هەڵبژاردنی داهاتوو نادیموکراتیکترینو بێنێوەڕۆکترین هەڵبژاردن دەبێ.

ئاسۆ حەسەنزادە:کارەساتی هەڵەبجە لە سەردەمێکدا رووی دا کە راڤەی رەهاگەرایانەی ئەسڵی سەروەریی دەوڵەتانو دەستێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتاندا هێشتا رێژیمە زۆردارەکانی لە ئاکامی رەفتاری دژەمرۆڤانەیان دەرهەق بە خەڵکی وڵاتی خۆیان بێباکو ئەرخەیان دەکرد.

ئەو دەوڵەتانەی هێزەکانیان لە وڵاتانی دیکەدا لە شەڕدا بوون یان لە حاڵی شەڕدان (وەک ئەمریکاو بریتانیا) نیگەرانی ئەوەن کە بەقانوونیکردنی جینۆساید ببێتە هۆی ئەوە کە دواتر سەربازو ئەفسەرەکانی خۆیان لەسەر تێوەگلانیان لە کوشتارەکاندا یان بە تۆمەتی پێشێلکردنی قانوونی بەشەردۆستی پەلکێشی دادگاکان بکرێن. ئاسۆ حەسەنزادە

# جینۆساید: دەرفەت و بەربەستەکانی سەر رێگای دادخوازیی کورد

**بەشی یەکەم**



ئاسۆی حەسەن زادە

### «شۆوای* کورد»

کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە نە یەکەمینو نە دوایین نموونەی سەرکوتو کۆمەڵکوژیی کورد بووە لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا کە چاوی لێبکەین. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو کارەساتە جێگەوپێگەیەکی تایبەتیی لە مێژووی هەموو ئەو بێدادی‌یانەدا هەیە کە دەرهەق بە نەتەوەی کورد کراون. هۆیەکەشی پێش هەموو شتێک بۆ سامناکیو بەربڵاویی ئەو کارەساتە دەگەڕێتەوە، بەچەشنێک کە لەحاڵێکدا کە هەردوو رێژیمی ئەوکاتی عیراقو ئێران لە پەراوێزی شەڕی نێوان خۆیاندا بەرەی سەرکوتی بزووتنەوەی کوردیشیان بە خەستی گەرم داهێنابوو، «هەڵەبجە» وەک چڵەپۆپەو لووتکەی هەموو ئەو زوڵموزۆرو سیاسەتە نامرۆیی‌یانە خۆی نواند کە دژمنانی کورد بۆ خنکاندنی دەنگی ئازادی‌خوازانەی کوردەکان بەدرێژایی مێژووی کۆنو نوێ بەڕێوەیان بردوە.

زامی هەڵەبجە شیاوی ئەوەیە کە لەسەر یادەوەریی بەکۆمەڵی هەموو کورد وەک «شۆوای» نەتەوەیی کورد چاو لێبکرێ، ئەوەش نەک تەنیا لەبەر هاوپێوەندیو هاودەردیی رۆڵەکانی نەتەوەیەکی دابەشکراو، بەڵکوو هەروەها لەبەر ئەوە کە ئەو جینایەتە کەموێنەیە لە کانتێکستی بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە لانیکەم دوو پارچەی کوردستانداو لە ئاکامی ملهوڕیو بێپرەنسیپیی هەرنەبێ دوو دەوڵەتی حاکم بەسەر کوردستاندا رووی دا.

### رەهەندێکی نێونەتەوەیی بە دوو روخسارەوە

کارەساتی هەڵەبجە لە سەردەمێکدا رووی دا کە راڤەی رەهاگەرایانەی ئەسڵی سەروەریی دەوڵەتانو دەستێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتاندا هێشتا رێژیمە زۆردارەکانی لە ئاکامی رەفتاری دژەمرۆڤانەیان دەرهەق بە خەڵکی وڵاتی خۆیان بێباکو ئەرخەیان دەکرد. جیا لەوەش، تێوەگلانو هاوبەشیی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆی پیشەسازیی چەکوچۆڵی بەشێک لە دەوڵەتە دیارەکانی رۆژئاوا ناوچە لە گەرمڕاگرتنی ئاگردانی شەڕی ئێرانو عیراقو سەرکوتی کورددا هێندەی دیکە رێژیمە کوردکوژەکانی لەو لایەنەوە خاترجەم کردبوو. ئەو سەردەمە هەروەها سەردەمێک بوو کە بەهۆی چەقبەستوویی‌و بەرژەوەندی‌یەکانی دەورانی شەڕی ساردو نەگەیشتنی هێشتای زوومی مێدیاو چاوی بیروڕای گشتیی جیهانی بە قەیرانو کارەساتە نێوخۆیی‌یەکان، دەکرا گەلێکی بێپشتیوانی وەک گەلی کورد بە خراپترین شێوە قەڵاچۆ بکرێ بەبێ ئەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هیچ بڵێ.

لە بوارو بەستێنێکی لەو جۆرەدا بوو کە رێژیمێکی وەک رێژیمی سەدام حوسێن ئەوەی لە کاتی شەڕو رووبەڕووبوونەوەکاندا بۆی گرینگ نەبوو، پرەنسیپەکانی یاسای بەشەردۆستیو رێساکانی چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی رووبەڕووبوونەوە چەکداری‌یەکان (بە هەردوو بەشی ناسراو بە قانوونی لاهەو قانوونی ژنێڤیەوە) بوو. ئەگەر راستە کە رێژیمە سەرکوتکەرەکان بەو ماهییەتەوە کە هەیانهو بەتایبەتی لەو سەردەمەدا لە هەر حاڵدا حازر بە رێزگرتن لە قانوونو ستاندارده نێونەتەوەیی‌و شارستانی‌یەکانی پێوەندیدار بە بواری شەڕو مامەڵەی سەربازی نەبوون، پێویستە ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە لە کاتی رووداني کارەساتی هەڵەبجەدا کاروانی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا هێشتا زۆری مابوو بە مەقسەد بگا. لەگەڵ ئەوە کە هەر لە ساڵی ١٩٢٥ەوە پرۆتۆکۆلێک بەدژی گازە خنکێنەرەکانو چەکی باکتریۆلۆجی‌و ساڵی ١٩٧٢ش پەیمانێک بەدژی چەکی بایۆلۆجی پەسند کرابوو، بەڵام ئەم دەقانە بنەماو رێکارێکی کاریگەرو هەمەلاگیریان بۆ کۆنترۆڵی پەنابردن بۆ چەکی کیمیایی نەدەدایە دەستو ئەوە تەنیا لە ساڵی ١٩٩٣دا بوو کە لە چوارچێوەی کۆنفرانسی چەکداماڵینی کۆڕی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، پەیمانێک بە مەبەستی قەدەغەکردنی سازکردنو راگرتنو بەکارهێنانو لەپێناو لەنێوبردنی چەکی کیمیایی‌و مەوادی پێوەندیداردا پەسند کرا کە ئەویش حکوومەتی عیراق تا ساڵی ٢٠٠٩ ئیمزای نەکرد.

بەمجۆرە کیمیابارانی هەڵەبجەو پرۆسەی شوومی ئەنفالو بەگشتی کوشتارە بەکۆمەڵەکانی کورد لە سەردەمێکدا روویان دا کە پارامێترەکانی زاڵ بەسەر پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکان‌داو ئاستی رێککەوتنو وەدەنگهاتنی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، بە قازانجی زوڵملێکراوان و قوربانی‌یەکان نەبوو و نیشانەکان زۆرتر رێژیمە ملهوڕەکانیان هان دەدا هەتا لەسەر درندەبوونو بێرەحمیی خۆیان سوورو بەردەوام بن.

بەڵام لەگەڵ کۆتایی‌هاتنی شەڕی ساردو هەڵشێلرانەوەی هاوکێشە نێودەوڵەتی‌یەکانو گۆڕانی قووڵ لە بنەماکانی نەزمی جیهانی‌دا، هەستیاریی بیروڕای گشتیی جیهانیو ئاستی کرانەوەو هاوپێوەندیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییش چوونە نێو فازێکی دیکەوە. هەربۆیە گوتاری مافی مرۆڤیش بەتایبەتی لەسایەی چالاکبوونی بێوێنەی رێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکاندا بەستێنێکی زۆر لەبارتر لەپێشووی بۆ رەخساو ئیدی هیچ دەوڵەتێک نەی‌دەتوانی وەک جاران خۆی وەک دیوارێکی بێ درزو دزە لەنێوان کۆمەڵگای نێونەتەوەیی‌و هاونیشتمانانی‌دا قووتو قیت رابگرێ. سەبارەت بە خودی گەلی کوردیش ئاکامەکانی داگیرکردنی کووەیت لەلایەن رێژیمی ئەوسای عیراقەوەو تەقینەوەی کارەساتی کۆچی بەکۆمەڵ بەڕووی جیهانیان‌داو دواتریش رەخسانی هەلومەرجی بنیاتنانی قەوارەیەکی ئازاد لە باشووری کوردستان کارەساتی هەڵەبجەیان وەک دوایین گەورە وێستگەی پێش ئازادیو وەک بەرەبەیانی سەرلەنوێ‌ژیانەوەی هیواکانو سەرەتای سەردەمێکی نوێ دەرخست کە لەودا ئەمجار گەلی ستەملێکراوی کورد دەی‌توانی نەهامەتی‌یەکانی خۆی بە گوێی دنیا بگەیەنێو لەسەر ئەو بناخەیە هاواری دادخوازیی سیاسیو ئینسانیی خۆی بەرز بکاتەوە.

### کورتە وەبیرهێنانەوەیەکی بنەما نێونەتەوەیی‌یەکان

لەگەڵ ئەوەی بیرۆکەی بەتاوان‌ناسینی جینایەتە دژەمرۆیی‌یەکان دەگەڕێتەوە سەر هەوڵەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەو پاش شەڕی یەکەمی جیهانی ، بەڵام ئەوە تەنیا پاش جینایەتەکانی نازی لە شەڕی دووەمی جیهانی‌دا بوو کە ئیرادە و هۆشیاری‌یەکی نێونەتەوەیی لەو پێوەندی‌یەدا شکڵی گرت. دادگاکانی نورامبێرگو تۆکیۆ بۆ راگەیشتن بە جینایەتەکانی شەڕی دووەم بنەما یاسایی‌یەکانی بەتاوان‌ناسرانی ئەو جینایەتانەیان دارشتو لەگەڵ پەسندکرانی پەیمانی ١٩٤٨ بۆ پێشگیری‌و سزادانی تاوانی جینۆسایدو پەیمانەکانی ١٩٤٩ی ژنێڤ دەربارەی قانوونی بەشەردۆستی‌و پەیمانی ١٩٦٨ بۆ پێشگیری لە کاریگەریی تێپەڕینی کات لەسەر سزادرانی تاوانباران، چەمکە پێوەندیدارەکان تۆکمە کرانەوە. ئەدەبیاتی قانوونیی ئەم بوارە دواتر بە بڕیارەکانی دادگاکانی لاهەو ئاڕووشا بۆ راگەیشتن بە جینایەتەکانی یۆگۆسلاڤیی پێشوو و رواندا و هەروەها دادگاکانی تایبەت بە سیرالیۆنو کامبۆج دەوڵەمەند کراو چڵەپۆپەی ئەم پرۆسە دادگەری‌و دادنووسی‌یەی جینایەتە دژە ئینسانی‌یەکانیش بێگومان پێڕەوی دیوانی جینایی نێونەتەوەیی بوو کە ساڵی ١٩٩٨ لە رۆم پەسند کرا.

بەپێی ئەو نێوەرۆکەی لەم ئەدەبیاتە قانوونی‌یە دادەچۆڕێ، سێ چەمکی تاوانکاریی سەرەکیی ئەم بوارە بریتین لە جینۆسایدو جینایەتی شەڕو جینایەت بەدژی مرۆڤایەتی. جینۆساید کە بە لەبەرچاوگرتنی مەبەستی دانەری ئەم وشەیە (لمکین، یاساناسی ئەمریکایی بە رەچەڵەک جوولەکەی پۆڵۆنی) لە زمانی کوردی‌دا دەستەوشەی «وەچەکوژی» باشتر ماناکەی دەگەیەنێ ، بریتی‌یە لە لەنێوبردنی فیزیکیی بەئەنقەستو بەبەرنامەی هەموو یان بەشێک لە گرووپێکی نەتەوەیی، ئێتنیکی، ئایینی، کۆمەڵایەتی بەشێوازو رێگەی جۆربەجۆر وەک کوشتن، زەربەگەیاندن بە تەواوەتیی جەستەیی یان ئەقڵیی گرووپەکە، پێشگیری لە زاوزێ لە گرووپەکەدا، سەپاندنی بارودۆخی سەختی ژیانو گوزەران بەسەر خەڵکانی راگوێزراوی نێو ئۆردووگاکان‌دا بە جۆرێک کە ئەم بارودۆخە سەرەنجام کەمبوونەوەو لەنێوچوونی گرووپەکەی لێبکەوێتەوە، ... هتد. بۆ بەجینۆسایدناسرانی جینایەتێک گرینگە کە نیازو مەبەستی لەنێوبردنی گرووپەکە لەبەر تایبەتمەندیی ئێتنیکی، زمانی یان ئایینیی گرووپەکە بسەلمێ. جینایەتی شەڕ بریتی‌یە لە پێشێلکردنی زەقی پەیمانەکانی ژنێڤ لە رێگای تێرۆر، ئازاردانو راگواستنی خەڵکی مەدەنیی ناوچە داگیرکراوەکانی شەڕ، رەفتاری خراپ لەگەڵ دیلەکان، ئێعدامی بارمتەکان، سووتاندنی گوندەکان، ... هتد. هەرچی جینایەت بەدژی مرۆڤایەتییشە ئەمەیان بریتی‌یە لە دەستدرێژی بۆ سەر مافە بنەڕەتی‌یەکانی کەس یان گرووپێک بەهۆی تایبەتمەندیی ئێتنیکی، ئایینی، سیاسی یان کۆمەڵایەتیی ئەو کەسو گرووپەوە لە رێگای کوشتنو لەنێوبردن، بەکۆیلەکردن، شکەنجە، دەستدرێژیی جینسی، بێسەروشوێنکردن، ئاپارتاید، ... هتد.

خورد کردنەوەی هەموو بنەما نێونەتەوەیی‌یەکان لە دەرفەتی ئەم وتارەدا نیە. تەنیا پێویستە ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە بنەما نێونەتەوەیی‌یەکان هەر نۆرمەکانی پێوەندیدار بە جینۆسایدو جینایەتی شەڕو جینایەتی دژی مرۆڤایەتی نین، بەڵکوو پێویستە قەدەغەکرانی چەکە کۆمەڵکوژەکان (کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا)و ئیلزاماتی دیکەی قانوونی بەشەردۆستییش بخرێنە سەر لیستی ئەو بنەمایانە. ئەگەر بۆ بەشێک لە نۆرمەکان ئەندامەتیی دەوڵەتەکان لە پەیمانە پێوەندیدارەکان‌دا بە مەرج دەگیرێ، بۆ زۆربەی هەرە زۆری ئەو نۆرمانە وەک بەشێک لە عورفو قانوونی نێونەتەوەیی گشتی مەرجێکی لەو چەشنە پێویست نیەو لەهەرحاڵدا دەوڵەتان دەبێ لە بەرامبەریان‌دا بەرپرسیارو وەڵامدەر بن.

### لە ئاکامدارکردنی بەڕەسمی‌ناسینی نێوخۆیی‌یەوە بۆ سەرخستنی بەڕەسمی‌ناسینی نێودەوڵەتی

بەڕەسمی‌ناسینی تاوانی جینۆسایدو تاوانە دژە مرۆیی‌یەکانی دیکە دەرهەق بە کورد تەنیا لەو سۆنگەیەوە پێویستو پڕبایەخ نیە کە بنەمایەکە بۆ عەداڵەتخوازی‌و سزادانی تاوانبارانو قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانی‌یانو پێشگیری لە دووپاتبوونەوەی کارەساتی دیکەی لەم چەشنە. وەک لە هێندێک کەیسی وەک کەیسی یەهوودی‌یەکان‌دا دەی‌بینین، بەڕەسمی‌ناسین هەروەهاو بەتایبەتی دەرفەتی تۆمارکردنی یەکجارەکیی مێژووی بێدادیو دانپێدانانی سەمبولیک بە مەوجوودییەتی گەلی قەڵاچۆکراو بنەمایەکیشە بۆ پاساودانو شەرعییەتبەخشین بە مافی ژیانی لەمەودوای گەلەکە لە قەوارەو چوارچێوەیەکدا کە مانو مەوجوودییەتی دەستەبەر بکرێ کە لە پێشکەوتووترین شکڵی‌دا، گەلی قوربانی تەنانەت دەتوانێ کیانی سەربەخۆو تایبەت بە خۆی لەسەر بەستێنی ئەو رابردووە هەڵبچنێ.

سروشتی بەڕەسمی‌ناسینی جینۆساید دەکرێ قەزایی بێ یان سیاسی، نێوخۆیی بێ یان نێونەتەوەیی. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر جینۆسایدی گەلی کورد لە عیراق، لەگەڵ ئەوە کە بەهۆی کاریگەریی ئاجێندای سیاسی لەسەر ئاجێندای دادوەری، موحاکەمەی سەرانی رێژیمی پێشوو لە چوارچێوەی دادگای باڵای تاوانەکان‌دا تەواوی پۆتانسیەلی خۆی بۆ خستنەبەرلێکۆڵینەوەو تۆماری هەموو هەقیقەتی جینایەتەکان دەرهەق بە کورد بەکار نەبرد، بەڵام بەهەرحاڵ بڕیارەکانی ساڵەکانی ٢٠٠٧ و ٢٠١٠ ی دادگای باڵای تاوانەکان لە کەیسەکانی ئەنفالو کیمیابارانی هەڵەبجەداو پرۆسەی موحاکەمەی کەیسی بارزانی‌یەکانو فەیلی‌یەکانو سەرکوتی راپەڕینو هەروەها بڕیاری ساڵی ٢٠٠٨ ی پەرلەمانی عیراق دەربارەی جینۆسایدی کورد، بەرزترینو باوەڕپێکراوترین بەڵگەکانی بەڕەسمی‌ناسین لەسەر ئاستی قانوونیو قەزایی‌یان خستۆتە دەست.

کەوابوو بەپێچەوانەی هێندێک کەیسی وەک جینۆسایدی ئەرمەنی‌یەکان، تایبەتمەندیو جیاوازیی پرسی بەڕەسمی‌ناسینی جینۆسایدی کورد لە عیراق لەوەدایە کە جینایەتەکان لەسەر ئاستی دامودەزگاکانی حکوومەتی ئەو وڵاتەی جینایەتەکانی تێدا بەڕێوە چوون دانی پێدا نراوە، بەڵام کەمایەسیی هەرە گەورە لێرەدا شلبوونەوەو تەنانەت راوەستانی پرۆسەی دادخوازی بەهۆی کاریگەریی باری ئەمنیو ئاڵۆزی‌یە سیاسی‌یەکانو لە هەمووشی خراپتر نەبوونی ئیرادەیەکی سیاسیی شێلگیر لەلای حکوومەتی فیدراڵ بۆ ئاکامدارکردنی بەڕەسمی‌ناسینەکە لە بواری قەرەبووکردنەوەی قوربانی‌یەکاندایە. بەچاوخشاندنێک بە ئەزموونەکانی دیکەی قەڵاچۆی بەکۆمەڵ یان زیان‌لێکەوتنی بەکۆمەڵی هاونیشتمانان لە جیهان‌دا بۆمان دەردەکەوێ کە لە حاڵەتگەلی لەم چەشنەدا، سەرەڕای رەوایی‌و بەجێ‌بوونی داواکاریی مەدەنی، ئەوە تەنیا لە دەرەوەی پێچو قۆرتەکانی پرۆسەی قەزایی‌داو بەپێی مێکانیزمێکی گشتیی قانوونمەندی حکوومەتی‌و لە رێگەی دانانی فۆندی هێنانەوەجێو سندووقی قەرەبووکرنەوەوەیەکە ئەو پێویستی‌یە دەتوانێ وەڵامی دروستو گونجاوی خۆی وەربگرێ.

هەرچی بەڕەسمی‌ناسین لەسەر ئاستی دەرەکی‌یە، لێرەشدا هەربەو شێوەیە کەناڵەکان دەتوانن هەم قەزایی بن، هەم سیاسی. لە سەردەمی ئێستادا بەهۆی ئەستەمیی رێکارە قەزایی‌یەکان لە دەرەوەی وڵات (کە دواتر روونی دەکەینەوە) فۆکووسی سەرەکیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانو رەوەندی کوردیو رێکخراوە پێوەندیدارەکانی کۆمەڵگای مەدەنیو بەگشتی خەمخۆرانی کوردو بیانیی ئەو پرسە لەسەر بەڕەسمی‌ناسین لەئاستی سیاسیدایە کە دیارە ئەوە بۆخۆی لە چوارچێوەی رەوتێکی فرەڕەهەنددا دەتوانێ زۆر هەوڵی وەک بەمێدیایی‌کردنو لۆبیگەری لەلای ناوەندەکانی بڕیارو رێکخستنی کۆڕو کۆبوونەوەی توێژینەوەو یادکردنەوەو پرۆژەی جۆربەجۆری مۆنومێنتو مۆزەو کاری ئەرشیڤی‌و شتی لەم چەشنە بگرێتە خۆی.

لە جیهان‌دا زۆر کەیسی جینۆساید هەن کە لەسەر ئاستی جۆربەجۆر هەوڵی بەڕەسمی‌ناسینیان دراوە کە دەکرێ لەنێویان‌دا ئاماژە بە جینایەتەکانی ئیمپراتۆریی ژاپۆن لە چین، بەبرسی‌ڕاگرتنی خەڵکی ئۆکراین لە سەرەتای ساڵەکانی ١٩٣٠دا، سەرکوتی چێچێنەکان لە سەردەمی ستالین‌دا، قەڵاچۆی گەلی فەلەستین بەتایبەت لە سەبراو شەتیلا، کوشتاری توتسی‌یەکان لە رواندا، قەڵاچۆی بۆسنی‌یەکان لە سرێبرێنیچا،... هتد بکەین. بەڵام هیچ هەوڵێکی بەڕەسمی‌ناسینی جینۆساید وەک ئەوەی جوولەکەکانو گەلی ئەرمەنی سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە.

بەڕەسمی‌ناسینی سیاسی لە دەرەوەی وڵات دەکرێ لەلایەن دەوڵەتانەوە بێ، یان لەلایەن رێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکانەوە. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر دەوڵەتان، پراکتیکی ئەوان لەپێوەندی لەگەڵ بەڕەسمی‌ناسینی جینۆسایدی ئەنجامدراو لە وڵاتانی دیکەدا لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە زۆر جیاوازەو بەستراوەتەوە بە نەریتی کراوەیی‌و هاوپێوەندیی ئەو دەوڵەتە بەڕووی دنیای دەرەوەی‌داو رابردووی پێوەندی‌یەکانو باری ئێستای بەرژەوەندی‌یەکانی لە مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتو ناوچەی پێوەندیدار بە جینۆسایدەکەوهو ئاستو جۆری هاوسۆزیی لەگەڵ گەلی قوربانی. هەربۆیە رادەی باوەش‌ئاوەڵایی‌و ئامادەیی هەموو دەوڵەتەکان لەو پێوەندی‌یەدا وەک یەک نیە. بۆ نموونە لە وڵاتانی باکووری ئورووپادا کە وێکچوونو هاوبەشی‌یەکی زۆریان لەبواری کولتوری سیاسی‌و سیاسەتی دەرەوەو حزووری دیاسپۆرای گەلانی دیکە لە وڵاتەکانیان‌دا هەیە، لەحاڵێکدا کە کۆمیسیۆنی سیاسەتی دەرەوەی پەرلەمانەکانی هەریەک لە سوئێدو نۆرویژ تا ئێستا پێشوازی‌یان لە زۆر دەسپێشخەری بۆ بەڕەسمی‌ناسینی جینۆسایدی کورد کردوە، لە دانمارک سەبارەت بە بەڕەسمی‌ناسینی جینۆسایدەکانو بۆ نموونە لە کەیسی ئەرمەنی‌یەکان‌دا هەڵوێستی باو ئەوە بووە کە ئەم بابەتە پێوەندیی بە مێژووەوە هەیەو پێویستە ئەو پرسە بۆ مێژووناسان بەجێ بهێڵرێ. تەنانەت لە حاڵەتی بەڕەسمی‌ناسینیش‌دا کەمتر وا هەیە پەرلەمانی وڵاتەکە بە قانوونێک جینۆسایدێک بەڕەسمی بناسێ بەڵکوو بەڕەسمی‌ناسینەکە زۆرتر لە شکڵی پەسندکردنی راپۆرتی کۆمیسیۆنی پێوەندی‌یەکانی دەرەوەی پەرلەمان یان پەسندکردنی «مۆسیۆن»ێکی پەرلەمانی‌دا روو دەدا. بۆ نموونە لە دوایین هەوڵی سەرکەوتووی بەڕەسمی‌ناسینی جینۆسایدی کورددا کە لە رۆژی ٢٨ ی فێبریواریی ٢٠١٣ لە پەرلەمانی بریتانیا بەڕێوە چوو، ئەوەی پەسند کرا قانوونێک نەبوو، بەڵکوو تەئییدکردنی «مۆسیۆن» یان پێشنیارنامەی کۆمەڵێک پەرلەمانتار لەپێوەندی لەگەڵ بەڕەسمی‌ناسینی جینۆسایدی کوردا بوو. پێشکەوتووترینو بەرزترین ئاستی بەڕەسمی‌ناسین کە بریتی‌یە لەوە کە پەرلەمانی وڵاتێک بە قانوون جینۆسایدی ئەنجامدراو لە شوێنێکی دیکەی جیهان‌دا بەڕەسمی بناسێو ئاکامی یاسایی‌و قەزایییشی بۆ دابنێ زۆرتر ئیستسنائی‌یە. بۆ نموونە پەرلەمانی فەڕەنسا بە قانوون سزای بۆ حاشاکردن لە هەردوو جینۆسایدی جوولەکەکانو ئەرمەنی‌یەکان داناوە کە تەنانەت لەوێش تێپەڕاندنی قانوونێکی لەو چەشنە لەگەڵ کۆسپو تەگەرەیەکی زۆری سیاسی‌و قانوونی بەرەوڕوو بووە.

ئەو دەوڵەتانەی هێزەکانیان لە وڵاتانی دیکەدا لە شەڕدا بوون یان لە حاڵی شەڕدان (وەک ئەمریکاو بریتانیا) نیگەرانی ئەوەن کە بەقانوونی‌کردنی جینۆساید ببێتە هۆی ئەوە کە دواتر سەربازو ئەفسەرەکانی خۆیان لەسەر تێوەگلانیان لە کوشتارەکاندا یان بە تۆمەتی پێشێلکردنی قانوونی بەشەردۆستی پەلکێشی دادگاکان بکرێن. هەربۆیە بەشێوەیەکی گشتی حکوومەتی وڵاتان بەهۆی سیاسی‌و دیپلۆماسی بەپارێزەوە مامەڵە لەگەڵ بەڕەسمی‌ناسینی جینۆسایدەکان دەکەن. بۆ نموونە لە کەیسی جینۆسایدی ئەرمەنی‌یەکاندا حکوومەتی ئەڵمان هەر بەوەندە قەناعەتی کردوە کە دەوڵەتی تورکیە بۆ گرتنەبەری سیاسەتێکی کراوەتر لەو پێوەندی‌یەدا هان بدا.

هەرچی بەڕەسمی‌ناسین لەلایەن رێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکانیشەوەیە، جینۆسایدی جوولەکەکانو هێندێک کەیسی دیکەش وەک جینۆسایدی ئەرمەنی‌یەکان لە راپۆرتەکانی هێندێک ئۆرگانی پارێزگاری لە مافی مرۆڤی سەر بە کۆمیسیۆنی پێشووی مافی مرۆڤو ئەنجومەنی ئێستای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەڕەسمی ناسراون، بەڵام هەموو ئەو کۆسپانەی بۆ پەسندی کۆتایی راپۆرتەکان دروست کراون (وەک لە کەیسی راپۆرتی ویتاکر کە لیستی ژمارەیەک لە جینۆسایدەکانی سەدەی بیستەمی تێدا هاتبوو)، هەستیاریی سیاسیی بابەتەکە دەردەخەن. لەنێو هەموو رێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکان‌دا پەرلەمانی ئورووپاو ئەنجومەنی ئورووپا لیبرالی‌یانەترینو کراوەترین سیاسەتیان بووە، چونکە جینۆسایدی ئەرمەنی‌یەکانیشیان زۆر بە روونی بەڕەسمی ناسیوهو تەنانەت سەردەمێک پارلمانی ئورووپا بەڕەسمی‌ناسینی جینۆسایدی ئەرمەنی‌یەکانی خستە نێو لیستی پێوەرەکانی کۆپنهاگ واتە ئەو مەرجانەی کە دەوڵەتی تورکیە پێویستە بۆ بەئەندام وەرگیرانی لە یەکیەتیی ئورووپادا قبووڵیان بکا کە دیارە دواتر هەڵوێستێکی عەمەلیتر لەو پێوەندی‌یەدا رەچاو کرا.

هەروەها پێویستە ئەوەش بزانین کە کۆمەڵێک رێکخراوی نێونەتەوەیی غەیرە دەوڵەتی بۆ نموونە ناوەندی نێونەتەوەیی عەداڵەتی ئینتیقالی یان کۆمەڵەی نێونەتەوەیی ئەکادیمی‌یەکانی جینۆساید هەن کە بەپەسندگەیاندنی داوای بەڕەسمی‌ناسینی جینۆساید لای ئەوان ئاسانترەو دەکرێ وەک رێکارێک بۆ بەجیهانی‌کردنو لۆبیگەریی زیاتر لەو بوارەدا لەلایەن کوردیشەوە کەڵکیان لێوەربگیرێ.



***شۆوا کە بە عیبری مانای کارەسات دەگەیەنێ، بە سەرجەم کردەوەکانی کوشتار و لەنێوبردنی جوولەکەکانی ئورووپای داگیرکراو لەلایەن نازییەکانەوە لە شەڕی دووەمی جیهانیدا دەگوترێ.**

د. مەحموود عوسمان: وردستانی عێراق بەشێکە لە عێراقو ماوەی نیە ئێستا سەربەخۆ بێو کۆمەڵگای نێونەتەوەییو وڵاتەکانی دەوروبەریش هەر وا دەڵێن. لەبەر ئەوە دەبێ هەوڵ بدەی لە ناوەند دەسەڵاتت هەبێو پێگەت هەبێ. چەند بەهێزتر بی لە ناوەند سوود وەرئەگری. دەبێ هەرێمەکە بپارێزینو دەستوورەکە جێبەجێ بکرێ، ئەوەی ئێمە دەبەستێتەوە بە ناوەند دەستوورەکەیە.

عەزیز مەعروفی: ئاگربەس، ئەو کاتە بە تەواوی دەچەسپێ کە پارتیزانەکانی پەکەکە لە قووڵایی خاکی کوردستانی باکوور بۆ دەرەوەی سنوور، کشابنەوە. ئەگینا هەتا ئەو هێزانە نەکشابنەوە، هەمیشە مەترسیی شەڕو پەلاماری نیزامی لە گۆڕێدا دەبێ. ئەمەش کارێکی ئەوەندە سووکو سانا نیە، بۆیە پەکەکە بۆ ئەم مەبەستە داوای گەرەنتیی قانوونی لە پەرلەمانی ئەو وڵاتە دەکا

# ئاوڕێک لە ڕووداوەکانی دە ساڵی ڕابردووی عێراقو کوردستان لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعس،

## لە دیمانەیەک لەگەڵ دوکتور مەحموود عوسمان‌دا

دیمانە: مەسعود ڕەواندوست



**٩ی ئاوریلی ئەمساڵ دەساڵ بەسەر ئازادکردنی عێراق لە ژێر دەسەڵاتی سەددامو ڕێژیمی بەعس بە دەستی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی‌دا تێدەپەڕێ. بە مەبەستی ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە ئەزموونی عێراقو کوردستان لەم دە ساڵەدا، ڕۆژنامەی «کوردستان» دیمانەیەکی لەگەڵ سیاسەتمەداری کورد، بەڕێز دوکتور مەحموود عوسمان پێکهێنا کە ئەوەی خوارەوە دەقی وتووێژەکەیە:**

**کوردستان: ئێستا دوای ١٠ ساڵ لە ئازادبوونی عێراق لە دەسەڵاتی بەعس، جەنابتان هەڵسوکەوتی دەوڵەتی ئەمریکا لە پێوەندی لەگەڵ بنیاتنانەوەی دەسەڵاتو حکوومەتو وڵاتی عێراقدا چۆن دەبینن؟ پێتان‌وایە ئەمریکا ئەرکەکانی وەک رزگاری‌دەرێک بەجێ گەیاندوە، یان سیاسەتەکانی بوونەتە هۆی زیاتربوونی کێشەو گیروگرفت بۆ عێراقی‌یەکان؟**

**د. مەحموود عوسمان:** نەخێر ئەمریکا ئەرکەکانی خۆی بەجێ نەهێناوە، چونکە ئەمریکا کە هات، راستە عێراقی رزگارکرد لە سەدامو ئەوە شتێکی زۆر باش بووو زۆربەی خەڵق تەئییدی کرد، بەڵام پاش ئەوە دوو سێ مانگی نەبرد ئەمریکا چووە ئەنجومەنی ئاسایشو لەوێ مانیعی نەبوو کە بڵێ ئەمن داگیرکەرمو ئەوان بڵێن داگیرکەرە بە پێی بڕیاری ١٤٨٣ بۆ ئەوەی حوکمی راستەوخۆی عێراق بکا. لەو وەختەوە ناوی خۆی نا داگیرکەر ئیتر وەک رزگارکەر نەماو خەڵقیش بوون بە دژی، چونکە هەر کەس وڵاتێک داگیربکا خەڵق لە دژی دەبن. لە لایەکی دیکەشەوە رەفتاریان لەگەڵ عێراق بە دوو شێوە بوو، شێوەی بزنێسو شێوەی سیکیوریتی واتە ئەمنی. لەبەر ئەوە زۆر رەفتارێکی سیاسی‌یانەیان لەگەڵ عێراق نەکرد، رامسفێڵدو ئەوان عێراقیان رەبت کرد بە پۆل بریمەرەوە، واتە بە پێنتاگۆنەوە، مەعنای ئەوە بوو کە وردە وردە رەفتاریان لەگەڵ عێراق وەکوو میللەتێک بە هۆی ئەوەی زۆر شارەزاش نەبوون لە وەزعی عێراق هەڵەیان زۆرکردو کێشەیان زۆر دروست کرد. هەر بۆیە نەیان‌توانی لە ئیشەکانی خۆیان‌دا سەرکەونو بڕوای گەلی عێراق وەدەست بێنن، جگە لە هەرێمی کوردستان. چونکە هەرێمی کوردستان ئەمریکی لێ‌نەبوو و کاتێک ئەمریکی هاتن ئەم هەرێمە ئیدارە دەکرا لە لایەن کوردەوەو لە ژێر دەسەڵاتی سەدام نەبوو، جگە لەوەش ئەمریکی لێرە نەبوون تا ئێمە بیان‌بینین چی ئەکەنو چی ناکەن. هەر بۆیە کورد دژیان نیە، بەڵام لە عێراقی‌یەکانی دیکە لە ناوچەکانی‌تری دەرەوەی هەرێمی کوردستان رەفتارێکی باشیان نەبوو لەگەڵ خەڵق، لەبەر ئەوە خەڵق زۆر لەگەڵیان نیە

**کوردستان: یەکێک لە راستی‌یەکان ئەوەیە کە عێراق لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا بە جۆرێک بۆتە مەیدانی کێشەو ململانێی ئێرانو ئەمریکا کە زیانێکی زۆریشی بەو وڵاتە گەیاندوە. لێکدانەوەی جەنابتان بۆ ئەم مەسەلەیەو دەوری ئێرانو ئەمریکا لەم پێوەندی‌یەدا چیە؟ پێتان‌وانیە ئەمریکا لە بەرامبەر ئێران‌دا سستیی نواندبێو مەیدانی زۆری بە ئێران دابێ؟**

**د. مەحموود عوسمان:** هاتنی ئەمریکا بۆ عێراقو رووخاندنی سەدام، فایدەی ئێرانی تێدا بوو، چونکە ئێرانیش هەشت ساڵ شەڕی لەگەڵ سەدام کردوەو دوژمنی سەدام بوو. لە پاشان بە هۆی سیاسەتی ئەمریکاوە تەقریبەن دەتوانین بڵێین شیعەکان زیاتر باڵادەست بوون، ئەویش ئێران سوودی لێ‌وەرگرتوە. راستە لە عێراقا ململانێ هەبووە، بەڵام تەبیعی وردە وردە ململانێکە کەمتر بۆتەوە لە بەرژەوەندیی ئێران. ئێران دەسەڵاتی زیاترە لە عێراقو ئەمریکا لە رووی سەربازی ئێستا لە عێراق دەرچووە، ململانێکە هەر هەیە بەڵام ئێران دەسەڵاتی زیاترە، چونکە ئێران لە زەمانی ئۆپۆزیسیۆنیشا لەگەڵ ئەو پارتانەو ئەو حیزبانە پێوەندیی هەبووە کە ئێستا لە دەسەڵاتدان.

**کوردستان: کاتێک ڕێژیمی بەعس رووخا کورد لە هەرێمی کوردستان ئەزموونێکی چەند ساڵەی لە خۆبەڕێوەبەری هەبوو، بەڵام لایەنەکانی دیکەی دەسەڵاتی تازەی عێراق ئەو ئەزموونەیان نەبوو. هەر بەو پێیە دەوری کورد لە بنیاتنانەوەی عێراقی نوێ‌دا زۆر گرنگ بوو. بەڵام لێرەدا هێندێک کەس بەو تێ‌بینی‌یە کە ئەگەر عەرەب بەهێز بێ بۆ کورد زەرەرە و ئەو مافانەی تا ئێستاش وەدەستی هێناون دەکەونە مەترسی‌یەوە، دەڵێن کورد نابێ خۆی فیدای ناوەند بکا. رای جەنابتان لەو پێوەندی‌یەدا چیە؟**

**د. مەحموود عوسمان:** نەخێر، من پێم‌وایە کوردستانی عێراق بەشێکە لە عێراقو ماوەی نیە ئێستا سەربەخۆ بێو کۆمەڵگای نێونەتەوەییو وڵاتەکانی دەوروبەریش هەر وا دەڵێن. لەبەر ئەوە دەبێ هەوڵ بدەی لە ناوەند دەسەڵاتت هەبێو پێگەت هەبێ. چەند بەهێزتر بی لە ناوەند سوود وەرئەگری. دەبێ هەرێمەکە بپارێزینو دەستووەرەکە جێبەجێ بکرێ، ئەوەی ئێمە دەبەستێتەوە بە ناوەند دەستوورەکەیە. بۆ ئەوەی دەستوورەکە جێبەجێ بکرێ بە رای من کورد دەبێ لە بەغدا دەوری زۆر بێو خۆی لێ جیا نەکاتەوەو پێگەی بەهێز بێ، چونکە ئیشەکانی عێراق بە گشتیو کوردستانیش لە بەغدایە. لەبەر ئەوە دەبێ خۆی بچەسپێنێو گرفتەکان چارەسەر بکاو سەربەستیو مافەکان بپارێزێو لەگەڵ گەندەڵی بەربەرەکانی بکاو لە هەرێمەکەی خۆشی‌دا چاکسازی بکا

**کوردستان: سەبارەت بە کێشەکانی هەرێم و ناوەند، بە باوەڕی بەڕێزتان تا چەند دەتوانین گوشاری وڵاتانی دراوسێو بە تایبەت ئێران بە فاکتەرێک بزانین. یان بە جۆرێکی دیکە پێتان‌وانیە ئەوەی ناوەند بە نیسبەت هەرێم دەیکا بەشێکی ئەو گوشارە بێ کە ئێران دەیهەوێ ناراستەوخۆ بیخاتە سەر هەرێمو وەک کارتێک بەکاری بێنێ بۆ ئەوەی هەرێم ناچاربکا خۆی لەگەڵ سیاسەتەکانی ئێران لە ناوچەکەدا بگونجێنێ ؟**

**د. مەحموود عوسمان:** ئەوە راستە گوشاری تێدایە، بەڵام خەتای خودی عێراقی‌یەکانە. سەرکردایەتیی عێراق، مالیکیو جەماعەتەکەیو سەرکردایەتیی هەرێم، ئەمانە بەرپرسیارن لەوەی ئێستا روو دەدا. بەڵام مالیکیو ئەوان بەرپرسیارێتی زیاتر دەکەوێتە سەریان چونکە دەسەڵاتیان زیاترەو کوتلەکانی‌تریش، کوتلەی عێراقیەو سەدریەو ... بەو شێوەیە. واتە ئەگەر ئەم کوتلانە عێراقی‌یانە لە نێوخۆیان رێک کەون کەس مەنعیان ناکاو رێیان لێ‌ناگرێ. خۆیان بێ‌کەڵکنو ناتوانن ئیدارەی وڵاتەکەی خۆیان بکەنو لەبەر یەک شت ناتوانن رێک بکەون. لەبەر ئەوە هێزی دەرەوەش فشاری خۆی دێنێو بەرژەوەندیی خۆی هەیە. بەڵام ئەم ناکۆکی‌یانەی ناوخۆیان کە حەل نابێ ماوەی داوە هێزی دەرەوە زیاتر خۆی دەربخا بە ئێرانو تورکیاو هەموو لایەکانەوە.

**کوردستان: ئەزموونی ئەمنیەتو سەقامگیریو دێموکراسیی هەرێم لە ١٠ ساڵی رابردوودا بۆتە فاکتەرێک کە بۆ کۆمەڵگای نێونەتەوەییو بە تایبەت بۆ سیاسەتو کردەوەکانی ئەمریکا بە خاڵێکی بەهێز دێتە ئەژمارو لە هاوکێشەکانی ناوچەکەدا نموونەیەکی هیوابەخشە. کورد چۆن دەتوانێ ئەم ئەزموونە بکاتە پاڵپشتو دەستمایەیەک بۆ بەهێزترکردنی رۆڵی کوردو گەرەنتی‌یەک دروست بکا بۆ داوڕۆژ؟**

**د. مەحموود عوسمان:** خۆی ئەمنی کوردستانو سەقامگیریی زۆر دەوێدا، ئەوەی لە باقی شوێنەکانی عێراق‌دا نیە، گەورەترین فاکتەرە بۆ ئەوەی کوردستان سوودی لێ‌وەرگرێو بە رای من ئێستا سوودی لێ‌وەرگرتوە، چونکە شەریکاتو کۆمپانیاکان هەنو دەوڵەتان کۆنسوولیان هەیەو بێگانە زۆر دێنو ئەمە تەئسیری کردوە بۆ پێشکەوتنو ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، بەڵام ئەوەش گرنگو پێویستە کە کۆمەڵگایەکی سیویل دابمەزرێنینو ناوەرۆکی وەزعی خۆمان چاک بکەینو لە نێوخۆمان چاکسازی بکەین، رێفۆرم بکەین لەگەڵ گەندەڵی بەربەرەکانی بکەینو مافو سەروەری‌یەکانی هاووڵاتییانی کوردستان بپارێزین بۆ ئەوەی بتوانین بڕوای میللەتی خۆمان کەسب بکەینو کۆمەڵگایەکی سیویلو دێموکراتیی راستەقینەی سەربەست بچەسپێنین، ئەوە گەورەترین سەرکەوتنە بۆمانو زیاتر پشتیوانیو تێگەیشتنی دونیاش بۆ ئێمە وەدەست دێت.

# پڕۆسەی ئیمراڵی درێژەی هەیە



عەزیز مەعروفی

نیزیکەی پێنج مانگ بە سەر هەڵگرتنی بایکۆتی سەر بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە دوورگەی ئیمڕاڵی ڕادەبرێ. لابردنی ئەو بایکۆتە تەنیا بە شەخسی ئۆجەلانەوە نابەسترێتەوە، بەڵکوو ویڕای ئەوە، کاربەدەستانی تورک لە سەر پرسی کوردو چۆنییەتی چەک دانانی پارتی کرێکارانی کوردستان ( پەکەکە)، لە گەڵ ناوبراو دەستیان بە دانوستان کردوەو پرۆسەکەش بە پرۆسەی ئیمڕاڵی ناوی دەرکردوە. درێژە کێشانو بەرەژووچوونی ئەو پرۆسەیە کە کورد بە پرۆسەی ئاشتیو تورکیەش بە چارەسەری ناو دەبا، بۆ چەند هۆی بنەڕەتی دەگەرێتەوە. یەکەم، حیزبی دەسەڵاتداری تورکیە، پارتی دادو گەشەپێدان، – ئەوەندەی بە پێویستی بزانێ بە کەڵکوەرگرتن لەو دەسەڵاتە سیاسیو قانوونی‌یەی هەیەتی وەک پارتی بڕیاربەدەست، دەیەوێ پرۆسەکە بەرەو پێش بەرێو بەرهەڵستی توندی دوو پارتەکەی ئۆپۆزیسیۆن بە تایبەت پارتی نەتەوەپەرستیش، ئەو پارتەیان لە هەنگاوەکانی پاشگەز نەکردۆتەوە. دووهەم؛ عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پەکەکە، چی دیکە خەباتی چەکداری بە خەباتیکی کاریگەر بۆ قۆناخی ئێستاو لەمەودوای کورد لە باکوور نازانێو لە پەیامە نەورۆزی‌یەکەشی‌دا خەتی بە سەر خەباتی چەکداری‌دا کێشاوەو کاناڵو هێڵەکانی خەباتی چەکداری بۆ خەباتێکی سیاسیو پەرلمانی دەگۆرێ. سێهەم؛ سەرکردایەتیی پەکەکەو هەروەها پارتو لایەنەکانی دیکەی نێوخۆش پشتیوانیی خۆیان بۆ پەیامو ڕاسپاردەکانی ناوبراو دەربڕیوە، بۆیە دەبینین لەو ڕێگایەش‌دا، کۆسپو ئاژاوەی جۆراوجۆر کورد یان باشتر بڵێین ئۆجەلانیان لە هەوڵەکانی بۆ چارەسەرێکی گونجاو، تووشی سڵەمینەوە نەکردوە.

درێژەکێشانی پرۆسەی ئیمڕاڵی، خۆی لە چەند قۆناخ‌دا دەبینێتەوە. ٢١ی مارس لە نەورۆزی ئامەد، ئۆجەلان، ئاگربەسی یەک لایەنەی ڕاگەیاند، ئەمە یەکەمین پرۆسەی ئیمڕاڵی‌یەو لە دوای ئاگربەس کەس چاوەڕێی هاتنەوەی تەرمی خۆشەویستەکەی لە مەیدانی شەڕو تێکهەڵچوونەکان‌دا ناکا، بە تایبەت کورد وەک قوربانیی سەرەکیو لایەنو نەتەوەی شەڕبەسەرداسەپیندراو بۆ ٣٠ ساڵ دەچێ تەرمی ڕۆڵەکانی لە هەر دووک ریزی پەکەکەو دەوڵەتی‌دا بۆ دەهاتەوە، بە بێدەنگبوونی چەکەکان، هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵدەکێشێ. ڕاستییەکانی تاڵیی ئەو شەڕە سەپێنراوە ئاسەواری بە سەر کۆمەڵگا، خاک و وڵاتی کورد لە تورکیە دا دیارە، بۆیە نیزیکەی ٪٨٠ ی خەڵکی باکوور پشتیوانی لە پرۆسەی ئێستا دەکا، پشتیوانی‌یەک کە بەداخەوە تاکوو ئێستا لە هەرێمە تورکنشینەکان نەدیتراوە.

ئاگربەس، ئەو کاتە بە تەواوی دەچەسپێ کە پارتیزانەکانی پەکەکە لە قووڵایی خاکی کوردستانی باکوور بۆ دەرەوەی سنوور، کشابنەوە. ئەگینا هەتا ئەو هێزانە نەکشابنەوە، هەمیشە مەترسیی شەڕو پەلاماری نیزامی لە گۆڕێدا دەبێ. ئەمەش کارێکی ئەوەندە سووکو سانا نیە، بۆیە پەکەکە بۆ ئەم مەبەستە داوای گەرەنتیی قانوونی لە پەڕلمانی ئەو وڵاتە دەکا. بۆچی؟ چونکە، یەکەم؛ پەڕلمان جێگای دەرکردن، شەرعییەت‌دانو وەڵامدانەوە و بەرپرسیار لە قانوونەکانە. دەرکردنی گەرەنتی قانوونی بۆ کشانەوە بە پێداگریو سووربوونی پەکەکە ڕۆژی ٩ی ئاپریل لە ژێر ناوی» کۆمسیۆنی بە دواداچوونی پرۆسەی ئاشتی» لە پەڕلمان بە دەنگی دوو پارتیی بەدەپەو ئاکەپە، پەسەند کراو نێوەرۆکی قانوونیی بە ئاگربەس‌و میکانیزمی کشانەوە داوەو هەر بەم پێیەش بەرپرسایەتی‌یەکی زیاتر دەخاتە ئەستۆی پەرلمان،و دەوڵەتی تورکیەش ناتوانێ بە ئاسانی خۆ لە گرینگیی پرۆسەکە بدزێتەوە. دووهەم؛ کشانەوەکە ئەگەر پشتی بە قانوونی پەڕلمانی نەبەستبا، ترسی ئەوە هەبوو هێزەکانی ئەرتەش لە کاتی کشانەوەدا لە پشتەوە خەنجەر لە شۆڕشگێڕانی کورد بوەشێنن، وەک ئەوەی ساڵی ١٩٩٩ لە کاتی کشانەوەی پەکەکەدا ٥٤٥ کەسیان لێ شەهید کردن. هەر لەو پێوەندی‌یەش‌دا، حەوتوویەک پێش ئەمە، « کۆمسیۆنی ژیران» بە ٦٣ ئەندام کە نوێنەرایەتیی حەوت هەرێمی جیاجیای تورکیە دەکا، پێکهاتو، چاوەدێری بە سەر پرۆسەکەدا دەکاو بە گرتنی کۆنفرانسو سیمینار لە شارە گرنگەکانی کوردستانو تورکیە بارودۆخەکە بۆ بیروڕای گشتیی تورکیە شی دەکەنەوەو گوێ لە ڕاو بۆچوونی خەڵک دەگرن. پێکهێنانی ئەو کۆمسیۆنانەو گرنگی‌یان بۆ کشانەوە وەک قۆناخی دووهەم مانای ئەوە دەگەیەنێ پرۆسەکە درێژەی دەبێ.

لە لایەکی دیکەش، ئەو مافە بە کورد دراوە، کە لە پرسەو سەرەخۆشی‌یەکان‌دا، بە زمانی زگماکی وتار بداو بپەیڤێ. ماوەیەک پێشتریش، قسەکردن بە زمانی زگماکیو وتاردان پێی لە متینگو کۆبوونەوەکان‌دا ئازاد کرا. ئەم دوو هەنگاوە بچووکەش هەم درێژەی پرۆسەی ئیمڕاڵی نیشان دەدەنو هەم دەری دەخەن کە کورد لە باکوور ماوەی ٩٠ ساڵ، چەندە لە ژێر تیغی دەوڵەتی تورک‌دا بووە.



لە درێژەی شەڕی سی ساڵەدا، نیزیکەی چوار هەزار گوند خاپوور کراون، سووتێندرانو دانیشتووەکانیان بەرەو شارە گەورەکانی تورکیە ڕاگویزراون، دە هەزار لەو بنەماڵانە داوایان لە دەوڵەت کردوە، ڕێگا بدا، بگەڕێنەوە سەر زێدو نیشتمانی خۆیانو ماڵەکانیان ئاوەدان بکەنەوە و لە سەر زەوی‌وزاری پڕپیتو بەرەکەتی بابو باپیرانیان بژین. بۆ ئەمەش جیا لە کارئاسانی بۆ ئەو کوردانە، پێویستە دەوڵەتیش لە زۆر بارەوە قەرەبووی زەرەرو زیانەکانیان بکاتەوە.

حەوتوی ڕابردوو لە نێوان خوێندکارانی لایەنگری بەدەپەو لایەنگرانی ڕەوتی حیزبوڵڵادا لە زانکۆی ئامەد، گرژی و ئاڵۆزی‌یەکی چەند ڕۆژە رووی دا. ئەو ڕووداوە نەخوازراوە بە پێشینەی تاڵی زیاتر لە ٢٠ ساڵەوە ، لە قووڵبوونەوەی پرۆسەی ئیمڕاڵی‌دا، مەترسیی ئەوەی لێ‌دەکرێ ڕەوتە ئیسلامی‌یەکان دۆخەکە لە بەرژەوەندیی خۆیان بقۆزنەوەو، هەروەها لە داهاتوودا باردۆخەکە بەرەو گرژی زیاتر بەرنو دەوڵەتیش لاریی نەبێ ئاوری ناکۆکی‌یەکانی ڕابردووی نێوان چەند لایەنی کوردی ببووژێتەوە. ئەمەش ئەرکێکی قورس دەخاتە سەر لایەنەکانی گۆڕەپانی سیاسیی کورد. پێویستە زیاتر لە هەموو کات یەکگرتوو و یەکڕیز بن.

لە بڕینی قۆناخی یەکەمو بۆ سەرکەوتنی قۆناخی دووهەمو هەروەها بۆ درێژەو قووڵبوونەوەی زیاتری پرۆسەی ئیمڕاڵی، کێشەی ڕەوای کورد زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ کە لە باری سیاسیو قانوونی‌یەوە ئاوڕی لێ‌بدرێتەوەو تریبوونی پەڕلمان بکرێ بە چەقو ناوەندی یەکلاکردنەوەی پرسی لە مێژینەی کوردو دەستووری وڵاتی تورکیە، مافو ئازادیی شیاو لە باری سیاسی،قانوون، ئابووری، کەلتووریو جوغرافیایی بۆ کورد لە خۆ بگرێ. قۆناخی دووهەم تەواوکەری قۆناخی یەکەمو بەرەوپێشچوونو قووڵبوونەوەی بەستراوەتەوە بە ویستو ئیرادەی دەوڵەتی تورکیەوە.

**عومەر باڵەکی: نیزامی کۆماری لەگەڵ نیزامی ئیسلامی لە ناتەبایی‌دایە. نیزامی کۆماری لە سەر بنەمای دیموکراسی دادەمەزرێ کە خوڵقاوی دەستی مرۆڤەکانەو لە هەر کاتو سەردەمێکدا بە پێی نیازو پێداویستی‌یەکانی کۆمەڵگا دەتوانرێ یاساو ڕێساکانی دەسکاری بکرێن، بەڵام حکوومەتی ئیسلامی کە لە سەر بنەماکانی ئایین دامەزراوە لە هیچ کاتو ساتێکدا ناتوانرێ دەسکاریی یاساورێساکانی بکرێ.**

**سمایل شەرەفی: بە بەراورد لە گەڵ قۆناغەکانی پرۆسەی ڕیفۆرم _ئەگەر بشێ بە پرۆسە پێناسە بکرێ _ لە ماوەی یەک دەیەی ڕابردوودا پرسی ڕیفۆرم خەریکەو دەیهەوێ خۆی لە قۆناغێکی زیندوودا پێناسە بکاتەوەو توانیویەتی بەشێک لە کۆمەڵگاو بەشێکی زیاتر لە نوخبەو بژاردەکان لە خۆی تێبگەیەنێ. بۆ گەیشتن بەم قۆناغەیش، بێگومان تێچووی بەرچاوی ئینسانیی سەرف کردووەو تا ئێستاش هەر بە قوربانیدانەوە خۆی بەرەو قۆناغێکی دیکە ڕاکێش دەکا.**

# نیزامی کۆماری ئیسلامی‌و سیستمی کۆماری



عومەر باڵەکی

لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ ( ١٩٧٩)ی گەلانی ئێران بە دژی سیستمی پاشایەتی، لە ساڵی ١٣٥٨دا سیستمێکی دیکە بەجێی ڕێژیمی پاشایەتی دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت کە بۆ خەڵکی ئێران‌و جیهان سیستمێکی نەناسراو بوو، لە ڕۆژەکانی ١٠ و ١١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨دا لە ڕێگای ڕاپرسی گشتی «ڕێفراندۆم»ەوە ئەو سیستمە ناوی هاتە نێو ناوان کە ئەویش کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو کە تا ئەوکات کەس نەی‌بیستبوو.

لەماوەی ٣٤ ساڵی ڕابردوودا نێوەرۆکی دژەئینسانی‌و ئیسلامی ئەو سیستمە بۆ هەموو لایەک دەرکەوتوە بەڵام باسکردن لەو نەهامەتی‌و ماڵوێرانی‌یانە کە ئەو سیستمە بەسەر خەڵکانی ئێرانی هێناوە ڕەنگە لەو بابەتەدا بە درێژە نەگونجێ‌و تەنیا باسی ئەوە دەکەین کە چەندە ئەو سیستمە لە سەردەمی ئەمڕۆدا لەگەڵ سیستمی کۆماری‌و دێموکراسی لە ناتەبایی‌دایە.

ناوی حکوومەت بە پێێ ئەسڵی یەکەم لە قانوونی بنەڕەتیی ئێران «سحکوومەتی کۆماری ئیسلامی»یەو لە ئەسڵی دووهەم‌دا باس لە شێوەی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی دەکا کە دەڵێ: «کۆماری ئیسلامی نیزامێکە کە لەسەر پایەی ئیمان بە خوای بێ هاوتا (لاالەالاالله) دامەزراوە کە حاکمییەت‌و قانوون‌دانان تەنیا تایبەت بە خوای گەورەیەو پێویستە لە بەرامبەر ئەمرو فەرمانی خوادا خۆ بەدەستەوە بدەین.

ئەگەر جارێ هەر بەودوو ئەسڵە وەک نموونە لە قانوونی بنەڕەتی ئێران‌دا وازبێنین‌و بێینە نێو باسەکە کە هەڵسەنگاندنێک لەنێوان حکوومەتی ئیسلامی‌و کۆماری دێموکراتیک‌دا بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە دێموکراسی یان حکوومەتی دێموکراتیک کە لەسەردەمی ئێستای ئێمەدا شێوەیەکە لە بەڕێوەبردنی وڵات، مانای بەربڵاوی هەیە کە لە کردارو عەمەل‌دا قاڵب‌و شێوەی جۆراوجۆر بەخۆیەوە دەبینێ، بەڵام تایبەتمەندی‌یەک کە لە هەموو شێوەکانی دێموکڕاسی‌دا هەیە بریتی یە لە «حکوومەتی خەڵک» و «هەڵبژاردن» کە لە فەرهەنگی سیاسی‌دا کۆماری بەو شێوەیە مانا دەکرێتەوە: «کۆمارری دێموکراتیک بۆ بەڕێوەبردنی وڵات‌و دەست‌نیشان‌کردنی دەسەڵاتدار جا چبە ڕێگای ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێ بە هەڵبژاردن لە ڕێگای خەڵکەوە هەڵبژێردرێ‌و بە پێی وڵات‌و هەلومەرج ماوەی دەسەڵاتداری بەقانوون دیاری دەکرێ‌و لە نیزامی کۆماری‌دا زۆرتر بە ڕێژیمی دێموکراتیکی پارلمانی دەگوترێ کە ئەحزاب‌و ڕێکخراوە جەماوەری‌یەکان‌و پارلمان ڕۆڵی بەرچاویان لە دیاری‌کردن‌و چالاک کردنی سیستمی بەڕێوبەریی وڵاتدا هەیە.

بەڵام کە باس لە حکوومەتی ئیسلامی دەکەین خاڵێکی جێگای سەرنج و تێڕامان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئیسلام ئایینی خواوەندەوقانوون‌و فەرموودەکانی بۆ مرۆڤ نەهاتوە کە دەستکاری‌یان بکا. بەڵام دێموکراسی شێوەیەکە لە بەڕێوەبردنی وڵات کە خوڵقاوی دەستی مرۆڤە، بۆیە لەو سیستمەدا هەر کاتێک بە پێویست بزانرێ مرۆڤ دەتوانێ دەستکاریی قانوونەکان بکا.

حکوومەتی ئیسلامی بۆ بەڕێوەبردنی وڵات‌و چارەسەرکردنی گرفتەکانی نێو کۆمەڵگا کەرەسەی ئیجرایی تایبەت بە خۆی هەیە کە لەگەڵ کەرەسە ئیجرایی‌یەکانی حکوومەتی دێموکراتیک زۆر لە ناتەبایی‌دایە.

پێناسەی نیزامی دێموکراتیک بریتی‌یە لە : سەروەریی قانوون، کۆماری، دابەش‌کردنی دەسەڵات‌و دابین‌کردنی ئازادی‌یە گشتی‌یەکان، وەک ئازادیی بەیان‌و ئەندیشە، ئازادیی حیزب‌و ڕێکخراوەکان، بەشداریی خەڵک لە دیاری‌کردنی چارەنووسی خۆیان‌دا، ئەویش لە ڕێگای بەشداری لەهەڵبژاردنێکی ئازادو دێموکڕاتی‌دا.

بەڵام هەروەک پێشتر باسمان کرد حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بەپێی ئەسڵی دووهەم لە قانوونی بنەڕەتی لەسەر ئەساسی قانوونەکانی ئیسلام دامەزراوە کە مرۆڤ ناتوانێ هیچ دەستکاری‌یان بکا. لە خوارەوە لە چەند لایەنەوە هەڵسەنگاندن بۆ حکوومەتی ئیسلامی بە شێوەی ئێران‌و نیزامی کۆماری لە سەردەمی ئێستادا دەکەین:

١ـ ڕەسەنایەتی قانوون: نیزامە دیموکراتیکەکان بۆ ئیدارەو بەڕێوەبردنی وڵات پێداگری لە سەر ئەساسی قانوون‌و دابەشکردنی دەسەڵات، چاوەدێری قەزایی‌و پشتیوانی لە ماف‌و ئازادیی تاک بە تایبەت ماف‌و ئازادی‌یە سیاسی‌یەکان دەکەن.

لە نیزامی ئیسلامیی ئێران‌دا هەر چەند لە قانوونی بنەڕەتی‌دا ئیشارە بە بنەماکانی دیموکراسی کراوە کە لە سەرەوە باسمان کردوون بەڵام هەر وەک دەبینین لە ماوەی ٣٤ ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتداریی ئیسلامیی ئێران بە ئاشکرا ئەو بنەمایانەی دیموکراسی پێشێل کردوەو لە ڕێگای گرتن‌و زیندانی‌کردن‌و ئەزیەت‌و ئازاردان‌و ئێعدامی جیابیرانەوە بگرە هەتا ئێعدامی بە کۆمەڵ‌و بێ‌حورمەتی بە کرامەت‌و کەسایەتیی مرۆڤەکان دەسەڵاتی خۆی سەپاندوەو هەر نارەزایەتی‌یەک هەبێ بە توندترین شێوە سەرکوت کراوە بە بێ ئەوەی گوێ بە نارەزایەتی‌یە نێو دەوڵەتی‌یەکانیش درابێ. بۆیە ئاکام وەردەگرین کە نیزامی ئیسلامیی ئێران تەنیا بۆ جوان‌کردنی ناوەکەی پێشگری کۆماریی وەرگرتوە، ئەگینا هیچ پێوەندی‌یەکی بە نیزامی کۆماری‌یەوە نیە چونکە ڕەسەنایەتیی قانوونی تێدا بەرچاو ناکەوێ.




٢ـ کۆماری: لە مانای گشتی‌دا کۆماری بە مانای بەشداریی خەڵک لە پێکهێنانی حکوومەت‌داو دیاری‌کردنی شێوەو نێوەرۆکی ئەو حکوومەتەیە. بەڵام لە سیستمی حوکمڕانیی ئیسلامیی ئێران‌دا ئەوەی بایەخی بۆ دانانرێ دەنگی خەڵکە. لە ساڵی ١٣٥٨دا خەڵکانی ئێران ئەگەر دەنگیشیان بە نیزامی کۆماری ئیسلامی دابێ لە ڕاستی‌دا هیچیان لە نێوەرۆکی ئەو نیزامە نەزانیوەو تەنیا لە بەرامبەر نیزامی پاشایەتی‌دا کە خۆیان ڕووخاندبوویان دەنگیان بە نیزامی کۆماری ئیسلامی‌داوەو ئەگەر بەو شێوەیە لێکی بدەینەوە کە خەڵک لە نیزامی پاشایەتی بێزار ببوون‌و بە دوای نیزامێکدا دەگەڕان کە بە دەستی خۆیانەوە بێ واتە لە ڕێگای خۆیانەوە هەڵبژێردرێ‌و بتوانن خۆشیان لە دەسەڵاتی بخەن، هەر بۆیە خەڵک پێیان وابوو مادام نیزامەکە کۆماری‌یە، شانسی بەشداربوونی خەڵکی تێدایە. حکوومەتی ئیسلامییش هەتا ئەو کات بەو شێوەیە کە ئێستا دەناسرێ نەناسرابوو کە تاقمێک بە ناوی ئیسلام‌و دین بۆ ساڵانێکی دوورودرێژ بە سەر ئێران‌و خەڵکانی ئێران‌دا حکوومەت دەکەن‌و کەسێک بە ناوی «ولی فەقیە« جێگای پاشا دەگرێتەوەو لە سەر کورسیی دەسەڵات دادەنیشێ، بێ ئەوەی خەڵک لە دیاری‌کردن‌و لابردنی‌دا هیچ جۆرە دەسەڵاتێکیان هەبێ. لە حاڵێکدا لە نیزامی کۆماری‌دا بەڕێوەبەریی وڵات یان بە واتایەکی دیکە دەسەڵاتداریی وڵات لە ڕێگای خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێ‌و ماوەی دەسەڵاتدارییشی بۆ دیاری دەکرێ.

٣ـ دابەشکردنی دەسەڵات «تفکیک قوا»

ئەو ئەسڵە یەکێک لە گرینگترین ئوسوولی دیموکراسی‌یە کە پایەدارێژەری ئەو زانای بەناوبانگی فەرانسەیی «مونتسکیو»یە. لەو کاتەوە لە لایەن حکوومەتە دیموکراتیکانەوە وەرگیراوەو کاری پێ دەکرێ‌و ئەو ئەسڵە واتە دابەشکردنی دەسەڵات بۆتە پێناسەیەک بۆ ناسینەوەی حکوومەتە دیموکراتیکەکان. لە قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی‌دا ئەو ئەسڵە واتە دابەشکردنی دەسەڵات هاتوەو لە ماددەی ٥٧دا بەو شێوەیە باس دەکا:

«دەسەڵاتەکانی حاکم لە کۆماری ئیسلامیی ئێران‌دا بریتین لە (قانووندانان «مەجلیس»، بەڕێوەبەری «ئیجرایی»و قەزایی «ق×ایی» کە لە ژێر چاوەدێری ویلایەتی موتەڵەقەی فەقیهـ واتە ئیمامی ئۆمەت‌دا بەڕێوە دەچێ).

هەروەها قانوونی ئەساسی تواناو دەسەڵاتی ئیمامی ئۆممەت لە سەرەوەی ئەو سێ دەسەڵاتە دادەنێ‌و دەسەڵاتێکی بەدەر لە قانوونی پێ‌دەدا بۆ نموونە:

ـزۆرجاران بڕیارو لایحە پەسندکراوەکانی مەجلیس بە حوکمی حکوومەتی لە لایەن ڕێبەرەوە هەڵدەوەشێندرێنەوە.

ـ کاتێک سەرکۆمار لە لایەن خەڵکەوە بە هەر فێڵ‌و تەڵەکەو عەیب‌و عارێک هەڵدەبژێردرێ ڕێبەر بە بڕیارێک دەتوانێ لە پۆستی سەرکۆماری لای‌بەرێ بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ دەنگی خەڵک‌و لە کاتی سوێندخواردنیش‌دا دەبێ ڕێبەر حوکمەکەی بۆ ئیمزا بکا ئەو کات دەتوانێ پۆستی سەرکۆماری وەربگرێ.

ـ سەرۆکی دەسەلاتی دادوەری لە لایەن ڕێبەرەوە دیاری دەکرێ‌و دەسەلاتی پێ‌دەدرێ. تەنیا لە بەرامبەر ریبەریش‌دا بەرپرسیارە.

بەڵام لە نیزامی دیموکراتیک‌دا کە بە شێوەی کۆماری بەڕێوە دەچێ دابەشکردنی دەسەڵات‌و شێوەی هاوکاریی ئەو دەسەڵاتانە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات بە قانوون دیاری دەکرێ‌و هیچ کام لەو دەسەڵاتانە ناتوانن لە چوارچێوەی قانوونیی خۆیان دەربچن.

هەر وەک پێشتر باسمان کرد بە پێی ئەسڵی ٥٧ ی قانوونی بنەڕەتیی ئێران هەر سێ دەسەڵاتەکە لە ژێر چاوەدێریی ڕێبەر دان‌و بە پێی ئەسڵی ٩٣ لە قانوونی بنەڕەتیی ئێران دەسەڵاتی قانوون‌دانان «مەجلیسی شوورای ئیسلامی» بێ‌بوونی «شورای نگهبان» ئێعتباری قانوونیی نیە لە حاڵێکدا مەجلیس هەڵبژێردراوی خەڵکەو شوورای نیگابان دیاری کراوی دەستی ڕێبەرە.

بەو شێوەیە دەگەینە ئەو ئاکامە کە نیزامی کۆماری لەگەڵ نیزامی ئیسلامی لە ناتەبایی‌دایە. نیزامی کۆماری لە سەر بنەمای دیموکراسی دادەمەزرێ کە خوڵقاوی دەستی مرۆڤەکانەو لە هەر کاتو سەردەمێکدا بە پێی نیازو پێداویستی‌یەکانی کۆمەڵگا دەتوانرێ یاساو ڕێساکانی دەسکاری بکرێن، بەڵام حکوومەتی ئیسلامی کە لە سەر بنەماکانی ئایین دامەزراوە لە هیچ کاتو ساتێکدا ناتوانرێ دەسکاریی یاساورێساکانی بکرێ چونکە ئەو یاساورێسایانە خوڵقاوی دەستی مرۆڤ نین بەڵکوو بەدەر لە توانای مرۆڤ‌و مرۆڤ بۆی نیە دەسکاری‌یان بکا.

# پرۆسەی ڕیفۆرم لە نێو بەرداشی ئۆپۆزیسیۆنی ڕووخێنەرو دەسەڵاتی دیکتاتۆردا



سمایل شەرەفی

پرسی ڕیفۆرم لە ئێران لە گەڵ ئەوەی‌مێژوویەکی ڕیشەداری هەیە، بەڵام ئێستاشی لە گەڵ بێ لەم کۆمەڵگایەدا وەک پرۆسەیەکی سیاسی _ کۆمەڵایەتی بە دامەزراوە نەکراوە. بە مانایەکی سادەتر ئەم پرسە نەتەنیا لای خەڵکی ئەم وڵاتە (کۆمەڵگا) سەرنجی نەدراوەتێ‌و لە ڕووی کەلتووری‌یەوە دەرک بە قازانجەکانی نەکراوە، بەڵکوو لای نوخبەی سیاسییش (هێزولانەکانی ئۆپۆزیسیۆن) کارێکی ئەوتۆی لە سەر نەکراوە.

«ڕووخان» و «لە نێوچوون»ی یەک لەدوای یەکی دەسەڵاتەکانی زاڵ بەسەر ئێران‌دا نە تەنیا نیشانەی ئەو ڕاستی‌یەیە کە لەم وڵاتەدا پرسی ڕیفۆرم هیچ بایەخ‌و سەرنجێکی نەدراوەتێ، بەڵکوو دەکرێ وەک یەکێک لە فاکتەرە هەرە کاریگەرەکان لە دوورخستنەوەی کۆمەڵگاو نوخبە لە پرسی ڕیفۆرم دەسنیشان‌و هەڵوێستەی لە سەر بکرێ.

بە بەراورد لە گەڵ قۆناغەکانی پرۆسەی ڕیفۆرم _ئەگەر بشێ بە پرۆسە پێناسە بکرێ _ لە ماوەی یەک دەیەی ڕابردوودا پرسی ڕیفۆرم خەریکەو دەیهەوێ خۆی لە قۆناغێکی زیندوودا پێناسە بکاتەوەو توانیویەتی بەشێک لە کۆمەڵگاو بەشێکی زیاتر لە نوخبەو بژاردەکان لە خۆی تێبگەیەنێ. بۆ گەیشتن بەم قۆناغەیش، بێگومان تێچووی بەرچاوی ئینسانیی سەرف کردوەو تا ئێستاش هەر بە قوربانیدانەوە خۆی بەرەو قۆناغێکی دیکە ڕاکێش دەکا.

ڕیفۆرم لە ئێران بە تایبەت لە سێ دەیەی ڕابردوودا بە هۆی دیکتاتۆربوونی دەسەڵات‌و گرتنەپێشی گوتاری «ڕووخانی دەسەڵات» لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە بە جۆرێکی جیاواز ناچار بە دانی هەزینە بووە. بە زمانێکی سادەتر دەتوانین بڵێین ئەمجارەیان پرسی ڕیفۆرم لە لایەن هەردوو بەرەوە ناچار بە دانی هەزینە بووە. چونکی ئەگەر لە لایەک «دەسەڵات» حەزی لە چارەی نەکردوەو هەوڵی شکست‌پێ‌هێنانی داوە، لە لایەکەی دیکەشەوە (ئۆپۆزیسیۆن) دەرکی بە پێویستیی بوونی پرۆسەی ڕیفۆرم لە بەرەیەکی ڕیفۆرمیستی‌دا نەکردوەو لە ڕووی گوتاری‌یەوە لە خانەی مەنتیقی «ڕەش‌و سپی»دا قەتیس ماوە.

لە قۆناغی ئێستادا — کە ئەگەر بەتایبەتی باس لە خولی یازدەهەمی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێران‌دا بکەین‑ پرسی ڕیفۆرم داستانێکی جیاوازی هەیە. ئیدی ئێستا بە پێچەوانەی قۆناغەکانی ڕابردوو لە گۆڕەپانەکەدا سووژەکان تەنیا دەسەڵات‌و ئۆپۆزیسیۆنی ڕووخێنەر (هەڵگری دروشمی ڕووخاندنی دەسەڵات) نین. بەڵکوو لە نێو ئەم دوو سووژەیەدا پرۆسەی ڕیفۆرم، بەرچاوتر لە هەمیشە خەریکە بە گوتارێکی دیکەوە، پێناسەیەکی دیکەو جیاواز بە سیاسەت‌و کۆمەڵگاو نوخبە دەبەخشێ.

بە سەرنجدان بە ئاکامی سەرکەوتنی گوتاری ڕووخان لە وڵاتانی دراوسێ‌و ناوچەکە لە لایەکو بێ لیاقەتیی دەسەڵات لە لایەکی دیکەوە، ئەمڕۆکە زیاتر لە هەمیشە هەست بە پێویستیی ڕیفۆرمو گوتاری ڕیفۆرمیستی لە ئێران‌دا دەکرێ.

هەستی «شۆڕشگێڕبوون» بە مانا کلاسیکەکەی کە تێکدان‌و ڕووخانی ڕێژیم‌و دەسەڵات‌و سیستمی لێ‌وەردەگیرا، ئەمڕۆکە لە ئێران‌دا بە بەراورد لە گەڵ مانای «هەزینە»دا، باڵای کورتەو سەرنجراکێشیی جارانی نەماوە. بە واتایەکی دیکە لە کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێران‌دا خەڵک بەدوای ژیانی ئارامی تێکەڵ بە «رفاه»دا دەگەڕێن‌و هەزینەکان بە میلی‌میتر لێک دەدەنەوە. ئەمە تایبەتمەندیی کۆمەڵگای لە حاڵی گەشەدایە.

لە حاڵەتێکی وەهادا هەستکردن بە پێویستیی ڕزگارکەرێک کە هەم بتوانێ وەزعی مەوجوود بگۆڕێ‌و هەم هەزینەی زیاتر نەخاتە سەر کۆمەڵگا لە قالبی پرۆسەی ڕیفۆرم‌دا خۆی دەردەخاو گوتارێکی ڕیفۆرمیستی دەتوانێ هەم کۆمەڵگاو هەم ئیلیتی سیاسی لێک نزیک بکاتەوەو لە پرۆسەیەکی بەردەوام‌دا هەنگاو بەرەوپێش بنێ.

چاوەڕوانیی لە ڕەوتە سیاسی‌یەکانی هەڵگری گوتاری ڕیفۆرمیستی لە ئێران بۆ هاتنەمەیدان لە هەڵبژاردنەکانی خولی یازدەهەمی سەرکۆماری‌دا، سەلمێنەری ئەو پێویستی‌یەیە کە کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێران‌و بژاردەی سیاسی لە سەر ئاستی نێوخۆدا دەرکی کردوە.

بەڵام سەرەڕای دەرک‌کردنی ئەم پێویستی‌یە لە سەر ئاستی نێوخۆیی دیسانیش پرۆسەی ڕیفۆرم جیا لە کۆسپی سەرەکی کە هەر ئەو دەسەڵات‌و دیکتاتۆری‌یەیە، نابێ لە ڕەقیبێکی مانایی‌و ماهییەتیی خۆی غافڵ بێ. ئەویش ئۆپۆزیسیۆنی خارج‌نشینە بە گوتاری ڕووخینەرو شۆڕشگێڕانەوە.

ئۆپۆزیسیۆنی هەڵگری دروشمی ڕووخێنەرانە بە پێی شێوازی ڕەفتاریی خۆی کە هەر لە گوتاری ڕووخاندن وەرگیراوە، بێ‌ئەوەی گوێ بداتە بوونی پرۆسەی ڕیفۆرم‌و بێ ئەوەی باوەڕی بە بۆچوونی ڕیفۆرمیستی هەبێ، نەتەنیا یارمەتیدەری پرسی ڕیفۆرم نیە، بەڵکوو بە ڕوانینی گوماناوی‌یەوە هەوڵ دەدا پرسیاری لە سەر ساز بکا. هەروەها بە مەبەستی بەهێزکردنی وتاری ڕووخان‌و ڕەوایی‌دان بە هەڵوێستی «ڕەش یان سپی»ی خۆی حەز بە هیچ چەشنە بەرەوپێشچوون‌و سەرکەوتنێکی ڕەوتە ڕیفۆرمیستییەکان ناکا.

لە تازەترین نموونەدا؛ لەم ڕۆژانەدا کە ڕەوتە ڕیفۆرمیستەکانی نێوخۆی وڵات باس لە «ئیجماع» ی نەزەریان لە سەر چۆنیەتیی هەڵوێستیان بەرانبەر بە پرسی هەڵبژاردنی سەرکۆماری دەکرێ، ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات بە زەق‌کردنەوەی ڕوانینە جیاوازەکانی نێوان ئەم‌ڕەوتانە، هەوڵی لێک‌ترازان‌و دوورخستنەوەیان لە یەکتر دەدەن. بە واتایەکی دیکە ئۆپۆزیسیۆنی ڕووخێنەر بە ترازاندنی ڕەوتە ڕیفۆرمیستی‌یەکان لە یەکتری، هەوڵی پاراستنی بۆچوونی ڕووخێنەرانەو ڕەوایی‌بەخشین بە مێتۆدو شێوازە سیاسی‌یەکانی خۆیان دەدەن.

لە لایەکی دیکەشەوە دیکتاتۆری هاوتەراز لە گەڵ خاوەنانی گوتاری «ڕەش یان سپی»و یەکلاکەرەوە، بەڵام بە شێوەیەکی جیاوازو بە مەبەستی تێک‌شکاندنی پرۆسەی ڕیفۆرمیستی لە ئێران، بە گرتنەپێشی هێندێک ڕێکاری دیکە، غافڵ لە مەترسی‌یەکە بۆ سەر هێزو ماهییەتی خۆی نیە.

ئەوەی لەم قۆناغەدا بۆ پرۆسەی ڕیفۆرم لە ئێران‌دا گرنگە چۆنیەتیی بەرەوڕووبوونەوەی ڕیفۆرمیستانەی ئەم ڕەوتانەیە لە گەڵ ئەم دوو جۆرە بۆچوونە کە وەک بەرداش ئەم ڕەوتانە تێک دەهاڕێ.

کوردستان
ژمارە: ٦٠٦
٣١ی خاکەلێوەی ١٣٩٢
٢٠ی ئاوریلی ٢٠١٣

بیرو رای ئازاد

**کوێستان فتوحی: لە دەورانی دەسەڵاتی مارگارێت تاچێردا لە زۆر وڵاتان ژنان لە هەلومەرجێکی نالەباری سیاسی، ئابووریو کۆمەڵایەتیدا بوون، بەڵام ئەو کە دەسەڵاتی وڵاتێکی زلهێزی وەک بریتانیای بەدەستەوە بوو، قەت نارەزایەتیی بەرامبەر ئەو وڵاتانە دەرنەبڕی کە لەواندا ژنانو توێژە هەژارو زەحمەتکێشەکان لە بێبەشیدا بوون**

**سیروان موساپوور: ململانێ لەسەر دەسەڵاتو ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان حکوومەتی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو و خەڵکی ناڕازیو، هەڵوێستو پلانی ئەرتەشی ئەو وڵاتە وەک هێزێکی کاریگەرو شوێندانەر لە بابەتە چارەنووسسازەکاندا، تەنیا لە چوارچێوەی شەڕی دەسەڵاتدا خۆی نابینێتەوە، بەڵکوو بە ڕوونی ململانێیەکی هزریو ئایدۆلۆژییش لەنێوان دوو بەرەی جیاواز لە یەکتردا دەبینین.**

# دنیای سەرمایەداری سیاسەتمەدارێکی کارامەی لەدەستدا!



کوێستان فتووحی

بە دوای مردنی مارگارێت تاچێر، سەرۆکوەزیری پێشووی بریتانیاو بڵاوبوونەوەی هەواڵی مردنەکەی، زۆر لە کەسایەتیو ڕێبەرانو سیاسەتمەدارانی دنیا بەم بۆنەیەوە باسیان لە کەسایەتیو تایبەتمەندییەکانی ئەو ژنە سیاسەتمەدارە کۆچکردووەی بریتانیا کردو جارێکی دیکە باسو هەڵسەنگاندنیان لە سێ دەورە دەسەڵاتو سیاسەتەکانی ناوبراو کردەوە.

ڕۆژی دووشەممە ١٨ی خاکەلێوە مارگرێت تاچێر یەکەمو تەنیا سەرۆکوەزیری ژن لە بریتانیا لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. ناوبراو ڕێبەری پێشووی حیزبی موحافیزەکارانی بریتانیا بوو. ئەو حیزبە یەکێکە لە حیزبە سیاسییە گرنگەکانی بریتانیا کە لە سەدەی ١٩وە لە وڵاتی ئینگلستان تێکۆشانی سیاسیی هەیە. حیزبی موحافیزەکار زۆرتر لە گەڵ حیزبی کرێکار لە بریتانیا لە ململانێدایە.

سیاسەتەکانی خانمی تاچێر لە دەیەی هەشتادا، وەک بەرتەسککردنەوەی سەندیکا کرێکارییەکان لە بریتانیا، قەبووڵنەکردنی ناوی زیندانیی سیاسی بۆ موخالیفانی خۆی لە زیندان، ڕەفتاری نادادپەروەرانەی ناوبراو لەگەڵ مەعدەنچییەکان لە دەیەی ١٩٨٠دا، لابردنی ژەمەشیری قوتابییان لە قوتابخانەکان، هەڵوێستی لە ئاست کارەساتی یاریگای «هیلزبورو» لە ساڵی ١٩٨٩دا کە لە کاتی تەماشای فووتباڵ لە ڕووداوێکدا ٩٦ کەس گیانیان لەدەست دا، کە ئەم کارانە هەموو لە دەورەی یەکەمی سەرۆکوەزیریی مارگارێت تاچێردا دەستیان پێکردو بوون بەهۆی ئەوە بەشێکی گەورەو گرنگی کۆمەڵەو توێژە کرێکارییەکان لە بریتانیا، ژنانی فیمینیستو زیندانییانی سیاسیی دەیەی ٨٠، لە ناوبراو بێزار بنو ناخۆشیان بوێ. هەربۆیە توێژی کرێکارو کۆمۆنیستەکان بە مردنی ناوبراو نەک بەپەرۆش نەبوون بەڵکوو تا ڕادەیەکیش خۆشحاڵیی خۆیان لە مردنی ناوبراو دەربڕی.

-لە کارەساتی یاریگای «هیلزبورو» لە ١٩٨٩دا ئەو کاتە سەرپۆش بەسەر ڕاستییەکاندا دراو نەگوترا پۆلیس بەدرەنگەوە بۆ ڕزگارکردنی گیانی قوربانییان دەستبەکار بووەو بۆیە ئەم هەموو قوربانییەی لێکەوتەوە. تەنانەت ئەو کاتە قوربانییەکان بە تاوانباری ڕووداوەکە ناسێندرانو وەک ئاژاوەگێڕ ناویان لێنرا. هێندێک لە کەسایەتییە سیاسییەکانی بریتانیا ئەو ڕووداوە بە کارەساتێکی گەورەو



هەرلەوکاتەشدا بێزهەستێن بۆ مێژووی دادوەریی بریتانیا لەقەڵەم دەدەن. دێیڤید کامیرۆن، سەرۆکوەزیری ئێستای بریتانیا لەم ساڵانەی دواییدا داوای لێبووردنی لە بنەماڵەی قوربانییەکان کرد. ئەوە لە کاتێکدایە کە مارگارێت تاچێر سەرۆکوەزیری ئەوکاتی بریتانیا ئەو کاتە لە چۆنیەتیی لێپرسینەوەکانی ئەو ڕووداوە ئاگادار بووەو لێی ڕوون بووە کە کوژراوەکانی ئەو ڕووداوە نە ڕەفتارێکی توندوتیژیان لەخۆیان نیشان دابوو نە ڕەفتاریان نائاسایی بوو، بەڵکوو تەنیا قوربانیی هەڵەو کەمتەرخەمییەکانی پۆلیس بوون کە نەیانتوانیبوو کۆنترۆڵی چوونی خەڵک بۆ نێو یاریگاکە بکەنو زیاتر لە ڕێژەی خۆی خەڵک بۆ تەماشا چووبوونو دواتر ئەم ڕووداوەی لێکەوتەوە.

تاچێر بۆچی بە «خاتوونی ئاسنین» ناوبانگی دەرکرد؟

ئەمن نامەوێ لەم کورتەوتارەدا باسی کەسایەتیی مارگارێت تاچێرو هەموو تایبەتمەندییەکانی بکەم، یان ڕەتی بکەمەوە کە سیاسەتمەدارێکی سەرکەوتوو بووە، بەڵکوو دەمەوێ تەنیا ئەوە بڵێم کە سەرکەوتنو ناوبانگی ئەو خانمە لە بەر ئەوە نەبووە شەڕی دادپەروەری بۆ جیهان بکا. بەڵکوو ئەو نمادی دەسەڵاتو سیستمی سەرمایەداری لە سەدەی بیستەمدا بووە. مارگرێت تاچێر لە مەیدانی سیاسەتو دەسەڵاتدا ناکرێ وەک ژنێکی سەرکەوتوو ناوی نەهێنرێ، بەڵام دەبێ بڵێین سەرکەوتوو لە چبوارێکداو بە چنرخیک؟

لە بواری سووربوونو ڕاوەستان لەسەر سیاسەتی بەرژەوەندیخوازانەی وڵاتەکەیو بە نرخی قوربانیکردنی مافو بەرژەوەندیی خەباتکارانو ئازادیخوازانی وڵاتانی دیکە لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی خۆی. بەڕاستی لەو مەیدانەدا قورسو قایم وەک پۆڵا ڕاوەستاو سیاسەتی خۆی بردە پێشەوە. تەنانەت لە وڵاتەکەی خۆشیدا، دادپەروەرانە سیاسەتی نەکرد. دیارە بواری سیاسەت پێوەندیی بە ژنبوونو پیاوبوونەوە نیە، بەڵکوو ئەوە باوەڕبەخۆبوونو شێلگیربوون لە سەر سیاسەتەکانی خۆی بوو کە خانمی تاچێری کردبووە «خاتوونی ئاسنین».

تاچێر وەک ژن، شەڕی دەسەڵاتو بەرژەوەندیخوازیی نەکردوە، بەڵکوو وەک سیاسەتمەدارێک لە مەیدانی سیاسەتدا، کە هەمووکات مەیدانێکی پیاوانە بووە، ئەوشەڕەی بردۆتەوە. ئاشکرایە ئەگەر ژنانێکیش تاکو تەرا هەڵکەوتبن لەو مەیدانەدا سەرکەوتوو بووبن، بەهۆی ئەو باوەڕبەخۆبوونە بووە کە لەو بوارەدا بوویانەو سیاسەتیان کردوە. خانمی تاچێریش یەکێک بووە لەو سیاسەتمەدارە گەورانەی کە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی حیزبەکەی مافی هەزاران ئینسانی لە وڵاتەکەی خۆیدا پێشێل کردوە. ئینسانێک بووە بە چاوێکی دادپەروەرانە نەیڕوانیوەتە ماف، ژیان و ئازادییەکانی ئینسانەکان، بەڵکوو بەرژەوەندیو پاراستنی دەسەڵاتەکەی لە هەموو شتێک بەلاوە گرنگتر بووە.

لە دەورانی دەسەڵاتی مارگارێت تاچێردا لە زۆر وڵاتان ژنان لە هەلومەرجێکی نالەباری سیاسی، ئابووریو کۆمەڵایەتیدا بوون، بەڵام ئەو کە دەسەڵاتی وڵاتێکی زلهێزی وەک بریتانیای بەدەستەوە بوو، قەت نارەزایەتیی بەرامبەر ئەو وڵاتانە دەرنەبڕی کە لەواندا ژنانو توێژە هەژارو زەحمەتکێشەکان لە بێبەشیدا بوون.

تاچێر ژنێکی سەرکەوتوو و وەک ئاسن قایمو بەهێز بووە، لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی سیستمی سەرمایەداریو سیستمی پیاوسالاری لە جیهاندا. سیستمێک کە بناغەکەی لەسەر ناعەدالەتی دامەزراوە. بۆیە زۆربەی فیمینیستەکانی بریتانیا لێی بێزار بوون. بەتایبەتی ژنانی شارۆچکە کرێکارییەکانو مەعدەنچییەکانی ئینگلستان کە لە گەورەترین نارەزایەتییە کرێکارییەکانی ئەو وڵاتەدا ساڵی ١٩٨٤ لە پێشەوەی خۆپیشاندانەکاندا بوون.

تاچێر سەلماندی سیاسەتمەدارێکی ژن ئەگەر بیهەوێ لە دنیای سیاسەتو دەسەڵاتو لە کایەی سیاسەتو سیاستبازیدا شان لە شانی پیاوانی سیاسەتمەدارو دەسەڵاتدار بداو وەک ژنێکی بەهێزو سەرکەوتوو بناسرێ، دەبێ جێی متمانەی جیهانی سەرمایەداریو پیاوسالار بێو نە بەرژەوەندیی ژنانو توێژی زەحمەتکێشی بەلاوە گرنگ بێ نە پاراستنی دادپەروەری.

**کورتەیەک لە ژیانی مارگرێت تاچێر**

**لە ساڵی ١٩٢٥ لە گرانتهام لە نزیک شاری لەندەنی ئینگلستان لەدایک بوو. لیسانسی هونەری لە دانشگای ئاکسفۆرد وەرگرتو دواتر لە دوو ڕشتەی شیمیو حوقووقدا درێژەی بە خوێندن داو لە هەر دوو ڕشتەکەدا لیسانسی وەرگرت. پاشان بە سەرپەرستیی گرووپی خوێندکارانی ئەندامی حیزبی موحافیزەکار لە دانشگای ئاکسفۆرد هەڵبژێردرا.**

**تاچێر لە ساڵی ١٩٧٢دا لەگەڵ دێنیس تاچێر یەکێک لە بەرپرسانی سەرمایەداریی سەنعەتی نەوت، ژیانی هاوبەشی پێک هێناو بوون بە خاوەنی کچێکو دوو کوڕ. تاچێر ماوەیەک لە دادگا کاری وەکالەتی دەکرد.**

**لە ١٩٥٩دا بە نوێنەری مەجلیسی عەوامی ئینگلیس هەڵبژێردراو لە دەوڵەتی حیزبی موحافیزەکار لە ساڵی ١٩٧٠دا بەرپرسایەتیی وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنی بەئەستۆوە بوو.**

**ساڵی ١٩٧٥ بە ڕێبەری حیزبی موحافیزەکار هەڵبژێردرا. ئەوە یەکەمین جار بوو لە مێژووی ئینگلستاندا ژنێک دەبووە ڕێبەری حیزبێکی سیاسیی گەورەی ئەو وڵاتە.**

**لە سێیەمی مانگی مای ١٩٧٩ کە موحافیزەکارەکان لە هەڵبژاردنی پارلمانیدا سەرکەوتن، تاچێر بە سەرۆکوەزیری ئینگلستان هەڵبژێردرا.**

**تاچێر بۆ جاری دووهەم لە ٩ی ژوئەنی ١٩٨٣و بۆ جاری سێهەم لە ١١ی ژوئەنی ١٩٨٧ لە پۆستی سەرۆک وەزیریدا مایەوە.**

**تاچێر هەمووکات هاوپەیمانو پشتیوانی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ئورووپا بووە. هەر لە چوارچێوەی ئەم ڕوانینەیدا بووە، یەکیەتیی دراویی ئورووپا یان پەیماننامەی یەکەتیی ئورووپای بێسنوور، لەگەڵ سیاسەتو کارشکێنیی دەوڵەتی تاچێر بەرووڕوو بۆتەوە.**

**ناوبراو پاش ١١ ساڵ سەرۆک وەزیری و ١٥ ساڵ ڕێبەریی حیزبی موحافیزەکار لە ٢٢ی نوامبری ١٩٩٠ دا لە پۆستی سەرۆکوەزیری کشایەوە، بەڵام چەند ساڵێک وەک نوێنەری حیزبی موحافیزەکار لە پارلماندا درێژەی بە تێکۆشانی سیاسیی خۆی دا.**

**تاچێر ئاوریلی ،٢٠١٣ بە هۆی پیریو نەخۆشی مالاوایی لە ژیان کرد.**

# ململانێی جیاوازییەکان لە میسر



سیروان موساپوور

ئاوڕلێدانەوە و باسکردنی چۆنییەتی هاتنەئارای ڕاپەڕینی خەڵکی میسر دوابەدوای هەڵگیرسانی ئەو شۆڕشە کە بە بەهاری عەرەبی ناسراوەو لە تونیسەوە دەستی پێکردو ئێستاش گڕی ئاگری ئەو شۆڕشە خەریکە خەڵکو خاکی سووریە دەسووتێنێ، بابەتێکە زۆری لەسەر نووسراوەو بە شێوازی جۆراوجۆر تاوتوێ کراوە. ئەوەی لێرەدا بە کورتی باسی دەکرێ، ئەوەیە کە پاش نزیک بە دوو ساڵ لە ڕاپەڕینی خەڵکی میسر ئێستاش ئەو وڵاتە ئارامیی بەخۆیەوە نەبینیوەو نارەزایەتیی خەڵک بە دژی دەوڵەتی نوێو بارودۆخی ئاڵۆزی هەروا درێژەی هەیە. بە سەرنجدان بەوە کە میسر یەکێک لە کۆنترین وڵاتانی ناوچەکەو خاوەنی مێژوو و کەلەپوورێکی هەزاران ساڵەیەو هەرلەو کاتەدا وەک یەکێک لە شوێندانەرترین وڵاتانی جیهانی عەرەبی ڕۆڵو دەورێکی گرنگو پڕبایەخی هەیە، پێویستە لە گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە باسی ڕووداوەکانی نێوخۆی ئەو وڵاتە بکرێو ئاوڕیان لێبدرێتەوە کە بێگومان یەکێک لەو بابەتانەش کێشەو ململانێ نێوخۆییەکانی میسرە کە دەتوانین لەژێر ناوی ململانێی جیاوازییەکان لە میسردا باسی لێبکەین.

کێشەو ململانێی جیاوازییەکان لە میسردا تەنیا تایبەت بە ڕووداوەکانی دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەم دواییانەی خەڵکی ئەو وڵاتە نیە بەڵکوو بە درێژایی چەندین ساڵ لەم وڵاتەدا هەبوون کە وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بەو گرژیو ململانێیانە بکەین کە دوابەدوای پەیمانی ئاشتیی سادات لەگەڵ ئیسرائیل هاتە ئاراوە. چونکە هەروەک دەزانینو لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکاندا باس کراوە «دوای سەرکەوتنی کودیتای ساڵی ١٩٥٢ و بەدەسەڵات گەیشتنی نەتەوەخوازەکان (ئەفسەرانی ئازاد) لە میسردا، ئەو وڵاتە ئاڵاهەڵگری نەتەوەخوازیی عەرەبی بوو. دوای شکستی عەرەبەکان لە ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٦٧داو مردنی جەمال عەبدولناسرو هاتنەسەرکاری ئەنوەر سادات، ئەم وڵاتە گۆڕانێکی سیاسیی تەواوی بەخۆوە بینی. لە سەردەمی ساداتدا میسر وازی لە ڕێبەرایەتیکردنی جیهانی عەرەبی هێناو بە دروشمی «سەرەتا میسر» وەدوای ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلو کردنەوەی کەشی سیاسیو ئابووریو سووڕانی سیاسیی لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا کەوت. واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ئاشتیی «کەمپ دیڤید» بوو بە هۆی ئەوە کە نەتەنیا وڵاتانی عەرەبی ڕووی لێوەرگێڕن، بەڵکوو لەنێوخۆی میسریشدا کێشەو ململانێی لێکەوتەوە. دوابەدوای تیرۆری ساداتو هاتنەسەرکاری حوسنی موبارەک هەوڵ درا لە پەنا پێوەندیی لەگەڵ ڕۆژئاواو ئیسرائیل کار بۆ گەڕانەوەی میسر بۆ جیهانی عەرەبییش بکرێ کە ئەم ڕەوتە لە دەیەی ١٩٩٠ی زایینییەوە گەشەیەکی زیاتری بەخۆوە بینی» بەڵام لە هەموو ئەم ماوەیەدا ململانێ لە میسردا بە تایبەت لەنێوان ئیسلامییەکان (ئیخوان موسلمین) و حکوومەتی ناوەندیدا هەر لە گۆڕێ بوو.

ڕاپەڕینی خەڵکو هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەم دواییانەی وڵاتی میسرو سەرەنجام لەسەرکارلابرانی حوسنی موبارەکو هاتنەسەرکاری مورسی وەک سەرۆکی نوێ، ململانێی جیاوازییەکانی لەم وڵاتەدا زیاتر زەق کردەوەو بە تایبەت بە هاتنەسەرشەقامو نارەزایەتیی خەڵک دوای تەنیا چەند مانگێک لە دەسەڵاتدارێتیی ناوبراو زیاتر بینەری پێکدادانی ڕەوتە جیاوازەکانی نێو گۆڕەپانی سیاسیی میسر بووین.

ئەگەر ئیخوان موسلمین تا دوێنێو تا پێش ڕووخانی ڕێژیمی موبارەکو بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، یەکێک لە بەهێزترین لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی میسر بوون و هەر لە سەردەمی جەمال عەبدولناسرەوە هەتا لەسەرکارلابرانی موبارەک بە شێوازی جۆراوجۆر لەبەرامبەر حکوومەتی ناوەندیدا ڕاوەستان، دوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات ئۆپۆزیسیۆنو هێزگەلی وایان لەبەرامبەر خۆیاندا بینین کە ئەگەر لەوان بەهێزتر نەبن ئەوا زۆر لاوازتریش نینو توانای ئەوەیان هەیە کە وەڵامی «نا» بە هەندێک لە بەرنامەو سیاسەتەکانی مورسی بدەنەوە، بە تایبەت بە بوونی کەسایەتییە ناسراوو بەرچاوەکانی وەک بەڕادیعیو عەمر مووساو دەیان کەسایەتیی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئەدەبیو هونەریی دیکەو پشتیوانیی هەزاران کەسی خەڵکی ئەو وڵاتە بێگومان ڕێبەریی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو ناتوانێ ببێتە تاقە سوارەی مەیدانو بە کەیفی خۆی بەرنامەو سیاسەتەکانی جێبەجێ بکا.

ململانێ لەسەر دەسەڵاتو ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان حکوومەتی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو و خەڵکی ناڕازیو، هەڵوێستو پلانی ئەرتەشی ئەو وڵاتە وەک هێزێکی کاریگەرو شوێندانەر لە بابەتە چارەنووسسازەکاندا، تەنیا لە چوارچێوەی شەڕی دەسەڵاتدا خۆی نابینێتەوە، بەڵکوو بە ڕوونی ململانێیەکی هزریو ئایدۆلۆژییش لەنێوان دوو بەرەی جیاواز لە یەکتردا دەبینین. ئیخوان موسلمینو ئیسلامگەراکان لەگەڵ ئەوەی کە بە دەنگی لەسەدا ٦٠ی خەڵکی ئەو وڵاتە پشت ئەستوورن، بەڵام بە سەرنجدان بەوەی کە بەرەی ڕزگاریی نەتەوەیی نزیک بە لەسەدا ٤٠ی خەڵکی ئەو وڵاتەی لەگەڵە، وادێتە بەرچاو کە ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان بەرەی ڕزگاریی نەتەوەییو ئیخوان موسلمین ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر تەشەنە دەستێنێو ئەم دۆخە بۆتە هۆی ئەوە کە لەنێو کۆمەڵگەی میسردا دوو ڕەوتی ئیسلامگەراو سێکۆلار بەئاشکرا بەدیار بکەون.

خاڵێکی دیکە کە پێویستە بە وردبینیو دووربینییەوە باسی بکرێ ئەوەیە کە ململانێو ڕووبەڕووبوونەوەی نێو گۆڕەپانی میسر هەندێکجار شێوازی شەڕێکی ئایینی بەخۆوە دەگرێ کە ئەگەر زیاتر تەشەنە بستێنێ، خاکو خەڵکی ئەم وڵاتە تووشی مەترسییەکی گەورە دەکاتەوە. ئەگەرچی شتەکە نەبۆتە دیاردەو تەنیا جاروبار ڕوو دەدا، بەڵام هەر لەم چەند مانگی دواییدا چەند جارێک لە ڕاگەیەنەکان بینەرو بیسەری شەڕو پێکهەڵپڕژانی پێڕەوانو لایەنگرانی ئایینو مەزهەبە جۆراوجۆرەکان بووین. شەڕی نێوان موسوڵمانو مەسیحیو قیبتییەکان نموونەیەک لەو شەڕە ئایینییانەن. مەترسیی ئەم بەربەرەکانیو مملانێیانە کاتێک زیاتر دەردەکەوێو دواهاتو دەرەنجامی مەترسیدارتری دەبێ کە وڵاتانی خاوەن ئایینی مەسیحی لەلایەکو حیزبو گرووپو وڵاتەکانی هەڵگری ئایینی ئیسلامییش لەلایەکی دیکەوە هەر یەکێکیان بە بیانووی پشتیوانی لە لایەنێک دەست لە کاروباری نێوخۆی میسر وەربدەن، ئەگینا ئەم ڕووبەڕووبوونەوانە بەم ڕێژەیە لە زۆر وڵاتدا بەرچاو دەکەون.

هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، ململانێی جیاوازییەکان لە میسردا پێشینەیەکی دوورودرێژی هەیەو دوای ڕاپەڕینی خەڵکی ئەم وڵاتە زیاتر بەرچاو دەکەوێ بەڵام ئەوەی شایانی باسکردنە دەوڵەتی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو و ئیسلامگەرای میسر نەیتوانیوە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا هەنگاوێکی بنەڕەتی لەپێناو ڕێکخستنی بارودۆخی سیاسیو باشترکردنی ڕەوشی کۆمەڵایەتیو باری ژیانو گوزەرانی خەڵکی ئەو وڵاتە هەڵێنێتەوە. خۆپێشاندانو نارەزایەتییەکانی خەڵک لە قاهیرەو چەند شاری دیکەو ڕاپۆرتەکانی ڕاگەیەنەکان لەسەر باری کۆمەڵایەتیو ئابووریی ئەو وڵاتە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە میسری خاوەن شارستانیەتی کۆنو مێژووی هەزاران ساڵە بە ڕەوشێکی زۆر ناخۆشدا تێدەپەڕێ کە بێگومان تەنیا هاوهەڵوێستیی هێزو لایەنە جۆراوجۆرەکانی میسرو پێشخستنو سەرخستنی گوتاری نەتەوەییو پێکهێنانی دەوڵەتێکی یەکگرتوو کە بتوانێ هەموو ڕەنگەکان لەخۆیدا کۆ بکاتەوە، دەتوانێ میسر لە گەرداوی قەیرانو پشێوی ڕزگار بکا.

**ته‌ها ره‌حیمی: ئایا ئه‌مریکا ئیزن ده‌دا ئێرانیش وه‌ک کۆریای باکوور گرنگترین ناوچه‌ی خاوه‌ن‌وزه‌ی جیهان ئاڵۆز بکا، یان ئه‌وه‌ی په‌ندی له‌ کۆریا وه‌رگرتووه‌و جیهان‌و به‌ تایبه‌ت ڕۆژهه‌ڵاتی ناڤین شاهیدی ئاماده‌باشی مووشه‌که‌ ناوکی‌و بۆمبه‌ ئه‌تۆمی‌یه‌کان نابێ؟**

**ئاگری باڵه‌کی: له‌ کوردستان هیچ کارگه‌یه‌کی گه‌وره‌ی به‌رهه‌مهێنان نیه‌، ئه‌گه‌ر چاوێکی خێرا به‌ سه‌ر نه‌خشه‌ی ئێراندا بخشێنن ده‌بینن که‌ زۆربه‌ی کارگه‌کانی به‌رهه‌مهێنان‌و هه‌روه‌ها بناغه‌کانی ئابووری له‌ ئێران له‌ سێگۆشه‌یه‌کی فارس‌نیشنی ناوه‌ندی ئێران کۆبۆته‌وه‌و هیچ کارگه‌یه‌کی گه‌وره‌و به‌رهه‌م‌هێن ناکه‌وێته‌ دره‌وه‌ی ئه‌م سێگۆشه‌یه‌وه‌.**

# گه‌مه‌ی دیپلۆماسی بێ ئاکامی به‌رنامه‌ی ناوکی



**ته‌ها ره‌حیمی**

زیاتر له‌ ده‌ساڵه‌ کۆماری ئیسلامی له‌ چوارچێوه‌ی وتووێژو کۆبوونه‌وه‌ ده‌گه‌ڵ وڵاتانی گرووپی ٥+١ دا خه‌ریکی به‌ لاڕێدابردنی ویست‌و داخوازی کۆمه‌ڵگه‌ی نێونه‌ته‌وه‌یی له‌ سه‌ر ڕه‌واندنه‌وه‌ی نیگه‌رانی‌یه‌کانی پێوه‌ندیدار به‌ که‌یسه‌ گوماناوی‌یه‌ ئه‌تۆمی‌یه‌که‌یه‌تی. سێ ده‌ور وتوێژ له‌ بنکه‌ی ڕێکخراوی نه‌ته‌وه‌ یه‌کگرتووه‌کان له‌ ماوه‌ی ساڵانی ١٣٨٦ تا ١٣٨٩دا، ئیستانبولی یه‌ک‌و دوو له‌ ماوه‌ی ڕێبه‌ندانی ١٣٨٩ تا خاکه‌لێوه‌ی ١٣٩١دا، کۆبوونه‌وه‌ی به‌غدا، کۆبوونه‌وه‌ی مۆسکۆو کۆبوونه‌وه‌ی ئاڵمائاتی یه‌ک‌و ئاڵمائاتیی دوو، کۆمه‌ڵه‌ وتووێژو کۆبوونه‌وه‌یه‌کن که‌ هه‌ر کام له‌ لایه‌نه‌کان به‌ بیروبۆچوون‌و ڕوانگه‌و مه‌به‌ستی جیاوازو دوور له‌ یه‌که‌وه‌ له‌م ماوه‌یه‌دا به‌شداریان بوون. کۆماری ئیسلامی له‌ لایه‌ک به‌ مه‌به‌ستی کات‌کڕین بۆ په‌ره‌پێدانی دامه‌زراوه‌ ناوکی‌یه‌که‌ی‌و دابین‌کردنی پێویستی‌یه‌کانی به‌رهه‌مهێنانی چه‌کی ناوکی درێژه‌ به‌ کۆبوونه‌وه‌کان ده‌دا، له‌ لایه‌کی دیکه‌ش بۆ هه‌ڵفریواندنی کۆمه‌ڵگه‌ی جیهانی‌و نیشاندانی ڕووماو ڕوخسارێکی سازشکارانه‌و ڕه‌واندنه‌وه‌ی گومان‌و ته‌مومژه‌کانی سه‌ر چالاکی‌یه‌ ناوکی‌یه‌کانی‌و درێژکردنه‌وه‌ی هه‌رچی زیاتری ئه‌م پرۆسه‌ دیپلۆماسی‌یه‌ بێ‌ئاکامه‌ هه‌رجاره‌و به‌ به‌رنامه‌و پرۆژه‌یه‌کی نوێوه‌ به‌شداری وتووێژه‌کان ده‌بێ‌و کورد وته‌نی بۆ ئه‌وه‌ی کاته‌که‌ی له‌ کیس نه‌چێ له‌ هه‌ر کوێ پسا، هه‌ر له‌وێ گرێی ده‌داته‌وه‌.

گرووپی ٥+١ یش بۆ ئه‌وه‌ی پاساوی زیاتری بۆ گه‌مارۆکانی سه‌ر کۆماری ئیسلامی هه‌بێ‌و هه‌روه‌ها زیاتر ڕوومایه‌کی نه‌گونجاو له‌ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نیشانی جیهان بدا ئه‌م گه‌مه‌ دیپلۆماسی‌یه‌ ده‌کا. به‌ڵام ئایا ئه‌م گه‌مه‌یه‌ به‌ کوێ ده‌گاو تاقه‌ت‌و ته‌حه‌مولی دنیای ڕۆژئاواو به‌ تایبه‌تی ئه‌مریکا چه‌نده‌ ده‌بێ که‌ لاسارێکی دیکه‌ی وه‌ک کۆریای باکوور قبووڵ بکه‌ن؟ یان ئایا دامووده‌زگه‌ سیخۆڕی‌و زانیاری‌یه‌کانی وڵاتانی ڕۆژاوا ئه‌وه‌نده‌ به‌هێزن که‌ ئاگایان له‌ تۆڕی زانیاری‌و به‌ڕێوه‌به‌رانی پرۆژه‌ ناوکی‌یه‌کانی کۆماری ئیسلامی هه‌بێ که‌ به‌م‌جۆره‌ کاتی پێ‌ده‌به‌خشن؟

دوایین کۆبوونه‌وه‌ی نوێنه‌رانی خامنه‌یی‌و گرووپی ٥+١ ڕێکه‌وتی ١٦ و ١٧ ی خاکه‌لێوه‌ی ١٣٩٢ له‌ ئاڵمائاتیی قه‌زاقستان به‌ بێ هیچ ئاکامێکی ڕوون‌و چاوه‌ڕوان‌کراو کۆتایی هات‌و ته‌نانه‌ت کات‌و شوێنی کۆبوونه‌وه‌ی داهاتووش باس نه‌کرا. کاترین ئه‌شتۆن دوای ته‌واوبوونی کۆبوونه‌وه‌که‌ ڕای‌گه‌یاند هێشتا ده‌گه‌ڵ ئێرانی‌یه‌کان لێک دوورین، هه‌ر ئه‌م وته‌یه‌ به‌سه‌ که‌ بڵێین ئه‌م گه‌ره‌ی کۆبوونه‌وه‌کان له‌م قۆناخه‌دا که‌ گرژی‌و ئاڵۆزیی کۆریا به‌ لووتکه‌ گه‌یشتووه‌و شه‌ڕی نێوخۆی سووریه‌ش درێژه‌ی هه‌یه‌ شکستێکی جیددیی دیکه‌ بۆ جیهان له‌ سه‌رده‌مێک‌دایه‌ که‌ وه‌ک جان کێری وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مریکا له‌ چین گوتی: سه‌رده‌مێکی قه‌یراناویی ئاڵۆزه‌. به‌ڵام درێژه‌کێشانی ئه‌م کۆبوونه‌وانه‌و بێ‌ئاکام‌بوونیان زه‌ره‌رو زیانێکی که‌می بۆ ئێران به‌ دواوه‌ نه‌بووه‌.

ئه‌مریکاو وڵاتانی ڕۆژئاوا ده‌گه‌ڵ سووربوونی ڕێژیم له‌ سه‌ر به‌رنامه‌ ناوکی‌یه‌کانی‌و په‌ره‌پێدانی دامه‌زراوه‌ی ناوکی‌و گوێ‌نه‌دان‌و گوێ‌نه‌بزووتنی به‌ داوای کۆمه‌ڵگه‌ی جیهانی، کۆمه‌ڵه‌ گه‌مارۆیه‌کیان خستۆته‌ سه‌ر ئێران که‌ ساڵانه‌ به‌ سه‌دان میلیارد دۆلار زیان له‌ ئێران ده‌دا. که‌ له‌ دوایین کۆبوونه‌وه‌ی ئاڵمائاتیی‌شدا داوای ئێران هه‌ڵگرتنی قه‌ده‌خه‌ی فرۆشی نه‌وت‌و زێڕ به‌ ئێران بوو. به‌ڵام نوێنه‌رانی گرووپی ٥+١ داوای داخستنی سایتی پیتاندنی فێردۆس‌و دابه‌ستنی کامێرای کۆنترۆڵ له‌ ڕێگه‌ی دووره‌وه‌ له‌م سایته‌و گۆڕینی سه‌د کیلۆگره‌م له‌و ئۆرانیۆمه‌ ٢٠٪ پیتاندراوه‌ بۆ ئۆکسی‌ئۆرانیوم بوو. هه‌تا ئه‌مڕۆش ئێران ئیددیعای ئاشتیخوازانه‌بوونی به‌رنامه‌ ناوکی‌یه‌کانی ده‌کاو ئه‌م بابه‌ته‌ش به‌ مافی سه‌لمێندراوی خۆی ده‌زانێ‌و به‌ فڕوفیشاڵێکی زۆره‌وه‌ له‌ نێوخۆی وڵات په‌ره‌ به‌ هزری خاوه‌نداربوونی وزه‌ی ناوکی ده‌دا، که‌ دیاره‌ مه‌به‌ستی زیاتری له‌و کاره‌ش هه‌یه‌. به‌ڵام پرسیار ئه‌وه‌یه‌ که‌ له‌ حاڵێکدا ئێران به‌ توندی به‌رگری له‌ ئاشتیخوازانه‌بوونی به‌رنامه‌ ناوکی‌یه‌کانی ده‌کاو هه‌وڵی ڕه‌واندنه‌وه‌ی گومانه‌کان ده‌دا بۆچی ئه‌حمه‌دی‌نیژاد سه‌رکۆماری ئێران ڕۆژی سێشه‌ممه‌ ٢٠ی خاکه‌لێوه‌ واته‌ سێ ڕۆژ دوای کۆتایی بێ‌ئاکامی کۆبوونه‌وه‌ی ئاڵمائاتیی دوو، له‌ ڕۆژی به‌ ناوته‌کنۆلۆژیی ناوکی‌دا فه‌رمانی ده‌ست‌به‌کاربوونی کانگه‌ی ئۆرانیۆمی ساغه‌ندو کارگه‌ی به‌رهه‌مهێنانی کێکی زه‌ردی ده‌رکرد. که‌ کرانه‌وه‌ی ئه‌م دوو پرۆژه‌یه‌ دوای شکستی ئاڵمائاتیی دوو، ئاڵۆزی‌و درێژه‌ی دانوستانه‌کانی له‌ داهاتوویه‌کی نزیک‌داو هیوای چاره‌سه‌رو ڕێککه‌وتنی نێوان دوو لایه‌ن که‌متر ده‌کاته‌وه‌و نه‌ک نیازپاکیی ئێران ده‌رناخا، به‌ڵکوو ئه‌م که‌یسه‌ گوماناوی‌تر ده‌کا. چونکه‌ ده‌گه‌ڵ ده‌سپێکی ئه‌م پرۆژانه‌ توانایی ئێران له‌ به‌رهه‌م‌هێنانی مادده‌ی خاوی پێویستی پیتاندنی به‌رز ده‌بێته‌وه‌. ئه‌و به‌رده‌ ئۆرانیۆمه‌ی له‌ کانگه‌ی ساغه‌ند ده‌رده‌هێنرێ له‌ کارگه‌ی «شه‌هید ڕه‌زایی‌نیژاد» ده‌کرێته‌ کێک ئۆکسیدی ئۆرانیۆم یان کێکی زه‌رد.

ئه‌مه‌ له‌ حاڵێکدایه‌ که‌ وڵاتانی گرووپی ٥+١ زۆر له‌مێژه‌ خوازیاری ڕاگرتنی پیتاندنی ٢٠٪ ی ئۆرانیۆم له‌ خاکی ئێران‌دان‌و ده‌یانه‌وێ کۆماری ئیسلامی سووته‌مه‌نی‌و مادده‌ی پێویست بۆ وه‌گه‌ڕخستنی بنکه‌ ناوکی‌یه‌کانی به‌ پێی به‌رنامه‌ له‌ ده‌ره‌وه‌ وه‌رگرێ. دوای ئه‌مه‌ش، ئاشکرابوونی کارگه‌یه‌گ له‌ ئه‌ڵمان که‌ گریمانه‌ ده‌کرێ هاوکاریی ده‌زگه‌کانی پێوه‌ندیدار به‌ دامه‌زراوه‌ ناوکی‌یه‌کانی کردبێ، ئه‌وه‌نده‌ی دیکه‌ بیروبۆچوونه‌کانی سه‌باره‌ت به‌ ئاشتی‌خوازنه‌بوونی به‌رنامه‌ی ناوکیی ئێران لێڵ‌تر کرد. له‌ کۆبوونه‌وه‌ی گرووپی ٨ دا له‌ له‌نده‌ن، ویلیام هیگ وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی بریتانیا وێڕای به‌ داخ‌بوون له‌ بێ‌ئاکامیی کۆبوونه‌وه‌ی ئاڵمائاتیی دوو، ئێرانی دڵنیا کردوه‌ که‌ ئێران ئه‌وه‌نده‌ی کات له‌ به‌رده‌ستدا نیه‌و کۆبوونه‌وه‌و وتوێژ هه‌تاهه‌تایی نیه‌. هه‌روه‌ها هیگ داواشی له‌ ئێران کرد که‌ ڕێگه‌ به‌ ئه‌حمه‌د شه‌هید ڕێپۆرته‌ری مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نه‌ته‌وه‌ یه‌کگرتووه‌کان بدا که‌ سه‌ردانی ئێران بکا. پاشان هیگ ده‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی ئۆلتیماتۆمی دا به‌ ئێران، ڕای‌گه‌یاند ئێران تا شه‌ش مانگ دوای هه‌ڵبژاردنی خولی یازده‌یه‌می سه‌رکۆماری کاتی هه‌یه‌. ئۆلتیماتۆمێک که‌ دیاره‌ زۆرجار دراوه‌و هیچیشی له‌ پرسه‌که‌ نه‌گۆڕیوه‌. چونکه‌ ئه‌وه‌ سه‌رکۆمار نیه‌ ده‌سه‌ڵاتی ڕاسته‌قینه‌ی له‌ کاروباری که‌یسی ناوکی‌دا هه‌یه‌ به‌ڵکوو زۆربه‌ی هه‌ره‌ زۆری کاروباره‌کانی دیکه‌ش ڕاسته‌وخۆ له‌ لایه‌ن ویلایه‌تی فه‌قیهه‌وه‌ بڕیاریان له‌ سه‌ر ده‌درێ.

ئایا ئه‌مریکا ئیزن ده‌دا ئێرانیش وه‌ک کۆریای باکوور گرنگترین ناوچه‌ی خاوه‌ن‌وزه‌ی جیهان ئاڵۆز بکا، یان ئه‌وه‌ی په‌ندی له‌ کۆریا وه‌رگرتووه‌و جیهان‌و به‌ تایبه‌ت ڕۆژهه‌ڵاتی ناڤین شاهیدی ئاماده‌باشی مووشه‌که‌ ناوکی‌و بۆمبه‌ ئه‌تۆمی‌یه‌کان نابێ؟

# چه‌وساندنه‌وه‌ی به‌به‌رنامه‌ له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان

# چاوخشاندنێکی بابه‌تیانه‌ به‌ ئامارو زانیاری‌یه‌کان



**ئاگری باڵه‌کی**

به‌ چاوخشاندنێکی سه‌رپێیی به‌ بنه‌ماکانی پێشکه‌وتن له‌ ناوچه‌کانی کوردستاندا (پارێزگاکانی ورمێ، سنه‌، کرماشان، ئیلام)، ده‌بینین که‌ ئه‌و ناوچانه‌ هه‌میشه‌ له‌ ده‌ره‌وه‌ی به‌رنامه‌ی ئابووریی ڕێژیمه‌کانی ئێران بوون‌و هه‌میشه‌ ناوچه‌ کوردنشینه‌کان وه‌ک ناوچه‌ی پله‌ دوو و سێ چاویان لێ‌کراوه‌، ئه‌وه‌ له‌ حاڵێکدایه‌ که‌ ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان به‌ بوونی کانگاو داهاتی ژێر زه‌وی‌و هه‌روه‌ها کشتوکاڵ‌و ئاژه‌ڵداری به‌ناوبانگه‌ به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ش‌دا هه‌میشه‌ له‌ به‌رنامه‌ی پێشکه‌وتنی ئێران‌دا له‌ په‌راوێزی به‌رنامه‌دا بووه‌و هیچ کات به‌پێی پێویست کار بۆ ئه‌م پارێزگایانه‌ نه‌کراوه‌. ئه‌و دواکه‌وتنه‌ له‌ بنه‌ماکانی پێشکه‌وتن‌و پێڕاگه‌یشتن له‌ هه‌ندێک له‌ پارێزگاکان وه‌ک سنه‌و ئیلام به‌ ئه‌ندازه‌یه‌که‌ که‌ له‌ ئێران‌دا له‌ دواکه‌وتووترین پارێزگاکان دێنه‌ ئه‌ژمار. لێره‌دا هه‌وڵ ده‌ده‌ین که‌ هه‌ندێک نموونه‌ له‌باره‌ی دواکه‌وتوویی ناوچه‌ کوردنشینه‌کان له‌ بواری ئابووری‌و گه‌شه‌سه‌ندن‌دا باس بکه‌ین‌و هه‌روه‌ها تیشک ده‌خه‌ینه‌ سه‌ر ئه‌و کێشانه‌ی به‌هۆی خه‌راپیی بواری ئابووری‌یه‌وه‌ تووشی ناوچه‌ کوردنشینه‌کانی کوردستانی ئێران بوون.

### کار له‌ کوردستان

له‌ کارگاکانی پیشه‌سازیی ئێران له‌ ساڵی ١٣٨٦دا به‌شی ناوچه‌ کوردنشینه‌کان ته‌نیا ٤.٦٪ بووه‌،له‌و چوار پارێزگا کوردنشینه‌ ته‌نیا ٣٤٤٦٧ که‌س له‌و کارگایانه‌دا که‌ له‌ ١٠ که‌س زیاتر کاریان لێ‌کردوه‌ خه‌ریکی کار بوون، ئه‌و ژماره‌یه‌ ته‌نها ٣.١ ٪ له‌ کارگه‌ره‌کانی ئێران پێک ده‌هێنێ .

به‌پێی لێکۆلینه‌وه‌یه‌ک که‌ ساڵی ١٣٨٧ له‌ پارێزگاکانی (ورمێ، سنه‌، کرماشان و ئیلام) ئه‌نجام دراوه‌ له‌و ڕێژه‌یه‌ که‌ ده‌توانن کار بکه‌ن له‌و چوار پارێزگایه‌دا نزیک به‌ ٣٧٤٠٠٠ که‌س بێکارن! به‌ پێی ئاماری ناوه‌نده‌ ڕه‌سمی‌یه‌کان له‌ ساڵی ١٣٨٧ دا ڕێژه‌ی بێکاری له‌ گرووپی ته‌مه‌نیی ١٥ تا ٢٩ ساڵ له‌ پارێزگای ورمێ ١٦.٧٪ ، پارێزگای سنه‌ ٢٣.٦٪ ، له‌ پارێزگای کرماشان ٢٥،٥ ٪ و له‌ پارێزگای ئیلام ٣٠٪ بووه‌. هه‌روه‌ها ئه‌م ڕێژه‌یه‌ له‌ ساڵی ١٣٩٠دا نه‌ک که‌می نه‌کردوه‌ به‌ڵکوو زیادیشی کردوه‌. هۆکاری چیه‌ ئه‌و ڕێژانه‌ ئاوا به‌ خێرایی به‌رز ده‌بنه‌وه‌؟ هۆکار زۆرن له‌وانه‌ کارو کرده‌وه‌کانی حکوومه‌ته‌کانی زاڵ به‌سه‌ر ئێران دایه‌، حکوومه‌تی ناوه‌ندی به‌شێوه‌یه‌کی به‌رنامه‌بۆدارێژراو له‌به‌رامبه‌ر کورده‌کان دا کار ده‌کا ، بۆ نموونه‌ دانه‌مه‌زراندنی کورده‌کان له‌ ئیداره‌حکوومه‌تی‌یه‌کان یان ڕێکخراوو بنیاده‌کان یاخود ناوه‌نده‌کانی خوێندن‌و ته‌ندروستی‌و له‌ به‌رامبه‌ردا که‌سانێک که‌ خه‌ڵکی ئه‌و ناوچانه‌ نین له‌ ناوه‌ندی ئێرانه‌وه‌ ده‌هێنرێن بۆ به‌ڕێوه‌بردنی ئه‌و کارانه‌و پڕکردنه‌وه‌ی شوێنه‌به‌تاڵه‌کان له‌ ناوچه‌ کوردنشینه‌کان.

ڕێژه‌ی بێکاری له‌ کوردستان به‌رده‌وام به‌رز ده‌بێته‌وه‌ چونکه‌ ڕێژه‌ی کارو دامه‌زراندن یه‌کسان نیه‌ به‌ ڕێژه‌ی گه‌شه‌ی حه‌شیمه‌ت، هه‌روه‌ها ئه‌و ئاماره‌ که‌ حکوومه‌تی ناوه‌ندی ده‌رباره‌ی ڕێژه‌ی بێکاری له‌ناوچه‌ کوردنشینه‌کان بڵاوی ده‌کاته‌وه‌ ناڕاسته‌!

له‌ کوردستان هیچ کارگه‌یه‌کی گه‌وره‌ی به‌رهه‌مهێنان نیه‌، ئه‌گه‌ر چاوێکی خێرا به‌ سه‌ر نه‌خشه‌ی ئێران‌دا بخشێنن ده‌بینن که‌ زۆربه‌ی کارگه‌کانی به‌رهه‌مهێنان‌و هه‌روه‌ها بناغه‌کانی ئابووری له‌ ئێران له‌ سێگۆشه‌یه‌کی فارس‌نیشنی ناوه‌ندی ئێران کۆبۆته‌وه‌و هیچ کارگه‌یه‌کی گه‌وره‌و به‌رهه‌م‌هێن ناکه‌وێته‌ دره‌وه‌ی ئه‌م سێگۆشه‌یه‌وه‌. ئه‌و به‌رنامه‌یه‌ی حکوومه‌تی ناوه‌ندی به‌شێوه‌یه‌ک به‌رنامه‌بۆدارێژراوه‌و حکوومه‌ت دوای حکوومه‌ت له‌ ناوچه‌ کوردنشینه‌کان دووباره‌ بۆته‌وه‌. له‌ زۆربه‌ی بنه‌ماڵه‌کان له‌و ٤ پارێزگایه‌ ته‌نها یه‌ک که‌س کار ده‌کاو چه‌ند که‌سی بێکار له‌ سه‌ر داهاتی ئه‌و ده‌ژین. ئه‌مه‌ وای کردوه‌ که‌ کێشه‌ کۆمه‌ڵایه‌تی‌یه‌کان زیاتر سه‌ر هه‌ڵبده‌ن. ته‌ڵاق، ئیعتیاد به‌ماده‌ هۆشبه‌ره‌کان، قاچاغی که‌لو په‌لو بێکاری، وای کردوه‌ که‌ کێشه‌و ئاژاوه‌ زیاد بکا. هه‌ر بۆیه‌ خه‌ڵکێکی زۆر به‌ هۆی بوونی کێشه‌وه‌ ڕێگایان که‌وتۆته‌ زیندانه‌کان. بێکاری وای له‌ خه‌ڵک کردوه‌ که‌ بۆ په‌یدا کردنی پارووه‌نانێک بۆ ژیانی خۆیان‌و بنه‌ماڵه‌کانیان په‌نا بۆ کاری پرمه‌ترسییش به‌رن. بۆیه‌ زۆر له‌وانه‌ له‌ کاتی ئێستادا خه‌ریکی کۆڵبه‌ری‌و کاری قاچاغی که‌لو په‌ل له‌ سه‌ر سنووره‌کانی ڕۆژئاوای ئێرانن، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ش دا ڕێژه‌ی منداڵانی کرێکار زیادی کردوه‌و زۆربه‌یان وازیان خوێندن هێناوه‌و ڕوویان کردۆته‌ ناوه‌نده‌کانی کار چونکه‌ ژماره‌یه‌کی زۆر له‌وانه‌ی خوێندنیان ته‌واو کردوه‌، کاریان ده‌ست ناکه‌وێ.

### کارگه‌کان له‌ کوردستان

به‌ چاولێکردنێکی نه‌خشه‌ی ئابووریی ئێران ده‌توانین تێبینیی چه‌ند خاڵ بکه‌ین.

یه‌که‌م: هه‌موو کارگه‌و ناوه‌نده‌کانی به‌رهه‌مهێنان له‌ ئیران‌دا که‌وتوونه‌ته‌ سێگۆشه‌یه‌کی فارس‌نشین‌و سه‌ری سێگۆشه‌که‌ له‌ تاران‌و لاکانی دیکه‌ له‌ شیرازو ئیسفهانه‌، ئه‌مه‌ به‌ کرده‌وه‌ وای کردوه‌ که‌ زۆر له‌ ناوچه‌کانی دیکه‌ی ئێران له‌ بوونی کارگه‌و ناوه‌ندی به‌رهه‌مهێنان بێ به‌ش بن. ئه‌مه‌ له‌حاڵێکدایه‌ که‌ که‌ره‌سته‌ سه‌ره‌تایی‌یه‌کانی ئه‌م کارگانه‌ له‌ ناوچه‌کانی ده‌ره‌وه‌ی ناوچه‌ی فارس‌نشینه‌وه‌ دێن‌و له‌ کارگه‌کانی ناوه‌ندی ئێران‌دا که‌ره‌سته‌ خاوه‌کانی ناوچه‌ کوردنشینه‌کان ده‌کرێن به‌ کاڵاو خێرو داهاته‌که‌ی بۆ گیرفانی حکوومه‌تی ناوه‌ندی ده‌بێ‌و له‌ کاتی دابه‌ش‌کردنی داهاتی سه‌رانه‌ش‌دا کورده‌کان وه‌ک پله‌ دوو حیسابیان بۆ ده‌کرێ. وه‌ک نموونه‌ ده‌کرێ به‌شی به‌رهه‌مهێنانی شه‌کر له‌ چه‌وه‌نده‌ری قه‌ند وه‌ربگرین‌و لێره‌دا باسی بکه‌ین، به‌پێی ئاماری ساڵی ١٣٨٥ پارێزگای ورمێ له‌ چاندنی چه‌وه‌نده‌ری قه‌نددا، به‌ ٢٩٦٥٠ دۆنم که‌ ده‌کاته‌ ٢٢٪ له‌سه‌ر ئاستی ئێران به‌ پله‌ی دووه‌م دێ‌وهه‌روه‌ها پارێزگای کرماشان به‌١٣١٤٦ دۆنم که‌ ده‌کاته‌ ١١٪ له‌سه‌ر ئاستی ئێران‌و پارێزگای ئیلام به‌ ٥٠٠ دۆنم‌و پارێزگای کوردستان به‌ ١٢٠ دۆنم له‌ به‌رهه‌مهێنانی چه‌وه‌نده‌ری قه‌نددا به‌شدارن ، ئه‌گه‌ر چاو به‌و ئامارانه‌دا بخشێنین ده‌بینین که‌ ٣٨٪ تا ٤٠٪ که‌ ده‌کاته‌ ( ١٦١٩٣٣٥ تۆن) له‌ چه‌وه‌نده‌ری به‌رهه‌م‌هاتوو له‌ ئێران له‌ ناوچه‌ کوردنشینه‌کان به‌رهه‌م دێ، ئه‌مه‌ له‌حاڵێکدایه‌ که‌ کوردستان به‌وهه‌موو چه‌وه‌نده‌ره‌وه‌ ته‌نیا یه‌ک کارگه‌ی به‌رهه‌مهێنانی قه‌ندو شه‌کری لێیه‌ ئه‌ویش کارگه‌ی قه‌ندی میاندواوه‌، که‌ ئه‌ویش له‌ شارێکی ئازه‌ری نشینه‌و هیچ په‌یوه‌ندیی به‌ کورده‌کانه‌وه‌ نیه‌. له‌م ساڵانه‌ی ڕابردوودا چه‌ندین هه‌وڵ بۆ دروستکردنی کارگه‌ی شه‌کر له‌ پیرانشارو نه‌غه‌ده‌ دراوه‌ که‌ به‌هۆی ئه‌وه‌ی حکوومه‌ت پشتیوانی‌یه‌کی ئه‌وتۆی لێ نه‌کردوه‌ ئه‌و هه‌وڵانه‌ ئه‌گه‌ر جێ به‌جێش کراون زۆر لاواز بوون‌و نه‌توانراوه‌ وه‌ک کارگه‌یه‌کی به‌رهه‌مهێن چاوی لێ‌بکرێ.

له‌ لایه‌کی دیکه‌وه‌ ئه‌گه‌ر چاو به‌ ئاماری کانگاکانی ژێرزه‌وی‌دا بخشێنین ده‌بینین بۆ ٥٦٢ کانگای تۆمارکراو له‌ لایه‌ن حکوومه‌تی ناوه‌ندی‌یه‌وه‌ له‌م چوار پارێزگایه‌دا ته‌نیا ٣٧ کارگه‌ی حکوومه‌تی هه‌یه‌و ئه‌وانی دیکه‌ شه‌خسین‌و حکوومه‌ت خۆی بواردوه‌ له‌ دروستکردنی کارگاو کارخانه‌ له‌ نزیک کانگاکانی ژێر زه‌وی له‌ کوردستان، خالێکی سه‌رنجڕاکێش ئه‌وه‌یه‌ که‌ له‌ کانگاکانی به‌ردی پارێزگای ورمێ (مه‌هاباد) به‌ردی گرانیت ده‌رده‌هێنرێ‌و ده‌برێ بۆ ئیسفه‌هان له‌وێ ڕاسته‌و پاسته‌ ده‌کرێ‌و ده‌نێردرێ بۆ ده‌ره‌وه‌ی وڵات‌و خێرو داهاته‌که‌ی پارێزگا کوردنشینه‌کان بۆ پارێزگاکانی ناوه‌ندی ئێران ده‌بێ.

هه‌روه‌ک له‌سه‌روه‌ باس کرا بوونی بێکاری‌و هه‌روه‌ها نه‌بوونی به‌رنامه‌یه‌کی پێویست بۆ پیشکه‌وتن له‌ ناوچه‌کوردنشینه‌کان ده‌بنه‌ هۆی دروست‌بوونی زۆر کێشه‌ که‌ گرینگرینیان لێره‌دا دێنینه‌ به‌ر باس.

ساڵی ١٣٨٧ له‌ ٤ پارێزگای کوردنشین نزیک به‌یه‌ک میلیۆن په‌روه‌نده‌ ( ٩٦٩٦٩١ په‌رونده‌) له‌ لایه‌ن دادگا گشتی‌یه‌کان‌و شووڕای چاره‌سه‌ری کێشه‌ کۆمه‌ڵایه‌تی‌یه‌کان کاریان له‌سه‌ر کراوه‌و کۆتایی‌یان پێ‌هێنراوه‌، که‌ ئه‌و ئاماره‌ نیشانده‌ری ئه‌و ڕاستی‌یه‌یه‌ که‌ ژیانی دانیشتوانی ئه‌م ناوچانه‌ پڕ له‌ کێشه‌و نائارامی‌یه‌ که‌ زۆربه‌ی هۆکاره‌کانی ئه‌م په‌روه‌ندانه‌ ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ ئه‌وه‌ی له‌م ناوچانه‌ کێشه‌گه‌لێکی بنچینه‌یی هه‌ن وه‌ک لاوازیی باری ئابووریی بنه‌ماڵه‌کان‌و نه‌بوونی شوێنی کارکردن بۆ وه‌ده‌ستهێنانی داهاتێک بۆ بنه‌ماڵه‌کان، که‌ ئه‌مانه‌ بوونه‌ هۆی ڕووداو گه‌لێکی نه‌خوازراو .

له‌لایه‌کی دیکه‌وه‌ ئه‌گه‌ر چاو به‌ ئاماری خۆکوژی‌دا بخشێنین، ده‌بینین که‌ له‌ ساڵی ١٣٨٧ دا نزیک به‌ ٣١٧٠ هه‌وڵدان بۆ خۆکوژی (ژن‌و پیاو) له‌ ئێران دا هه‌بووه‌ ، که‌ ٦٢٢ هه‌وڵیان له‌ ٤ پارێزگای ( ورمێ، سنه‌، کرمانشان، ئیلام) بووه‌، یانی ٢٠٪ هه‌وڵدان بۆ خۆکوشتن له‌ ناوچه‌ کوردنشینه‌کان بووه‌، که‌ له‌و ڕێژه‌یه‌ ٤.٤٪ له‌ پارێزگای ورمێ بووه‌ و ٢.٧٪ له‌ پارێزگای کوردستان و ٥٪ له‌ پارێزگای کرماشان،٧.٩٪ تایبه‌ت بووه‌ به‌ پارێزگای ئیلام. هه‌روه‌ها له‌ ٩٧٣ هه‌وڵدان بۆ خۆکوژیی ژنانیش له‌ ئیران له‌ ساڵی ١٣٨٧دا، ٢٧٩ هه‌وڵی خۆکوژی له‌ ناوچه‌ کوردنشینه‌کان بووه‌ که‌ ده‌کاته‌ ڕێژه‌ی ٢٨.٦٧٪ له‌سه‌ر ئاستی ئێران، ڕێژه‌ی خۆکوژی ته‌نیا له‌ پارێزگای ئیلام ١٣.٧٪ بووه‌ له‌ سه‌ر ئاستی ئێران. ئه‌گه‌ر به‌وردی سرنج بده‌ینه‌ هۆکاری ئه‌م خۆکوشتنانه‌ ده‌بینین که‌ هۆکاری زۆربه‌یان هه‌ژاری‌و نه‌داریی بنه‌ماڵه‌کان بووه‌، هۆکارێکی دیکه‌ش ئه‌وه‌یه‌ که‌ ژنان به‌هۆکاری کۆمه‌ڵایه‌تی‌و فه‌رهه‌نگی ناتوانن له‌ده‌ره‌وه‌ کار بکه‌ن‌و هه‌ربۆیه‌ بۆ وه‌ده‌ستهێنانی پێداویستی‌یه‌کانیان چاو له‌ده‌ستی پیاوان.

نه‌بوونی کارو هه‌لی کارو هه‌روه‌ها ژیانی پڕ موشکیله‌ ده‌بنه‌ هۆی ئه‌وه‌ی له‌ زۆربه‌ی کات‌دا چوارچێوه‌ی بنه‌ماڵه‌ تێک بچێ،کار بگاته‌ ته‌ڵاق‌و جیابوونه‌وه‌ی ژن‌و مێرد له‌یه‌کتری. هه‌ربۆیه‌ ساڵی ١٣٨٧ له‌گه‌ڵ ڕێژه‌یه‌کی به‌رچاوی ته‌ڵاق له‌ ناوچه‌ کوردنشینه‌کان‌دا ڕووبه‌ڕوو ده‌بین ، له‌ پارێزگای ورمێ له‌ هه‌ر ٣٩٨٧٤ هاوسه‌رگیری له‌ ساڵی ١٣٨٧ دا ٤٠٦٦ ته‌ڵاق هه‌بووه‌ که‌ ئه‌م ڕێژه‌یه‌ ٩.٨٪ له‌ کۆی هاوسه‌رگیری‌یه‌کانی ئه‌م پارێزگایه‌ پێک دێنێ. هه‌روه‌ها له‌ پارێزگای ئیلام له‌ ساڵی ١٣٨٧ دا ٦٣٦٧ هاوسه‌رگیری ئه‌نجام دراوه‌ که‌ له‌ به‌رامبه‌ردا ١١٠٦ ته‌ڵاق هه‌بووه‌ که‌ ده‌کاته‌ ڕێژه‌ی ١٧.٤٪ ڕێژه‌ی ته‌ڵاق به‌رامبه‌ر به‌ هاوسه‌رگیری، ئه‌م ئاماره‌ له‌ زۆربه‌ی شاره‌کانی ناوچه‌ کوردنشینه‌کان له‌ نێوان ٢٤٪ تا ٢٨٪ بووه‌، له‌ پارێزگاکانی کوردستان‌و کرماشان به‌ ته‌رتیب ١٨.٢ ٪ و ١٧.٢٪ بووه‌ . هه‌روه‌ها ئه‌و ڕێژه‌یه‌ له‌ دێهاته‌کانی مه‌هابادو سه‌قز مه‌ریوان تا ٢٤٪ بووه‌ ڕێژه‌ی هاوسه‌رگیری به‌رامبه‌ر به‌ ته‌ڵاق.

### ئاکام:

به‌ پێی ئه‌و ئامارو زانیاری‌یانه‌ی له‌ سه‌روه‌ باس کران بۆمان ده‌رده‌که‌وێ که‌ له‌ ناوچه‌ کوردنشینه‌کان ڕێژیمه‌ ده‌سه‌ڵاتداره‌کان به‌سه‌ر ئێران‌دا نه‌ک هه‌وڵیان نه‌داوه‌ بۆ ئه‌وه‌ی که‌ باری گوزه‌رانی خه‌ڵک چاک بکرێ، به‌ڵکوو هه‌میشه‌ به‌ به‌رنامه‌و میتۆدی جیاواز ناوچه‌ کوردنشینه‌کانیان له‌ پێشکه‌وتنی ئابووری‌و هه‌روه‌ها دروست‌کردنی هه‌لی کار بێ به‌ش کردوه‌، ئه‌م بێ به‌ش‌کردنه‌ش وای کردوه‌ که‌ ببێته‌ هۆی ئه‌وه‌ی که‌ چه‌ندین کێشه‌و دیارده‌ی نه‌خوازراو له‌ کوردستان‌دا بێنه‌ ئاراوه‌ که‌ چاره‌سه‌رکردنیان پێویستی به‌ کات‌و به‌رنامه‌ی تایبه‌ت هه‌یه‌و به‌ مانه‌وه‌ی ڕێژیمه‌ دیکتاتۆره‌کان له‌ ئێران‌دا جێبه‌جێ‌کردنی به‌رنامه‌ی تۆکمه‌ بۆ ناوچه‌ کوردنشینه‌کان کارێکی ئاسته‌مه‌ .


**سه‌رچاوه‌کان:**

**١ - ناوه‌ندی ئاماری ئێران، نامیلکه‌ی ئاماری بێکاران له‌ ئێران‌دا**

**٢- کانگاکانی ژێر زه‌وی له‌ ئیران‌دا ، له‌ بڵاوکراوه‌کانی «سازمان صنایع و معادن»**

**٣- ماڵپه‌ری ناوه‌ندی «انجمن قندو شکر ایران» www.isfs.ir**

**٤- بڵاوکراوه‌کانی «سازمان کارو امور اجتماعی»**

**٥- ته‌ڵاق له‌ ئێران‌دا له‌ نێوان ساڵانی ١٣٨٠ تا ١٣٩٠**

**٦- ماڵپه‌ری وێکی‌پێدیا**

# ئەنجومەنە ئەدەبی‌یەکانو،(ڕێنیسانسی) فەرهەنگی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



عەلیرەزا لەیلاخی

ئەگەر سەرهەڵدانی ئەدەبیو فەرهەنگی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە «ڕێنیسانسێک» قەبووڵ بکەین، دەبێ بۆ باشترناسینو لێکۆڵینەوەی ئەم پرۆسە فەرهەنگی‌یە سەرەتا مێژووی ئەم ڕووداوە هەرە گرینگە لە پێش چاو بگرین. لە کوردستانی بن دەستی ئێران‌دا، بە هۆی سیستمی حکوومەتو نەبوونی دەوڵەتی دیموکراتیکو دەسەڵاتی کوردی، هیچ کاتێک مەجالو مەودایەک بۆ کارو چالاکیی فەرهەنگیو ئەدەبی بە تەواوی نەڕەخساوە. بۆ ئەم خەسارە نیازێک بە توێژینەوەی دووررودرێژی مێژوویی‌و سیاسی نیە، بەڵکوو بە چاو خشاندنێک بەسەر کارکردی دوو حکوومەتی خاوەن‌دەسەڵات لە ئێران واتا حکوومەتی «پاشایەتی» و «کۆماری ئیسلامی» ئەم ڕاستی‌یەمان بۆ دەردەکەوێ کە بەهۆی سیاسەتی «شۆڤینیستی»ی پەهلەوی‌یەکانو بیرۆکەی مەزهەبیی کۆماری ئیسلامی هەردووکیان یەک لە یەک خراپتر بۆ ئاسیمیلەکردنو لە نێوبردنی فەرهەنگو کەلتووری نەتەوەکانی دیکە لە ئێران وەکوو یەک هەوڵیان داوە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەک تەنیا نووسین بە زمانی زگماکی‌و وشەی کوردی بووەتە هێڵی سوور، بەڵکوو هەرچەشنە تێکۆشانێکی فەرهەنگی‌و ئەدەبی، تەنانەت بە زمانی فارسییش کە لەگەڵ پێناسەو»هویت»ی نەتەوەیی گەلانی دیکە بەتایبەت گەلی کورد پەیوەندیی هەبێ ریگای لێگیراوەو، قەدەغە کراوە. دەیانەویست بەم سیاستە هەموو کەس لە هەر نەتەوەیەک تەنیا خزمەت بە سیاسەتو فەرهەنگی حاکمیەت بکا، کە ئاکامەکەشی دەبوو بە داماڵینی ئەوان لە کەلتوورو پێناسەی نەتەوایەتی‌یان.

هەر لەسەردەمی دەسەڵاتداریی رەزا شای پەهلەوی هەتا دەیەی ٧٠ی هەتاوی ئەگەر لەبەر چاو بگرین، دەتوانین بڵێین: میلیتاریسمێکی سیاسی، بەتەواوی فەرهەنگو ئەدەبی کوردیی داگیر کردبوو. هەتا دەیەی ٧٠ ئەوانەی ئاگادار بن دەزانن ئەگەر کەسێک کتێب یان نووسراوەیەکی بە زمانی کوردی بووایە، بەتایبەت لە شاعیرانی شۆڕشگێڕی کورد وەکوو (قانع، فایق بێکەسو هەژارو هێمن..) دەبووا وەکوو چەکوچۆڵو کەرەسەیەکی مەترسیدار لە ژێرخانو ژێرزەویی خانووەکەی‌دا حەشاری بدایە.

بێشک بە هۆی سیاسەتی چەوتو ناڕەوای دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکان ئاستی زانینو نووسین بە زمانی زگماکی لاوازو چرای پێناسەو(هویت)ی نەتەوە بن‌دەستەکان بەتایبەتی نەتەوەی کورد لە خامۆشیی دابوو. خودی ئەم شێوە حکوومەتە وای کرد کە هێندێک لە گەلانی بن‌دەست وەکوو کورد بەتایبەتی لە ساڵانی ٥٧ بەملاوە بۆ سڕینەوەی ئاسەواری نالەباری دیکتاتۆری بە ناچاری چەکی خەباتێکی سەختو چەکداری دەست بدەنێ.

لەساڵانی ٧٠ی هەتاوی‌دا کە خەباتی چەکدارانەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی هەلومەرجێک کە ناوچەکەی گرتەوە، ئاستو جێگەی خۆی دا بە چالاکیی مەدەنی‌و فکری‌و فەرهەنگی‌و هەروەها کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ مانەوەی خۆی کەش‌و هەوایەکی کراوەترو ڕواڵەتێکی ئاوەڵاتری لەخۆی نیشان دا لە ژیر ناوی دەوڵەتی چاکسازی کە هەر لە یەکەم ڕۆژانی ئەو سەردەمەدا، جەماوەری وەزاڵەهاتووی کوردستان بەتایبەت لاوانو بەگشتی ئەدەبو فەرهەنگ دۆستان هەرکەس بە پێی توانای کار و فکری خۆی کەوتنە چالاکی‌و تێکۆشانی بەرینو بەربڵاو کە یەکەم شوێنی یەکتر ناسینو یەکگرتنیان، ئەنجومەنە ئەدەبی‌یەکان بوو. لەماوەیەکی کورتداو سەرەڕای کەموکووڕی‌یەکان، بۆ سڕینەوەی دواکەوتوویی فەرهەنگی‌و پێشگیری لە ئاسیمیلەبوونو بۆ بووژانەوەی هەستی نەتەوایەتی، ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕاو ئێستاش هەر درێژەی هەیە. ئەگەر چی بزووتنەوەی فەرهەنگی‌و ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاڵۆگۆڕە سیاسی‌و فەرهەنگی‌یەکانی باشووری کوردستان تا ڕادەیەک کاریگەری وەرگرت، بەڵام جێگەو پێگەی ئەنجومەنەکان لەم بارەیەوە بەرچاوترو کاریگەرتر بوو، کە تەنیا وەکوو مەحیفلو کۆڕێک بۆ شێعرخویندنەوە نەمانەوە، بەڵکوو سەرەڕای چاوەدێریی بەرپرسانی ئیرشاد «حراست»ی زانکۆکان، بوێرانە وەکوو ڕێکخراوەیەکی فەرهەنگی دەستیان دایە چالاکیی هەمەلایەنەی فەرهەنگی‌و ئەدەبی کە بەکورتی ئاماژەی پێدەکەین:

-پێک هێنانی جێگەوشوێنێ بۆ کۆبوونەوەی شاعیران، نووسەران، توێژەرانو هۆگرانی فەرهەنگو ئەدەب، بە مەبەستی ئاڵۆگۆڕکردنی بیروڕاو نواندنی چالاکی بۆ خزمەت بە زمانی زگماکی نەتەو ەکەمان، .


-کەڵکوەرگرتن لە زانستو ئەزموونی مامۆستایان، لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبی‌دا، بەمەبەستی فێرکردنو ڕاهێنانو پێگەیاندنی لاوان،

-پێکهێنانی ناوەندێکی بڕواپێکراو، بۆ هاندانی خاوەن هەستەکانو قەڵەمبەدەستان بۆ گەشەکردنی فەرهەنگو ئەدەبو زمانی کوردی،

-چاپ وبڵاوکردنەوەی گۆڤارو بڵاوکراوەی نێوخۆیی وەکوو (تاڤگە، ڕەوت، پەیڤ، زایەڵە، بەرهەم، ڕچەو.. هتد..) بەمەبەستی لەچاپدانی بەرهەمی ئەندامانی ئەنجومەنو پەرەپێدانی چاپەمەنی‌و ڕۆژنامەگەریی کوردی، .

باشترینو بە کەڵکترین چالاکیی ئەنجومەنەکان کە جێگەی باسە، بەڕێوەبردنی خولی فێرکردنی زمانی کوردی بوو کە لە سەرجەم شارە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا شارۆچکەو گوندەکان بە باشترین شێوە بەڕێوە چوو. لەهەر دەورەیەکدا ژمارەیەکی زۆر لە هۆگران بەتایبەت لاوانو مێرمنداڵان بەشدارو پەروەردە بوون. ئەگەرچی کاربەدەستانی ڕێژیمو نەیارانی گەل زۆرجار کۆسپو بەربەستیان دەخستەسەر ڕێی مامۆستایانی فێرکردنی زمانی کوردی‌و بەشدارن، بەڵام لێهاتوویی‌و شێلگیریی ئەدەبدۆستان بەڕاستی حاکمییەتی سەرکوتکەری بەزاند، تا ڕادەیەک کە لە هاوینی ساڵی ٧٩دا کە بە (هاوینی زێڕین) ناوبانگی دەرکرد، بۆ نموونە لە شاری سنە نزیک بە سێ هەزار کەس لە کلاسی فێربوونی زمانی کوردی‌دا بەشدار بوون. هەروەها بۆ ئەم مەبەستە لە مەهاباد بنکەی سۆما دامەزراو ئەم ڕێنیسانسە پەلی هاویشتە شارەکانی دیکەیش وەکوو، مەریوان، دێولان، ڕوانسەر، قوروە، جوانرۆو تەنانەت لە زانکۆکانی شاری کرماشانو هەمەدانیش خێوەتی فێرکردنی زمانی کوردی دامەزرا. ئەو پرۆسەیە لەگەڵ پێشوازیی زۆر، بوو بە مایەی خۆشحاڵیی خەباتکارانی کوردو هەموو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

بەداخەوە ئەم ڕەوتە زۆری نەخایاندو زۆربەی ئەندامانی ئەنجومەنەکان بە تایبەتی لە دەورانی هاتنەسەرکاری ئەحمەدی‌نەژاد دەسبەسەرکرانو کەوتنە بەر هەڕەشەو توندوتیژیی دامودەزگا ئەمنیەتی‌یەکانو ئەنجومەنەکانیش هەڵوەشانەوە. دیارە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە تەواوی نەیان‌توانی مەشخەڵی ئاگری بزاڤی فەرهەنگی، ئەدەبی بکووژێننەوە، چونکە زۆربەی ئەوانەی پەروەردەی ئەنجومەنەکانی نێوخۆ بوون بەشێوەی جۆراوجۆر درێژەیان بە خەباتەکەیان داوە. بەمەش دەکرێ داهاتووێکی پرشنگداری ئەدەبی، فەرهەنگی‌و سیاسی بۆ کوردستان بەدی بکرێ کە دەبێ ئەندامانو بەڕێوەبەرانی ئەنجومەنەکان بەم ئاکامە شانازی بکەن.



هەڵپچینی

## پسپۆڕی زانستی مرۆڤ‌خواردن!



مستەفا شێخە

خەڵکی ئەم دەوروزەمانە، زۆر حەزیان لە زانستە. زۆر کەسی وا هەن زانیاری‌یەکی گشتی وەدەست دێنو لە هەر زانستەی وەک کورد دەڵێ، «بەشی خۆیان فێردەبن». ئەمن لەگەڵ ئەم بەشەی خۆمو هی هەموو لایەکدا کێشەم هەیە. ئەتۆ بڵێی مێشکی مرۆڤیش وەک زگو گیرفانو شتی لەم بابەتە بێ کە بتوانین بەشی خۆمانی تێ‌بکەین؟

ئەگەر پیم‌بڵێن، بەشی خۆت لە پارەو زێڕو شتی لەم جۆرە لە گیرفانت بکە، هەوڵ دەدەم جلی وا بکەمە بەر، گیرفانی گەورەی هەبێ‌و بەشی خۆمی زیاتر تێ‌پەستێوم.

ئەگەر پیم‌بڵێن بەشی خۆت بخۆ، لێ‌دەگەڕیم هەتا برسی برسی دەبمو ئەوجار لەسەر خوانی پڕلە چێشتو خواردەمەنی دادەمەزریمو هەتا ڕێنگەی زگم دێ، تیی‌داخنم.

ئەرێ پرسیار عەیب نیە، چدەبوو جاری وا ئێمەش وەک هێندێک ئاژەڵی دیکە خاوەنی چەند گەدە باینو توانیبامان دواتر لە ڕێگەی کاوێژکردنەوە لە کاتێکی گونجاودا جارێکی دیکە خواردەمەنی‌یەکان بهاڕینەوە؟ ئەگەر وابوایە، دەمان‌توانی لە کاتی دابڕینی بەشی خۆمان لە سەر خوانی خواردەمەنی‌دا، بە پەلە خواردەمەنی‌یەکە بە زەبری ددانی سروشتی یان دەستکرد قەڵتوبڕ بکەینو گەدەی کاتیی پێ‌بئاخنینو پاشان بە کاوەخۆ وردی کەین. خۆ بەشە پارەو زێڕو جەواهێراتیش وایە، دەکرێ بێ‌ئەژماردن ڕەپیچەکی نێو گیرفانی بدەینو پاشان بە کاوەخۆ بی‌ژمێرین. بەڵام بۆ کاوێژکردنەوەی بەشە زانستی خۆمان چی بکەین باشە؟

نازانم لەگەڵ بەشە زانستی خۆم چ بکەم؟ هەرچەند دەزانم زانستو شتی لەم بابەتەیە کە دەکرێتە نێو مێشکەوەو لەوێ‌دا هەڵدەگیرێ، بەڵام ئیستاشی لەگەڵدابێ نازانم ئەم مێشکە لیچقو بچووکە چەندە دەباو ئەوەندەی دەتوانم تیی‌بکەم، هەمووی وەک بەشی خۆم دەمێنێتەوە؟

بەم باسی خواردنە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیی یەکێک لە کەناڵەکانی لای خۆمانم بیرکەوتەوە. سەیرم کرد مامۆستایەکی پسپۆڕ لە تەلەفزیۆنەکەدا قسەی دەکرد. ئەمن لەخوێندنەوە کەمێک کولمو بەم کۆلکە خوێندەواری‌یەمەوە، بە ژێرنووسی تەلەفەزیۆنەکان ڕاناگەم. ئەگەر خۆمی بۆ ڕێکنەگوشم، پێش ئەوەی بیان‌خوێنمەوە لە سەر شاشەکە نامێنن. بۆیە ئەوکاتەی ژێرنووسێکیان لە ژێر زگی کابرای پسپۆڕ دانا، بە پەلە دەستم بە خوێندنەوەی کرد. نازانم چۆن بوو ئەم ژێرنووسە چەند چرکەیەک زیاترلەوێ مایەوە. دەرفەتم قۆستەوەو چەند جار خوێندمەوە. نووسرابوو: «د.....، پسپۆڕی زانستی خواردنی مرۆڤ». سەرم لەوە سوڕما. ئەمن کە هەمیشە دەڵێم هەرعەقڵە لەخەسارێکو لە هەر خەرمانە گوڵێک، چۆنە ئاگاداری زانستی مرۆڤ‌خواردن نیم؟ تەلەفزیۆنەکە، چەند جارێک ڕستەکەی دانایەوەو هەمووجارێک دووسێ کەڕەت دەم‌خوێندەوە. چاوەکانم هەڵدەگلۆفینو کەناڵەکەم دەگۆڕی‌و دەم‌هێنایەوە.

نا، هەر بەڕاست ئەم کابرایە پسپۆڕی زانستی مرۆڤ‌خواردنە! وەک نووسەری ڕۆمانو چیرۆکو دەرهێنەری فیلمی سینەمایی‌و شتی وا، دەیان فلاشبەکم بەنێو مێشکم دا لێ‌داو ئەوەی بیستبوومو دیتبوومو خوێندبوومەوە، لەنێو ئەم مێشکە لیچقەی خۆم‌دا وەردم دانەوەو سەنگو سوژنم کردن، هەر تووشی زانستی مرۆڤ‌خواردن نەهاتم.

ئاخری گەیشتمە ئەم ئەنجامە کە تەلەفۆنێک بۆ کەناڵەکە بکەمو داوایان لێ‌بکەم ژمارە تەلەفۆنی ئەم پسپۆڕەم بدەنێ، بەڵکوو بتوانم باوەشێکیش لەم زانستە هەڵگرم. وەک زۆربەی هەرە زۆری هاووڵاتیانی بەڕێزم لە هەربوارێک‌دا ببم بە شارەزاو سبەودوویەکی ئەگەر خوا کردی هەڵسووڕێنەرانی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی، ڕۆژنامەیەک، ڕادیۆیەک یان گۆڤارێک ویستیان میوانداریم لێ‌بکەن، دەرفەتی ئەوەیان هەبێ لە سەر شاشە یان لە ژێر وێنەکەم‌دا بنووسن «شارەزا لە هەرچییەک پێمان خۆش بێ».

لە کۆتایی‌دا ترسم ڕێ‌نیشت، نەکا ئەمن پەیوەندی بەم شارەزایەی زانستی مرۆڤ‌خواردنە بکەمو ئەویش بەوپەڕی شارەزایی‌یەوە پلانی خواردنم داڕێژێ. بۆ ئەوەی زیاتر لە خۆم ترسو دڵەڕاوکێی بەخواردن‌چۆن دوور بکەومەوە، لەم بیرانە ڕاچووم کە رەنگە ئەم زانستە بۆ چاوەدێری‌کردنی دۆخی زیادبوونی دانیشتووانی ئەو وڵاتانە باش بێ کە پێیان خۆش نیە دانیشتووانیان زیاد بکەن. خۆ دەش‌کرێ لە شەڕ و تێکهەڵچوونەکان‌داو لە پرۆسەی ئێعدام‌کردنی چالاکانی سیاسی‌و نەیارانی دەستەڵاتە دیکتاتۆرەکانیش‌دا کەڵک لە زانستی خواردنی مرۆڤ وەربگیرێ.

دەڵێن لەم جیهانەدا هیچ شتێک بە دڵی مرۆڤ نابێ، بەڵام ئەگەر ڕاستیتان دەوێ، پیم‌خۆش بوو ژێرنووسی تەلەفزیۆنەکە ئاوا بوایە: «پسپۆڕی زانستی خۆراکی مرۆڤ». جا ئەوکات دەگەڕامەوە سەر بابەتی خواردنەکەو دەم‌زانی سەبارەت بە تەندروستی‌و لەش‌ساغیی خۆم پرسیاری چۆنی لێ‌بکەم.



من ناوم خەونە
خەڵکی وڵاتی ئەفسوونم
باوکم شاخەو
دایکم تەمە
من لە ساڵێکی مانگ کوژراوو، لە مانگێکی هەفتە کوژراوو
لە ڕۆژێکی سەعات کوژراودا
دوای شەوێکی پشت کۆماوەی هەوراز بەکۆڵ
بەرەبەیانێکی زامدار
لە شەفەقێکی کەسکەوە
وەک گزنگێکی خوێناوی کەوتمە خواری‌و
داگیرسامو بووم بە مومێک
گڕ بە ملو
بووم بە پرسێک
دەم بە هاوار...
من کێڵگەی گەنمو جۆی شێعر بووم
دایکیشم بارانی پەڵەدان
من بەردی ناو لانکەی شاخێ بووم
دایکیشم نیشتمان
من کرمی ئاوریشمی قوزاخەی بەهرە بووم
دایکیشم دەرەختی برکو ژان
من جەستەی مەلێکی سپی بووم
دایکیشم ئاسمانی وەک قەتران
من خەو بوومو دایکم سەرم
من کەروێشکو ئەو نزار بوو
من جۆلانەو ئەو لقی دار
من هەناسەو دایکم سنگ بوو
ئەو قەفەزو من کەوەکەی
من چیرۆک و ئەو شەوەکەی.

شاهۆ لە تیکاب

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

NO: 606 20 apr 2013

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11642
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Kdp:Tashkilat.kdp92@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


بەر لە ماڵاوایی

# کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی هەڵکشان بەرەو لووتکە(*)



قادر وریا

٢٢ی ئاوریلی هەر ساڵێک دەکەوینەوە یادی دەسپێکی وەڕێکەوتنی کاروانێک. کاروانێک کە نوێنگەی ڕوانینو بیرکردنەوەی پێشەنگانی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیەکە. نەتەوەیەک کە ئەگەر چی تا ئێستاش لە بندەستیو وڵات دابەشکراوی ڕزگاری نەبووە، بەڵام خەباتەکەی نەک هەرنەوەستاوە، بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژ هەنگاوی گەورەتری ناوە. خەباتێک کە بە وەڕێکەوتنی کاروانی ٢٢ی ئاوریل، ڕەهەندێکی دیکەی خستە سەر ڕەهەندەکانی خۆی، ڕەهەندی فکریو فەرهەنگیو زانستخوازی.

١١٥ساڵ لەمەوبەر ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە سەر دەستی میقداد میدحەت بەدرخان لە ئاوارەییو دوورەوڵاتی‌دا لە دایک بوو. دواتر عەبدوڕڕەحمانی برای، ڕێچکەی ئەوی گرتو نەیهێشت ئاورگی «کردستان»ی دایک لە گڕو کڵپە بکەوێ.

خانەدانی بەدرخانی‌یان، لە زۆر بواردا جێ‌پەنجەیان بە مێژووی نەتەوەکەیانەوە دیارە. لە میرایەتیو میرنشینیو ئەندێشەی بنیاتنانی دەوڵەتی کوردیو پێکەوەنانی »ئەسبابی شەڕ»ی پارێزگاری لەکوردستان‌ڕا بگرە تا دەگاتە مشوورخواردن لە ئەلفوبێی کوردیو وەڕێ‌خستنی قوتابخانەو خوێندنو ڕۆژنامەنووسی بە زمانی نەتەوەکەیان. بەڵام درۆ نیە ئەگەر بگوترێ چڵەپۆپەی خزمەتەکانی ئەوان، هەر ئەو کاروانەیە کە لە ٢٢ی ئاوریلی ١٨٩٨دا وەڕێ‌یان خست. چونکە هاوار لە دەست بندەستیو بانگەوازی یەکگرتنو بانگی ڕابوونو خەبات بۆ ڕزگاری‌یان بە زمانی کوردیو لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە، وڵاتبەوڵاتو شاربەشار بڵاو کردەوە. ئەوان دەبوو بە دەوڵەتانو نەتەوەکانی دیکە بە تایبەتی ئەوانەی خاکو نەتەوەی کوردیان لە بندەستی خۆیان‌دا ڕاگرتبوو، بسەلمێنن کە کوردیش خاوەن زمانو مێژوو و شارستانیەتەو ئەگەر لە پێش ئەوان نەبێ، لە دوای ئەوان نیە، بەڵام چ بکەن کە بندەستنو بێدەرەتان؟! لەمەش زیاتر، ڕێگایەکیان خستە بەر دەم ڕووناکبیرو سیاسی و ئازادیخوازی کورد کە پێی‌دا بڕۆنو هەرگیز لێی لانەدەن.

١١٥ساڵ بە سەر دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی‌دا ڕادەبرێ. لە ماوەی ئەو ١١٥ ساڵەدا، ڕۆژنامەنووسیی کوردیو خەباتی نەتەوەی کورد قۆناغی جۆراوجۆریان بڕیوە. ئێستا میدیاکارانی کوردیش، هەرنەبێ کەمێک لەو ئیمکاناتو کەرەستانەیان هەیە کە میدیاکارانی جیهانی پێشکەوتوو هەیانە. ئێستا لە کوردستانیش وەک زۆر شوێنی جیهان، ڕۆژنامەی کاغەزی، جێی پێ لەق بووەو کاناڵی تەلەڤیزیۆنیو میدیای ئەلێکترۆنیو تۆڕە کۆمەلایەتی‌یەکان، مەیدانداری ڕیزی پێشەوەن. ئێستا قەڵەمبەدەستانو ڕۆژنامەڤانانی کوردیش، بە هۆی پێشکەوتنی ئامرازەکانی پێوەندیو گرێدرانەوەی کوردستانەکەیان بە جیهانو دروستبوونی هەلو دەرفەتی دەنگبەدنیاگەیاندن، دڕیان بە شەوەزەنگی دیکتاتۆریو ملهوڕی داوە. هەر چەند چوونەبەندیخانەو ئازارو‌ئەشکەنجەدران لەسەر بەکوردی‌نووسینو داواکردنی ڕزگاریی نەتەوەییو ژیانێکی مرۆڤی ئەم سەردەمە لە زۆربەی کوردستان هەر وا درێژەی هەیە، بەڵام کاروانی ڕۆژنامەنووسیمان، هەر بەردەوامەو سەربەرزانە دەچێتە پێش. هەر وا هەڵگری ئەو پەیامانەیە کە لە کۆتایی‌یەکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە، خستوونیە ڕوو. بەڵێ ڕۆژنامەنووسیی کوردی هەر لە سەرەتاوە داواکاری نەمانی نەزانیو نەخوێندەواری بووە، خوازیاری زانستو پێشکەوتن بووە، برایەتیی نێوان میللەتانی ویستوە، لەگەڵ ئاشتیو تەبایی‌دا بووە، یەکبوونەوەی کوردستانو دەستوێکدانی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردی داوا کردوە.

پەیامو گوتاری ڕۆژنامەنووسیی کوردی، پەیامو گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بووەو تا هاتوە دەوڵەمەندتر بووە، بە جۆرێک کە داوای چینو توێژە پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵو بزووتنەوە جۆراوجۆرەکانی کوردستانی ئاوێتەی خۆی کردوە. هەر لەو کاتەش‌دا لە مودێرنیزمو پێشکەوتنی جیهانی، لە بزووتنەوە جیهانی‌یەکانی دیمۆکراسیخوازی، مرۆڤدۆستیو داکۆکی لە مافی مرۆڤ، تەباییو پێکەوەژیانی بە ئاشتیی گەلان، یەکسانیی ژنو پیاوو هتد، کاریگەریی وەرگرتوە. کاروانی ڕۆژنامەنووسیی ئێستامان، لە گەڵ ئەوەش کە نەتەوەی کورد هەروا لە قۆناغی خەبات بۆ ڕزگاری لە بندەستی‌دا ماوەتەوە، لە هەوڵی وەڵامدانەوە بە فرە چەشنیو فرەڕەنگیی کۆمەڵگەو بەردەنگی خۆی‌دایە. ئەم کاروانە لە ناتەواوی، لاوازیو کەموکوڕی بەدوورو بێبەری نیە، بە تایبەتی کە لە هەلومەرجو بارودۆخی ژیانو خەباتی نەتەوەیەکی بندەستو زۆرلێکراوو بەشکراوو وڵاتداگیرکراو دا، لە دایک بووە ، پێی هەڵگرتووە هەناسەی داوە. بەڵام بە هەموو لاوازی‌یەکانیەوە، میدیاو ڕۆژنامەنووسیی ئەمڕۆی کورد لە هەڵکشان بەرەو لووتکەدایە.

ئەم کاروانە، توانیویەتیو دەتوانێ زمانو ڕوخسارو نوێنەری نەتەوەهو خەڵکێک بێ کە بەرەوپێش دەچن، نەتەوەو خەڵکێک کە بە ئاگاییو لێبڕاوی‌یەوە بڕیاری خەبات بۆ ڕزگاریو گەیشتنەوە بە نەتەوەکانی دیکەیان داوە. با شانازی بەم کاروانە، دامەزرێنەرەکەی، پێشەنگانو سوارچاکانیەوە بکەینو لە هەموو ئاستێک‌دا پشتیوانی بین، داکۆکی لە ئازادبوونی میدیاو میدیاکارانمان بکەین، لە بەرامبەر شاڵاوی نێوخۆییو دەرەکیی زنجیرکردنو تیرۆر و گەڕاندنەوە بۆ دواوەدا، بیان‌پارێزین. با ئەزموونو خەرمانی دەوڵەمەندی ڕۆژنامەنووسیمان،و سەرمایەکانی بواری میدیامان، وەک گلێنەی چاوی خۆمان بپارێزین، چونکە تەنیا لەم حاڵەتەدایە کە دەتوانین زیندوویی کۆمەڵو نەتەوەی خۆمان دەستەبەر بکەینو لە بەرەوپێشچوونیان دڵنیا بین.

---

(*) «هەڵکشان بەرەو لوتکە» ناوی ڕۆمانێکی کوردی‌یەو دەستەواژەیەکە پێشتر بە کار هاتوە، ئەمن وەرمگرتووەو لێرە دا بە کارم هێناوە. (نووسەر)

رۆمانی کچانی کابول:

## ئەوانەی مزگێنیی بەهەشتمان پێ‌دەدەن، بەخۆیانی ڕەوا دەبینن جیهانمان لێ‌بکەنە دۆزەخ!




ئەم ڕۆمانە لە نووسینی دیبورا ئێلیس، وەرگێڕان لە فارسی‌یەوە ڕەسووڵ سوڵتانی ڕۆمانێکی تەواو جیاوازەو باسی نوێترین ڕووداوی سیاسیو مێژوویی سەردەمی خۆمانە ئەویش بەدەسەڵات گەیشتنی تالیبانە لە ئەفغانستان. ئەو تالیبانەی بەڵێنی بە خەڵک دابوو ئەفغانستانیان بۆ بکاتە بەهەشت کەچی لێی کردنە دۆزەخێک کەسی تێدا نەژی. ئەو ڕۆمانە ناوی (کیژانی کابول)ە. سێ ڕۆمانی زنجیرەیی‌یە لە یەک بەرگداو هەر سێکیشیان پەیوەندی‌یان بە یەکترەوە هەیە. سێ ڕۆمانەکەی کیژانی کابول ئاوێنەی ژیانی وڵاتێکە کە بە دەسەڵاتێکی ئایینی ئایدۆلۆژیکی بەڕێوە دەچوو. وڵاتێک کە دەسەڵاتە تازە پێگەیشتووەکەی نەی‌دەهێشت ژنان مامۆستایەتیو پزیشکی بکەن، ئیزنی نەدەدا ژنان بەبێ مێرد یان براکەیان لە ماڵەوە بچنە دەرێ. لە کۆمەڵگایەکی وەهادا ئەی ئەو بنەماڵانەی پیاویان نەمابوو دەبوو چ بکەن؟ لەو ڕۆمانەدا ئەو جۆرە بنەماڵانەی پیاویان نەماوە کچەکانیان ناچارن قژیان دەتاشنو جلوبەرگی کوڕانە لەبەر دەکەنو خۆیان دەکەنە کوڕو دەچن لە دەرەوە کار دەکەن. ئەو کچانەی بەردەوام ترسو خورپەی ئەوەیان لە دڵدایە نەکا ئاشکرا بن کە کچنو کوڕ نینو بکەونە بەر هەڕەشەی سەربازەکانی تالیبان. نووسەر خۆی چووەتە نێو کەمپی ئەفغانی‌یە ئاوارەکان لە پاکستانو ماوەیەکی زۆر لە نێویان‌دا بووەو لەگەڵ خەمو ئازارو مەینەتی‌یەکانیان‌دا ژیاوە. ئەوەی بەچاوی خۆی دیتوویەتیو ئەنجامی لێکۆڵینەوە مەیدانی‌یەکانی خۆی، دواتر کردووەتە ڕۆمان. ئەم ڕۆمانە بە زمانێکی شیرینو سادەو هەرلەوکاتەدا قووڵو پڕ نێوەڕۆک نووسراوەو نیشاندەری سەردەمێکی تاریکی مێژووی ئەو وڵاتەیە کە بەڵێنیان دابوو ئەگەر بەدەست خۆیانەوە بێ بیکەنە بەهەشت، کەچی دۆزەخێکی سامناکیان لێ دروست کردبوو. دوای هاتنەوەی تالیبان ژیان لە ئەفغانستان‌دا نەک هەر بۆ ژنان بگرە بۆ پیاوانیش دەبێتە ژیانێکی جەهەننەمی. ژنان لە ئیدارەو شوێنە حکوومەتی‌یەکان دەردەکرێنو ئیزنی چوونەبازاڕو دەرەوەی ماڵیان پێ‌نادرێو لە گۆشەی ماڵەکانیان‌دا قەتیسیان دەکەن. ئەم ڕۆمانە بە تیشکخستنە سەر ژیانی ئەو کەسانەی پیاویان لە ماڵەوەدا نەماوە جگە لە ژنو ژنیش کە ئیزنی چوونەدەرەوەی نەبووە، جیهانی سامناکی ژیانی ژنان لە ئەفغانستانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

ئەو کتێبە پێمان دەڵێ، ئەوانەی مزگێنیی بەهەشتمان پێ‌دەدەن، بەخۆیانی ڕەوا دەبینن جیهانمان لێ‌بکەنە دۆزەخ. ئەوان هەر کەس لە ڕەنگی خۆیان نەبێ، لەو دۆزەخەدا سزای دەدەنو بەر لەوەی سزای قیامەتو ڕۆژی پەسڵان بی‌گرێتەوە، ئەوان لێرە بە نوێنەرایەتیی خودا سزاکەی بۆ دیاری دەکەن..

## بەڕێوەچوونی کۆڕبەندی ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سلێمانی




لقی سلێمانیی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کۆڕبەندێکی بۆ دیدار و گفتگۆی ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نێشتەجێ لە هەریمی کوردستان پێک هێنا.

لە سەرەتای ئەم دانیشتنە کە ڕۆژی سێ شەممە، ٢٧ ی خاکەلێوە لە هوڵی هۆتیل ئەرینو بەبەشداریی کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووسی ڕۆژهەڵاتو باشووری کوردستانو یەک لەوان ئەندامێکی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوە چوو، خالێد محەممەدزادە، مێژووی ڕوژنامەگەری کوردی بە گشتیو بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵات بە تێروتەسەلی خستەبەرباس و قوناخە هەرەگرینگەکانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی بە سەر قوناخەکانی دەسپێک، قوناخی کۆماری کوردستان، قوناخی شورشی ئیسلامی ئێران، قوناخی ریفۆرم وقوناخی ئەم دواییانەی کە هاوکاتە لەگەل دەسەڵاتدارەتیی ئەحمەدی نیژاد دابەش کردو قۆناخی دوای هاتنەسەرکاری ئەحمەدی نژادی، بە هۆی داخستنی دەیان ڕۆژنامە لە ئێرانو لە کوردستان و هەروەها دەسبەسەرکرانی سەدان ورۆژنامەنووسو چالاکی مەدەنی بە قوناخی گۆرستان ناوبرد.

بەشی دووهەمی ئەم دانیشتنە تەرخان کرابوو بۆ بە باس کردنی کێشەکانی ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژهەڵاتی کە لە هەریمی کوردستان دا نیشتەجێن.

لەو بەشەدا سەرەتا چەند ڕۆژنامەنووسێکی ڕۆژهەڵاتی گلەییو داواو کێشە وگرفتی خۆیان، وەک بایەخنەدانی میدیای باشوور بە ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران، فەرقو جیاوازینانەوە لەگەڵ میدیاکارانی ڕۆژهەڵات، گرفتی هەلی کارو ئیقامەو پێداویستیی ڕۆژانەیان هێنایە بەرباسو لە کۆتایی‌دا کاروان ئەنوەر، بەرپرسی سەندیکای ڕوژنامەنووسانی کوردستان، لقی سلێمانی بەڵێنی دا کە بە پێی یاسای حکوومەتی هەریمو توانای سەندیکاکەیان، بۆ چارەسەری ئەم کێش وگرفتانە هەوڵد ەدەن.

## پیشاندرانی فیلمی شەقامی دوکتور قاسملوو لە سەنتەری گەنجانی کۆیە



ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ٢٨ ی خاکەلێوە بە بەشداریی ژمارەیەک میوانو لە نێویان‌دا شاندێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتو ژمارەیەک لە بەرپرسانی شاری کۆیە فیلمی «شەقامی دکتۆر قاسملوو « بۆ یەکەمجار پێشان درا.

ڕێوڕەسمی پیشاندرانی ئەو فیلمە بە دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێ‌کرد، پاشان فەتحی میرزاییان، دەرهێنەری ئەم فیلمە لەبارەی قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی ئەو فیلمە بۆ بەشداربووان دواو، سوپاسی ئەو کەسو لایەنانەی کرد کە لەم پێناوەدا هاوکاری‌یان کردوە .

لەو فیلمەدا ، هاوار کە کوڕێکی گەنجە، لە گەڵ هاوڕێکانیو بەدوور لە هەر چەشنە توندوتیژی‌یەک دژ بە دیکتاتۆڕیی حاکم بەسەر خاکو خەڵکی کوردی بندەست لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان واتە ئێرانو لە شاری سنە دەست بە خەباتو چالاکی مەدەنی دەکەن.

ئەو پۆلەلاوە شەوێک وەبەر چاوی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی دەکەونو لە ڕاکردن‌دا کچێک بە ناوی هێرۆ ئەبێ بە فریشتەی نەجاتی هاوارو دەی‌شارێتەوەو بەوە دەربازی دەبێ. ئەمەش دەبێتە دەستپێکێک بۆ دروستبوونی عیشقێکی بە گڕوتین لە نێوان هێرۆو هاواردا . شایانی باسە کە دوای پیشاندرانی فیلمەکە دەستەگوڵی ڕێزلێنانی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن حەلیمە ڕەسووڵی، سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە پێشکەش بە فەتحی میرزاییان، دەرهێنەری ئەو فیلمە کرا.



کوردستانو تاراوگە: هاوئاهەنگ لە حەرەکەتێکی مەدەنی‌دا

نارەزایی دەربرینی لایەنگرانی مافەکانی مرۆڤ لە دژی سووکایەتی کردن بە ژنان لە مەریوان، لە لایەن کاردبەستانی کۆماری ئیسلامییەوە